٧ رۆژنامە

www.rozhname.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 506 سێشەممە 7/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.506 Tue 7/ 7/ 2009

مەریوان وریا قانیع:

...چۆن گۆڕان تیوریزە بکەین؟

ل ٧، ٨و ٩

د. هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد

سەردەمی بنەماڵە نەماوە

ل ٤و ٥

راپرسی لەسەر دەستوور دواخرا

هیوا جەمال

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان راپرسی لەسەر رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ ٢٠٠٩/٨/١١ دواخست، ئەگەرچی پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان لەگەڵ ئەو دواخستنەدا نەبووە.

دوای ئەوەی لە رۆژی ٢٤ی حوزەیرانی رابردوودا پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستان رەشنوسی دەستووری پەسەندکرد بەمەبەستی ئەوەی رۆژی ٢٥ی ئەم مانگە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمدا راپرسی لەسەر بکرێت، دوێنی کۆمسیۆنی باڵا لەبەیاننامەیەکدا دواکەوتنی راپرسی لەسەر رەشنووسی دەستووری راگەیاندو جەختیشی لەسەرئەوە کردەوە کە هەڵبژاردنەکان لە وادەی خۆیاندا ئەنجامدەدرێن.

ئەو بڕیارەی کۆمسیۆن لەکاتێکدایە بەرپرسانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەچەند بۆنەیەکی جیاجیادا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە راپرسی لەسەر دەستوور لەگەڵ هەردوو هەڵبژاردنەکەدا ئەنجام دەدرێت.

بەپێی بەیاننامەکەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە وێنەیەکی بەرۆژنامە گەیشتووە «دوای ئەوەی داوایان لێکراوەو هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوور لە ٧/٢٥دا، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو کاتە هەڵبژێرن بۆ راپرسییەکە بۆیە بڕیاریانداوە راپرسی لەسەر دەستوور بخرێتە رۆژی ٨/١١ی ئەمساڵ».

لەبەیاننامەکەدا هاتووە «ئەگەر راپرسی لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمدا ئەنجامبدرایە ئەوە کاری لە راستێتیو پاکێتی رێوشوێنەکانی کۆمسیۆن دەکرد، هەرچەندە پەرلەمان لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە راپرسییەکە دوابخرێت».

هەر لەوچوارچێوەیەدا نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان پێشتر رایگەیاندبوو: «ئەو دەستوورەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە تێپەڕێندراوە دەستوورێکی پوچەڵەو پەنا دەبەینە بەر دادگای فیدراڵی بۆ تانەگرتن لە شەرعییەتی ئەو دەستوورە».

٤ ئۆتۆمبێلی حکومیی خەڵک بۆ کۆمیتە دەگوازنەوە

دوێنی چوار ئۆتۆمبێل، دوو پاس بە ژمارەکانی ٢٩٨ خوێندنی باڵاو ٢٨٢ و.تەندروستی، دوو پیکابی دەبڵ بەژمارەکانی ٤١٦ و. تەندروستیو ٢٨٠ خوێندنی باڵا، خەڵکیان بۆ کۆمیتەی ١٤ی یەکێتی گواستەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بەپێی رێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەکارهێنانی موڵکی حکومەت بۆ لیستەکان قەدەغەیە.

زۆربەی بەرپرسە حیزبیو حکومییەکانی قەڵادزێ دەستیان لەکارکێشایەوە

شکار موعتەسەم

دوێنێ هەریەک لە جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی پشدەرو چەند کارگێڕێکو لێپرسراوی کۆمیتەکانی رێکخستنی یەکێتی لەقەڵادزێو هێرۆو چەندین ئەندامو کادیرانی کۆمیتەکانی سنوورەکەو دوو ئەندامی ناوچەی پارتی دەستیان لەکار کێشایەوە، لەگەڵ ئەو بەرپرسە حیزبیانەش چەند بەرپرسێکی حکومیی لەوانە بەرێوەبەری پۆلیسی بەرگریو فریاکەوتنی پشدەر، جێگری بەرێوەبەری ئاسایشی راپەڕین، ئامر لیوای پشدەر، بەرێوەبەری پۆلیسی پشدەرو لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی شارەوانیی قەڵادزێ کە پێشتر لە کارەکانیان دوورخرابوونەوە دەستیان لەکار کێشایەوەو پشتیوانیی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان دەربڕی.

رەحیم حاجی خدر، ناسراو بە (رەحیم باوەزێیی) بەرێوەبەری پۆلیسی بەرگری فریاکەوتنی پشدەرو لێپرسراوی نووسینگەی پێشمەرگە دێرینەکان بەرۆژنامەی وت: «دوای ئەوەی چەند جارێک لەلایەن بەرێوەبەرێتییەکەمانەوە ئاگادارکرامەوە کە خۆم یەکلایی بکەمەوە لەوەی لایەنگری لیستی کوردستانیم یان گۆڕان، دواتر ئەوەم پێڕاگەیاندن هەرچەند لە ئەرکو واجباتی سەربازیم هیچ کەموکوڕییەکم نەبووە، بەڵام هەر زوو روون بوو لایان کە من لایەنگری گۆڕانم، دواتر بە بڕیارێکی سکرتاریەتی یەکێتی لە (٥/١٧) ئاگادارکرامەوە، کە بچمەوە ماڵەوە». ئەوەشی راگەیاند: ئێستا بەڵێن بۆ جەماوەری کوردستان دووپات دەکەینەوە، وەک چۆن راپەڕین دەستپێکی لە ناوچەی ئێمەوە بووە، ئێستاش هەوڵدەدەین گۆڕانیش لە ناوچەکەی ئێمە سەرمەشق بێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەحمەد محەمەد کارگێری رێکخستنی مەڵبەندی (٢٤)ی پشدەر بۆ رۆژنامەی رووناکردەوە، دوای ئەوەی دەنگۆی هەڵبژاردن هاتە پێشەوەو قەوارە سیاسییەکان دروست بوون، لیستی گۆڕانیش یەکێک بوو لەو لیستانەی هاتەکایەوە، بڕیارمدا دەست لەکار بکێشمەوەو بەهەموو هێزو توانای خۆم پشتیوانی لە لیستی گۆڕان بکەم، چونکە ئەو حکومەتەی پێشتر هەمانبووە، لە ماوەی (١٨) ساڵدا نەیتوانیوە لە ئاست خواستو ویستی جەماوەردا بێت.

عەلی حەمەد ئەندامی لیژنەی ناوچەی قەڵادزەیی پارتیش سەربارەت بە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی وتی: بڕوام بە لیستی گۆڕان هەیەو پێموایە ئەم سیستمەی هەیە پێویستی بە گۆڕان هەیە، ئەو گۆڕانەش بە لیستی گۆڕان دەکرێت.

بەرپرسانی هەرێم میللەت چەواشە دەکەن

پشتیوان سەعدوڵڵا

دوای ئەوەی کە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەوەی خستەڕوو کە پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردستان بخرێتە ڕاپرسییەوە زیاتر لە ساڵێکە بڵاوکراوەتەوەو هاوڵاتیان بینیویانە، ڕۆشنبیرانو چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، نەک هاوڵاتیان بەڵکو زۆرێک لە ئەندامانی پەرلەمانیش پرۆژەکەیان نەبینیوە.

ڕۆژی (٦/٢٢) پـەرلـەمـانـی (ماوەبەسەرچوو)ی کوردستان هەموارى یەکەمی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی پەسەندکردو بەپێی ئەو هەموارەش بڕیاربوو ڕۆژی (٧/٢٥) هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هـەرێـم، پـرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان بخرێتە ڕاپرسییەوەو دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام کۆمسیۆن وادەکـەی دواخـست. دواتـریـش ڕۆژی (٧/٢٤) بەدەنگی (٩٦) پەرلەمانتارو یەک دەنگی دژ، پەرلەمان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی بە چەپڵەڕێزان پەسەندکردو لـەو ڕۆژەوە پرۆژەکە بڵاوکرایەوە، بە بێئەوەی ئەندامانی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستوورو ئەندامانی پەرلەمان دەستوورەکەیان بینیبێت.

هەفتەی ڕابـردوو سەرۆکی هەرێم لـە دانیشتنێکیدا لـەگـەڵ بەرپرسانی وەزارەتـی کشتوکاڵ، هێرشی کردە سەر ئـەو کەسولایەنانەی کـە دەسـتـووری هەرێم ڕەتدەکەنەوەو باسی لەوەکرد، کە زیاتر لە ساڵێکە پـرۆژەی دەستوورەکە بڵاوکراوەتەوەو خەڵک بینیویەتی، جگە لەوەش د.بەرهەم ساڵح، ئەوەی ڕاگەیاند: چەند مانگێک پێش ئێستا دەستوور بڵاوکراوەتەوە.

مەسعود بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا وتی: «ساڵی (٢٠٠٦) پێنج هەزار کوڕاس لە دەستوور چاپکراو لەسەر لاپـەڕەی هەرەزۆری ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوکرایەوە، جێی سەرسوڕمانە بۆ من کە دەڵێن کەس دەسـتـووری نەبینیوە، زۆرناخۆشە ڕاستی بشێونن، با ڕاستییەکان نەشێوینن، خەڵک بینیویەتی، ئـەوەی ویستبێتی بینیویەتی، ئەمەی ئێمە دەیکەین دیکتاتۆرییەت نییە، دیکتاتۆرییەت ئەوەیە کە چەند کەسێک دژی ئیرادەی میللەت بووەستن، دژی بڕیاری پەرلەمانێکی شەرعیی بووەستن، من پێموایە ئەمە کارێکی ڕاست نییە».

ئـەم قسانەی بـارزانـی بـووە هۆی دروسـتـبـوونـی نیگەرانی لای چینو توێژەکانی کـوردسـتـان، چونکە ئەو پـرۆژە دەسـتـوورە، مـاوەی (١٣) ڕۆژە لە ڕاگەیاندنەکاندا بڵاوکراوەتەوە، نەک ئەوەی کە بە وتەی کاربەدەستانی هەرێم ڕەشنووسی دەستوور ماوەی ساڵێکە لە سایتی پەرلەمان بڵاوکراوەتەوەو خەڵک خوێندوویەتییەوە.

نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان، لەوبارەیەوە دەڵێت: «وا ئیدعادەکەن، کە دوو ساڵ لەمەوپێش خستوویانەتە بەردەم خەڵک، من تەحەدای ئەوانە دەکەم، بەشێکی زۆری ئەندامەکانی پەرلەمان دەسـتـوورەکـەیـان نەخوێندووەتەوەو نەخراوەتەبەردەمی‌گفتوگۆو موناقەشەیەکی جدی تەلەفزیۆنو ڕادیۆو ڕاگەیاندنەکان، تەنانەت لە پەرلەمانەکەی خۆیشیاندا بێجگە لەو لیژنە دەستوورییەی کە دایانناوەو ئەو لیژنەیەش کە گوێڕایەڵی سەرکردایەتی سیاسی حیزبەکانە، کەس نەیبینیوە».

هاوکات ڕێبین هـەردی، نووسەرو ڕووناکبیر، لە وتارێکیدا کە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە بڵاوکراوەتەوە، ڕایگەیاند: «مرۆڤ کە ئەم وتانەی سەرۆکی هەرێمی گوێ لێدەبێت، شەرم دەکات لە وڵاتێکدا دەژی کەسێک لەم ئاستە گەورەی بەرپرسارێتیدا ئا بەم ڕادەیە ڕاستییەکان چەواشە بکات، چونکە ڕێـک پێچەوانەی ئـەم قسانەی سەرۆک ڕاستە، سەرۆکی هەرێم وتی: «ئەم ڕەشنووسە ساڵ زیاترە بڵاوکراوەتەوە، ئەم لێدوانە تەنیا دوو ئەگەرمان دەخاتە بەردەم، یان سەرۆکی هەرێمیش ئەو دەستوورەی نەبینیوە، یان دەیەوێت چەواشەمان بکات، ئەگەری یەکەم ئەوەیە دیـارە تەنانەت سەرۆک خۆشی ئەم دەستوورەی نەبینیوە، کە بڕیارە بخرێتە ڕاپرسییەوە، چونکە ئەو ڕەشنووسە کە سەرۆک وادەزانێت ساڵێکە بـڵاوکـراوەتـەوە، ئـەوە نییە کە ئێستاو بەم خێراییە هەڵپڕوزکێنراوە، یان سەرۆک بینیویەتیو دەیەوێت چەواشەمان بکات، ئەگەر ئەگەری یەکەم ڕاست بێت، ئەوە کارەساتە، سەرکردەیەک خۆی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژاردووە گرنگترین بەڵگەنامە نەبینێتو نەیخوێندبێتەوە، کەچی داوا لە خەڵک بکات دەنگی بۆبدەن، ئەگەر ئەگەری دووەمیش بێت، ئەوا کارەساتەکە گەورەترە بۆ کەسێک دەیەوێت (٤) ساڵی دیکە سەرۆکی هەرێم بێت، من لە سەرۆکی هەرێم دەپرسم، لە چ حکومەتو وڵاتێکو چ هەرێمێکی دنیادا هەیە ڕەشنووسێک بۆ بینینی خەڵک بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بۆ ڕاپرسی تێکستێکی دیکەی جیاواز بخرێتە ڕاپرسییەوە؟ ئەمە چ فێڵێکە لە خەڵکی کوردستانی دەکەن، خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن، یان ئێمە؟».

پەرلەمانی کوردستان کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٤)وە هیچ شەرعییەتێکی یاسایی نەماوەو هەرچەند ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران داوایانکرد، کە لەم ماوەیەدا هیچ یاسایەک دەرنەکات، بەڵام بێگوێدانە داواکارییەکانو بەشێوەیەکی موئامەرەی حیزبیو بێئەوەی لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەربکرێت، پـرۆژەی دەسـتـووری هەرێمی پەسەندکردو جگەلەوەش بڕیاریدا لە (٧/٢٥)دا ڕاپرسی لەسەربکرێت، ئەوەش نارەزاییەکی زۆری لە شەقامی کوردیدا دروستکردو بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ئـەو دەسـتـوورە لـەمـاوەی دووهەفتەی ڕابـردوودا دەیـان بەیاننامەی نارەزایی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو نووسەرو ڕۆشنبیرو گەنجانو چینو توێژەکانی کوردستانەوە دژی ئەو هەنگاوە بڵاوکراوەتەوە.

سەرۆکی لیستی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت: ئەم پەرلەمانە تەمەنی بەسەرچووەو لە ڕاستیدا ئەم پەرلەمانە فێڵمان لێدەکات، چونکە وەختی خۆی ئەم پەرلەمانەمان بۆ چوارساڵ هەڵبژارد، ئێستاش تەمەنی تەواوبووە، دەیانتوانی دووساڵ پێش ئێستا ئەم دەستوورە بهێننە پێشەوەو موناقەشەی لەسەربکەن، دەیانتوانی دوو ساڵ پێش ئێستا قانوونی هەڵبژاردن باسبکەن، بەڵام ئەمانە بە «ئوسلوبی موئامەرە» هەموو شتەکانیان دواخست بۆ ئێستا، بۆئەوەی خەڵک بکەوێتە ژێر زەختی وەختەوەو لەژێر زەختی وەختدا قەراربدات، بۆیە دەبێت میللەتەکەمان ئەم دەستوورە ڕەفزبکات، دڵنیانین پەرلەمانی داهاتوو زۆرایەتی مسۆگەری ئەوتۆ بەدەستبهێنن، چییان بووێت بیکەن، دەیانەوێت لەم ماوە کورتەدا ئەو دەستوورە بەسەر میللەتەکەماندا بسەپێنن، میللەتەکەی ئێمەش نابێت ئەوە قبوڵ بکات.

بە ڕای ڕێبین هەردی «موئامەرەکەی» پەرلەمانی کوردستان بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە «ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری حیزبن، نـەک میللەت»و دەڵـێـت ئـەوەی جێگای گـومـانو دڵـەڕاوکـێـیـە ئـەوەیـە بۆچی بەدرێژایی چوارساڵ لە دەسەڵاتی شەرعیی حکومەتی هەرێمو پەرلەمان ئەم دەستوورە بەشێوەی ئاسایی وتوویژی لەسەرنەکراو پاش کۆتاییهاتنی وادەی ڕەسمیی پەرلەمان لە (٦/٤) وا بەپەلەو خێراییو لەسەر شکڵی موئامەرەو موفاجەئە دەتانەوێت بڕیاری لەسەربدەن، ئەوەی جێگای گومانە ئەم پەلەکردنە ناشرینو بێ پاساوەی ئێوەیە بۆ یەکێک لە گرنگترین ئەو بەڵگە یاساییانە، چییە ئەو نهێنییەی وایلێکردوون تەنانەت ڕێگەنەدەن بە ئەندامانی پەرلەمان وتوویژی لەسەربکەن؟ ئاخر سەرۆکی هەرێمی بەڕێز، چۆنو لە چ وڵاتێکدا بینیوتە ڕێگەنەدرێت بەوانەی ئێوە خۆتان پێیاندەڵێن نوێنەری میللەت (کەلای ئێمە تەنیا نوێنەری حیزبن) جگە لە دەنگدان (چ بەڕازیبوون یان نەبوون) بۆیان نەبێت وتوێژی لەسەربکەن؟ ئاخر ئەمە لە چ شوێنێکی دنیادابووە؟ ئەوانەش چ ئـەنـدام پەرلەمانێکن کە ڕازیـدەبـن، بێئەوەی وتوویژی لەسەربکەنو زۆرترین بیربۆچوونی خەڵکی لەسەر کۆبکەنەوە، تەنیا کاریان دەستبەرزکردنەوە یان نەکردنەوە بێت.

داوا لە مامۆستایانی ئایینی دەکرێت بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی بکەن

سامان بەشارەتی

سەید ئەحمەد بەرزنجی، یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کاروباری ئایینی، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی لەگەڵ زیاتر لە (١٠٠) مامۆستای ئایینی پارێزگای سلێمانی کۆبووەتەوەو داوای لێکردوون کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەنو لە وتارەکانیاندا خەڵکی هانبدەن کە دەنـگ بە لیستی کوردستانی بـدەن، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتـی ئەوقاف بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند، «چەندجار داوامانکرد کە مینبەرەکانی مزگەوتو مامۆستایانی ئایینی بە کارنەیەن بۆ بانگەشەکردنی هیچ لیستێک، بەڵام وادیارە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا مامۆستایانی ئایینی کۆکراونەتەوەو داوایان لێکراوە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، بۆ ئـەم مەبەستەش وەزارەتـی ئەوقاف دەستیکردووە بە سزادانی هەندێک لە مامۆستایان».

لە هەفتەی ڕابـردوودا سەید ئەحمەد بەرزنجی، یـاریـدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ کاروباری ئایینی، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی لەگەڵ زیاتر لە (١٠٠) مامۆستای ئایینی کۆبوونەوەی کردووەو داوای لە مامۆستایان کردووە کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەنو لە وتارەکانی هەینیاندا خەڵکی هانبدەن بڕۆن بۆ دەنگدانو دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، هەوەها لە (٧/٤) لە قەزای سۆران، یەکێتی زانایانی کوردستان-لقی سۆران کۆبوونەوەی لەگەڵچەندمەلایەکی‌ئەودەڤەرەکردووەو داوایـان لێکردوون دەنـگ بە لیستی کوردستانی بدەن، ئەم پێشێلکارییانەی لیستی کوردستانی لە کاتێکدایە کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان داوای لە گشت لیستەکانی بەشداربوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کرد، کە کارمەندانی حکومیی‌و دامودەزگاکانی حکومەت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکارنەهێنن، ئەگەر هەرلایەنێک ئەم کارەی کرد دەچێتە پێشێلکاریی یاسای پروپاگەندەی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنەوەو دەبێت ئەو لیستە سزابدرێت.

مامۆستایەکی ئایینی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکەی پێنجشەممەی ڕابردووی هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە زیاتر لە سەد مامۆستای ئایینی دەبووین لەلایەن سەید ئەحمەد بەرزنجی بانگهێشتی هۆڵی ڕۆشنبیریی کراین، کە مام جەلال دێت وتارێکمان پێشکەشدەکات سـەبـارەت بە ڕۆڵـی مامۆستایانی ئایینی لە هەڵبژاردنو بارودۆخی یەکێتی زانایانی کوردستان، بەڵام «بەداخەوە مام جەلال نەهات، سەید ئەحمەد بەرزنجی، وتارێکی پێشکەشکردو داوای لە مامۆستایانی ئایینی کرد کە پاڵپشتی لیستی کوردستانی بکەنو خەڵکیش هانبدەن دەنگ بەو لیستە بدەن».

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتـی ئـەوقـاف بە ڕۆژنامەی‌ڕاگەیاند:«ئاساییەمامۆستایانی ئایینی هەرکات بیانەوێت لە ڕاگەیاندنەکان قسەبکەنو دەربـکـەون، بـەڵام ئەوەی ئائاساییە لەم گەرمەی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەدا کۆبوونەوە بە مامۆستایانی ئایینی بکرێت، لە تەلەفزیۆنەکانیشەوە پیشانبدرێن، لە کاتێکدا ئەو مامۆستایانە هەموویان فەرمانبەری وەزارەتـی ئەوقافن، پیشاندانی ئەم مامۆستا ئایینیانە وا نیشاندەدرێن کە پاڵپشتی لیستێک دەکەن».

مـەریـوان نەقشبەندی ئـامـاژەی بەوەش کرد، ئەو کەسەی کۆبوونەوەی بەو مامۆستا ئایینیانەکردووە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی کەسێکی حیزبیەو یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە بۆ کاروباری ئایینی «بوونی ئەم پۆستە حیزبیەو کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەم مامۆستایانەدا پەیامێکە پیشانی خەڵکی دەدرێـت، کە مامۆستایانی ئایینیش پاڵپشتی لە لیستی کوردستانی دەکەن»، هەروەک وتیشی «بـەڕاسـتـی ئـەمـەش بـووە هۆی نیگەرانی مامۆستایانی ئایینیو وەزارەتـی ئەوقافیش، چونکە ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە بەڕپرسێکی حکومیی بیکردایە لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا هیچ گومانێک لەلایەن خەڵکی دروست نەدەبوو».

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف نیگەرانی خـۆی ڕاگەیاندو وتی: «چەندجار ڕامانگەیاندووە نابێت مامۆستایانو مینبەری مزگەوتەکان بەکاربهێنرێن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام بەداخەوە «هیچ حسابێک بۆ ئەم قسەیەی ئێمە نەکراوە هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەند کۆبوونەوەیەک بە مامۆستایانی ئایینی کراوە لەلایەن لیستی پارتیو یەکێتییەوە بۆئەوەی پاڵپشتی لەو لیستە بکەن، ئەم کارەش پێچەوانەی بڕیارەکانی حکومەتو وەزارەتی ئەوقافە».

باسیشی لەوەکرد، لەو کاتەوەی لەلایەن ئەو لیستەوە کۆبوونەوە بە مامۆستایانی ئایینی کـراوە، ئەوانیش لە وتاری هەینیاندا پاڵپشتی خۆیان بۆ لیستی کوردستانی ئاشکرا کردووەو داواشیان لە خەڵک کردووە کە دەنگ بەو لیستە بدەن.

وتیشی: «وەزیری ئەوقاف لیژنەیەکی دروستکردووە بۆ لێکۆڵینەوەو هەر دوێنێ بە بڕیاری وەزیـری ئەوقاف سێ مامۆستای ئایینی لەسەر کاری وتارخوێندنەوەیان لابـراونو چیتر ڕێگەیان پێنادرێت وتاربخوێننەوە».

کێ مافی ڕۆژنامەنووسان دەپارێزێت؟

شارا عەبدولڕەحمان

لـەکـوردسـتـان ڕۆژنـامـەنـووسـان بە پێچەوانەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییەوە زیندانیدەکرێنوداوایانلەسەرتۆماردەکرێتو غەرامەدەکرێن، زۆربەی ئەو پێشێلکارییانەش کە بەرامبەریان ئەنجامدەدرێت لەلایەن دادگاو بەرپرسە حکومیی‌و حیزبییەکانەوەیە، بەمەش ترس لای ڕۆژنامەنووسان دروستبووە، کە ئایا کێ پارێزەری مافەکانیانە؟

بەپێی سێیەمین ڕاپۆرتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە تایبەتە بـە شـەش مانگی سـەرەتـای ئەمساڵ، ١٠ ڕۆژنـامـەنـووس زیندانیکراون، ئەمە لەکاتێکدایە کە لە یاسای کاری ڕۆژنامەگەریدا زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی قەدەغە کراوە.

هەر لەو ماوەیەشدا لەکۆی ١٩ حاڵەتی هێرشکردنە سـەر ڕۆژنـامـەنـووسـانو ڕێـگـریـکـردن لـەئـەنـجـامـدانـی کـاری ڕۆژنامەنووسی خـۆیـان، ١٢ حاڵەتیان لەلایەن بەرپرسانی حکومیی‌و حیزبییەوە ئەنجامدراون.

هاوکات هەر بەپێچەوانەی یاسای کاری ڕۆژنامەگەرییەوەهەشتڕۆژنامەنووسداوای یاساییان لەسەر تۆمارکراوەو غەرامەکراون، ئەمەش بەپێی یاسای سزادانی عێراقی بووە، ئەمە لەکاتێکدا لـەڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢-ەوە یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی لەپەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوەو سەرۆکی هەرێم ئیمزای لەسەرکردووەو دەبوایە بەو یاسا نوێیەی هەرێم مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

بوونی ئەم حاڵەتانە لەکاتێکدایە کە ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/١٨ ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سیمینارێکی لەبارەی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسای ڕۆژنامەگەریی بۆ ژمارەیەک لەپەرلەمانتارو دادوەرو بەرپرسانی وەزارەتـی ناوخۆ سازکرد.

لەلایەکی دیکەوەو هەر لە ڕاپۆرتەکەی سەندیکای ڕۆژنـامـەنـووسـانـدا ئاماژە بـەوەکـراوە، کەژمارەیەک لـەدادوەران‌و بەرپرسانی حکومیی‌و حیزبی وتویانە کە حساب بۆ یاسای ڕۆژنامەگەریی ناکەن، ئەمە جگەلەوەی کە ژمـارەیـەکـی دیکە لەدادوەران بێئاگایی خۆیان لەبوونی یاسای ڕۆژنامەگەریی دەربڕیوە.

ئاکۆ محەمەد، سەرۆکی لیژنەی ئینزیباتی لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەئاگادارنەبوونی دادوەرەکـان لە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی، وەزارەتـی داد بە «کەمتەرخەم» دەزانێتو بە ڕۆژنامەی وت «دەبوایە وەزارەتـی داد ئەو یاسایەی بۆ دادوەران بناردایە تا لێی ئاگاداربوونایە، هەرچەندە یاساکە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هەندێک دادوەر خۆشیان کەمتەرخەم بوون لەوەی کەبەدوای ئەو یاسا نوێیەدا بگەڕێنو بەگشتی کەمتەرخەمی لەدادگاگانەوە هەیە سەبارەت بەکارنەکردن بەیاسای کاری ڕۆژنامەنووسی».

لەحاڵەتی پێشێلکردنی یاساو هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنووسدا لەلایەن بەرپرسانی حکومیی‌و حیزبییەوە، ڕۆژنامەنووسان دەپرسن کە ئایا کێ پارێزەری مافەکانمە؟

نـەبـەز گـۆران، ڕۆژنـامـەنـووس‌و سەرنووسەری گۆڤاری جیهان دەڵێت «لەکوردستاندا مەگەر بەس خوا پارێزەری مافی ڕۆژنامەنووس بێت لەو کارانەی پیاوەکانی دەسەڵات‌و یاسا دەیکەن»، پێشیوایە گەورەترین کێشەی ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە کە بەیاسای سزادانی عیراقی داوا لەسەر ڕۆژنامەنووسان تۆمار دەکـرێـت، نەک بەیاسای ڕۆژنامەگەریی.

لـەبـارەی پەنابردنە بـەر لایەنێک بۆ پاراستنی مافەکانی ڕۆژنامەنووس، نەبەز گـۆران وتی «ڕۆژنامەنووسان دەتوانن پەنابەنەبەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەگینا لەکوردستاندا پـارێـزەری مافی ڕۆژنامەنووس نییە».

«مووچە بە یاسا دیاریدەکرێت و بەڵێنی زیادکردنیشی تەنیا بانگەشەیە»

بەرهەم خالید

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، لێپرسراوانی یەکێتی بەڵێنی پرۆژەو پێدانی مووچە لەسەر بودجەی حیزب بە هاوڵاتییان دەدەن و شارەزایەکی بواری داراییش ئەوە بە «هەڵخەڵەتاندن و بانگەشەی هەڵبژاردن» لەقەڵەمدەدات و دەڵێت: «ئەوە بەشێکە لە بودجەی حکومەت لە خزمەتی حیزبدا لەهەڵبژاردندا بەکاردەبرێت، چونکە نازانرێت لەسەر چ بنەمایەک ئەو بودجەیە دەدرێت بە یەکێتی و پارتی، کە ساڵانە زیاتر لە (٣٦٠) ملیۆن دۆلارە».

رۆژی (٢٠٠٩/٧/٣) لە کۆبوونەویەکیدا لەگەڵ کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر، جەلال تاڵەبانی بڕیاریدا مانگانە (١٠٠) دۆلار لەسەر بودجەی خۆی و یەکێتی بۆ هەر کەمئەندامێکی سەنگەر تەرخان بکات، ئەوە لە کاتێکدایە پێش چەند مانگێک بڕیاری زیادکردنی (١٠٠) دۆلاری بۆ مووچەی پێشمەرگە دا، بەڵام تائێستا ئەو بڕە زیادەیەیان وەرنەگرتووە، هاوکات زۆرێک لە بەرپرسانی یەکێتی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە زۆرێک لەو پرۆژانەی ئەنجامدەدرێت لەسەر بودجەی یەکێتییە نەک حکومەت.

هاوار شێخ رەئوف، شارەزا لە بواری دارایی و کاندیدای لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات «پێویستە بزانرێت یەکێتی و پارتی لەسەر چ بنەمایەک ئەو بودجەیە وەردەگرن و ئایا بۆچی بۆ حیزبەکانی دیکە نییە؟ بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوە بودجەی حکومەتە لە خزمەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەو دوو حیزبەدا».

دەربارەی بەڵێنپێدان و زیادکردنی مووچەش شارەزاکەی بواری دارایی باس لەوە دەکات، «دەبێت مووچە بەپێی یاسا رێکبخرێت و بڕەکەی دیاریبکرێت و هەروا سەرپێییانە ناکرێت، بەڵام هەر کەس و لایەنێک دەتوانێت لە دەرەوەی حکومەت بە شێوازی بەخشیش و دیاری پارە دابین بکات، بەڵام بەردەوام نابێت» وتیشی: ئەوە تەنیا وەک مینحەیەک وایە و دەکرێت مانگێک پێیان بدرێت، بەڵام «بەهیچ شێوەیەک ناچێتە سەر مووچەو بەشێکە لە بانگەشەی هەڵبژاردن و هەڵخەڵەتاندنی ئەو کەسانە، چونکە لە هەڵبژاردن نزیک دەبینەوەو دوای هەڵبژاردن پێیان نادرێت».

نرخی بەنزین لەسلێمانی بەرزدەبێتەوە

دلێر عەبدولخالق

چەند رۆژێکە نرخی سووتەمەنی (بەنزین) بەرێژەیەکی بەرچاو لەسنووری پارێزگای سلێمانی بەرزبووەتەوەو گەیشتووەتە (١٠٥٠) دینار بۆهەر لیترێک، کە بە بۆچوونی بەشێک لەشۆفێران هۆکاری بەرزکردنەوەی ئەو نرخە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵک نەتوانێت لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەتایبەت بۆ ئەو لیستانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتن و پشت بەجەماوەر دەبەستن هاتوچۆ بە ئۆتۆمبێلەکانیان بکەن.

هاوکار حسێن، شۆفێر بڕوای وایە، ماوەیەکە نرخی بەنزین بەشێوەیک بەرزبووەتەوە کە خەڵک ناتوانێت بەشی پێویستییەکانی خۆی بۆ ئۆتۆمبێلەکەی دابینبکات، بەرزبوونەوەی نرخەکەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوڵاتییان نەتوانن لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ئۆتۆمبێلەکانیان بێنن دەرەوەو لەسەر شەقامەکان بانگەشە بۆ لستەکانی خۆیان بکەن. وتیشی: «ئەوانەی دەسەڵاتدارن، بەشی خۆیان بەنزین هەیەو باکیان بە بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین نییە، بەڵام خەڵکەکەی دیکە بێگومان کاریگەری دەکاتە سەری».

لەبەرامبەردا ئەحمەد عارف بەڕێوەبەری راگەیاندنی دەزگای سووتەمەنی سلێمانی ئەو بۆچوونانە بە «نارەوا» وەسفدەکات و دەڵێت: «دەزگای سووتەمەنی حکومیی و سەربەخۆیەو بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی هیچ پەیوەندییەکی بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە نییە».

لەو بارەیەوە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی بەنزینی گەڕاندەوە بۆ دوو هۆ، یەکەمیان: بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی خاو لە بۆرسە جیهانییەکاندا، دووەمیش: بەردەوامی کارکردنی ئۆتۆمبێل وایکردووە داواکاری لەسەر بەنزین زۆربێت و نرخی بەنزینی بازرگانی بەرزبێتەوە.

ئەحمەد عارف ئەوەشی نەشاردەوە، ئەو هاتوچۆ بەردەوامەی لەچەند رۆژی رابردوودا بە ئۆتۆمبێلەکان کراوە لەناو شاری سلێمانی، بەتایبەت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەنزین بەرێژەیەکی زیاتر سەرفبووەو بەو هۆیەشەوە نرخی بەنزینی بازرگانی لەبەنزینخانەکان بەرزبووەتەوە.

روونکردنەوە

رۆژنامەی رۆژنامە لەژمارە (٥٠٤)ی رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٩\٧\٥، لە بابەتێکدا کە لەلاپەڕە ٣دا بلاوکراوەتەوە، لێدوانێکی بەندەیان بڵاوکردووەتەوە کە مانشێتەکەی لەگەڵ ناوەڕۆکی قسەکانم یەک ناگرنەوە، بۆیە ئەم روونکردنەوەیە بەپێویستدەزانم بۆ ئەوەی هەڵوێستو بۆچوونەکانمان بە هەڵە لێکنەدرێتەوە لەلای خوێنەرانی بەڕێزی رۆژنامە.

١- لەلێداونەکەمداناوی خەڵکم نەهێناوە، بەڵام بەمانشێت نووسیوتانە (راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمان: خەڵک لە نائاگاییەوە رەخنە دەگرێت) راستییەکەی ئەوەیە کە لەناوەڕۆکی بابەتەکەدا بڵاوکراوەتەوە کە نووسراوە: زۆربەی ئەو دەنگە ناڕەزاییانەی دژی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێم لەئارادایە لەنائاگاییەوە دەدرێت.

٢- بەشی دووەمی لێدوانەکەم کە نووسراوە (ژمارەیەکیشیان پرۆژەکەیان هەرنەدیوەو دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردووەتەوە) تێکەڵاوی بۆچوونی رۆژنامەنووسەکەتان کراوە، کە ئەمەش لەگەڵ ئەخلاقیاتی پیشەیی کاری رۆژنامەوانی ناگونجێت و مسداقیەتی رۆژنامەکەشتان لە گەیاندنی راوبۆچوونەکان بۆ خوێنەران دەخاتە بەردەم پرسیار.

لەگەڵ رێزو سوپاسمدا

تارق جەوهەر
راوێژکاری راگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
٢٠٠٩\٧\٥

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ئێمە مەفهومی قسەکانیمان وەرگرتووەو نەمانویستووە دەستکاریی قسەکانی بکەین.

ئەوەی لە خاڵی دووەمدا باسیدەکات تەنیا هەڵەی تایپ بووەو مەبەستی لەپشتەوە نییە.

لەگەڵ داوای لێبووردنمان بۆ بەڕێزیان و خوێنەران

رۆژنامە

نێچیرڤان بارزانی پرۆژەیەکی نوێ دەداتە ئەو کۆمپانیایەی پرۆژەی کارەبای ٤٠٠ میگاواتیی دهۆکی شکست پێهێنا

سەرکەوت لەتیف

بێئەوەی کۆمپانیاکە سزا بدرێت، پرۆژەی (٤٠٠) مێگاواتیی کارەبای دهۆک شکستی هێنا، سەرۆکی حکومەتیش پرۆژەیەکی نوێی کارەبا دەداتەوە بەهەمان کۆمپانیا، چاوەڕوانیش دەکرێت لە وەرزی هاویندا دهۆک رووبەڕووی گرفتی کەمیی کارەبا ببێتەوە، تورکیاش کارەبای پێویست بۆ دهۆک نانێرێت.

شاری دهۆک تائێستا هیچ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبای تێدا جێبەجێنەکراوە، لەساڵی (١٩٩١)ەوە پشت بە کارەبای تورکیا دەبەستێت، پاش دوو ساڵ پرۆژەی (٤٠٠) مێگاواتیی کارەبای دهۆک کە بڕیاربوو لەلایەن کۆمپانیای (ئەحمەد ئیسماعیل)ەوە جێبەجێبکرێت، بە تەواونەکراویی بەجێدەهێڵرێت.

مازن سەید ساڵح، بەڕێوەبەری گواستنەوەی کارەبای دهۆک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «پرۆژەی (٤٠٠) مێگاواتیی ماوەیەکی زۆر لە وادەی خۆی تێپەڕیکردو هیچ ئەنجامێکی نەبوو لەگەڵ ئەوەی پێویستی دهۆک بۆ کارەبا رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە، ئێستا دهۆک بۆ کارەبا پشت بە تورکیاو کارەبای موەلیدەکان دەبەستێت، ئەوەی لە تورکیاوە دێت نزیکەی (١٥٠) مێگاواتە، کە بەپێی گرێبەستەکەمان دەبێت (٢٠٠) مێگاوات بێت». «مازن روونیکردەوە کە دهۆک پێویستی بە (٤٠٠) مێگاوات کارەبا هەیە تا پێویستییەکانی پڕ بکاتەوە». پرۆژەی دانانی وێستگەی کارەبای (٤٠٠) مێگاواتیی ساڵێکیش دوای وادەی خۆی تەواو نەکرا، کەسیش نازانێت هۆکارەکەی چی بوو، ئاگاداریش نیم ئەو کۆمپانیایە سزا درابێت.

مازن سەید ساڵح روونیشی کردەوە، کە سەرۆکی حکومەت لەم رۆژانەدا بەردی بناغەی پرۆژەیەکی (٥٠٠) مێگاواتیی لە دهۆک داناوە کە بڕیارە لەماوەی (١٠) مانگدا کارەکانی کۆتایی بێت، بەڵام ئەم گرێبەستە بەهەمان کۆمپانیای پێشوو دراوەتەوە، راستییەکەی ئەمە پرۆژەکەی پێشووە، بەڵام گۆڕانکاریی تێداکراو، کراوە بە (٥٠٠) مێگاوات، هەمان کۆمپانیای پێشوو جێبەجێی دەکات. بەڕێوەبەری گواستنەوەی کارەبای دهۆک وتیشی: «پرۆژەکەی پێشوو تواناکەی کەمتر بوو، بەڵام ساڵو نیوێکی بۆ دانرابوو، بەپێچەانەوە ئەم پرۆژەیە تواناکەی (٥٠٠) مێگاواتەو تەنیا ماوەی (١٠) مانگی بۆ دانراوە».

سەرپێچییەکانی لیستی کوردستانی بەردەوانە

فۆتۆ: سامان بەشارەتی

فۆتۆ: سامان بەشارەتی

ـــــی هەرێم وڵات بەرەو دیکتاتۆرییەت دەبات

نییە، خزمەتی گەنج ناکات، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە خوێنیان بۆ ڕشتووە، لە کەسوکاری شەهیدانو پێشمەرگەکانو ناوچە ئەنفالکراوو کیمیابارانکراوەکان.. کە دڵسۆزی نەنوێنیت، باسی چ دەوڵەتێک دەکەیت؟

کاتێک باسی دەوڵـــەت دەکـەیـت، دەبـێـت حکومەتی عـێـراق بزانێت کە حکومەتێکی بەهێزیت، سەرکردایەتییەکی بەهێزت هەیەو میللەتت لەگەڵ بێت، من لـەوبـاوەڕەدام، ئەگەر حکومەتی بەغدا بیزانیایە سەرکردایەتییەکانمان میللەتیان لەپشتە، ئەوکاتە بەشێوازێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، بەڵام دەزانێت کە میللەت لێیان ڕازی نییە، لەبەرئەوە بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

ڕۆژنامە: دەوترێت کە خواستی تۆ بۆ خۆ کاندیدکردنت بۆ سەرۆکایەتی هـەرێـم، خواستێکی بنەماڵەیی لەپشتیەوەیەتی، ئەوە تا چەند ڕاستە؟

* ئـەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، کاتی بنەماڵە نەماوە، کاتی ئەوە بەسەرچووە، میللەت ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە قبوڵ ناکاتو ڕێزی ئەو کەسانەش ناگرێت کە بەبنەماڵەوە بنازێت، بە بنەماڵەوە بەهێزبێت. من ئەگەر بۆ ئەوە بگەڕامایەتەوە دەمتوانی لەو شوێنەی کە لێیبووم بمامایەتەوەو بنەماڵە بەهێز بکەم، نەک لاوازی بکەمو جیا ببمەوە.

ڕۆژنامە: هەندێک پێیانوایە کە سەرکردە کوردەکان لەبەر پەیوەندییان لـەگـەڵ وڵاتـانـی ئیقلیمیو ئەو وابەستەبوونەی بەرامبەر وڵاتانی زلهێزو دەوروبەر هەیانە، ناتوانن بە تەواوی بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری میللەت، تۆ ئەوە چۆن دەبینیت؟

* تەنیا پێوەرێک بۆ ئەوەی کە بڕیارێکی دڵسۆزانە بدەیت لە قازانجی میللەتەکەتدا، ئەوەیە کە ئایا لەمللەتت لە پشتەو هێزی بڕیارت لە ناو میللەتەوە هێناوە؟ ئینجا تێڕوانینت بۆ بارودۆخـە سیاسییەکە. سەرکردایەتی کـورد زۆر کورتبینە لە تێڕوانینیدا بۆ بارودۆخە سیاسییەکە، هەموو تێڕوانینی لە بەرژەوەندییە کورتەکانی خۆیەوەیە، تەنانەت لە هەڵسوکەت لەگەڵ هێزە ئیقلیمییەکاندا، یەکەم شت لەسەر پارەو دەسەڵات گفتوگۆ کراوە، ئەمە لە خۆمەوە نایڵێم.

ڕۆژنامە: تێڕوانینت بۆ میدیای ئازاد چۆنە؟ لە کاتێکدا دەسەڵاتی ئێستا میدیای ئازاد بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی لە پشتە؟ تۆ پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی هەرێمو میدیای ئازاد چۆن دەبینیت؟

* بەشبەحاڵی خۆم سوپاسی میدیای ئـازاد دەکـەم، زۆر بوێرانە توانیویانە کـاربـکـەنو پەیامی خـۆیـان بگەیەننە هاوڵاتی، چونکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەسەر جەماوەری خەڵکی کوردستان، ئەو هۆشیارکردنەوەیەیە کە ئێوەیان کردووە بەمەترسیی سەرخۆیانو نۆکەری دراوسـێ، بـەردەوام باسی بەرنامەی دیاریکراو دەکـەن کە لەپشتتانەوەبێت، لە بەرنامەمدا وەکو کاندیدی سەرۆکی هەرێم ئەوەی تێدایە کە پشتگیریی تەواوی ڕۆژنامەنووسان بکرێت، کە سەندیکای ئازادی خۆیان دامەزرێنن، چونکە تا ئەو سەندیکا ئازادە دروست نەبێتو ڕزگارمان نەبێت لـەو سەندیکا کارتۆنییەی کە حیزبەکان دایانناوە، کاری ڕۆژنامەگەریی وەکو پێویست گەشە ناکاتو بەردەوام لە ژێر چەپۆکی دەسەڵاتدا دەبێت.

ڕۆژنامە: لە زۆر لە چاوپێکەوتنەکاندا باسی ئەوە دەکەیت کە ئامادەیت لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنییدا بەرامبەر سەرۆکی ئێستای هەرێم دابنیشیت، ئایا هیچ وەڵامێکت پێگەیشتووەتەوە؟ ئەگەر ئامادە نییە بۆچی ئامادە نییە؟

* ئەوە دەبێت لە بەڕێزیان بپرسین، بەڵام من ئامادەیی خۆم دەربڕیبوو بۆ گردبوونەوەیەک لەگەڵ کاندیدی سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی)، ئامادەم بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، لەسەر کارنامەی چوار ساڵی ڕابـردووی‌و تێڕوانینی بۆ ئایندە، لەگەڵ کاندیدە بەڕێزەکانی دیکەدا داوای ئەوەم نەکردووە.

ڕۆژنـامـە: بۆچی بارزانی ئامادە نییە؟

* ناتوانم وەڵامی ئەوە بدەمەوە، لە بەڕێزیان بپرسن.

ڕۆژنامە: تۆ لە هەڵبژاردندا دەنگی چ پارتێک دەبەیت؟ ئایا دەتوانیت دەنگی سەرتاسەری خەڵکی کوردستان بهێنیت؟

* من لەو باوەڕەدام کە خەڵکێکی زۆر لە جەماوەری کوردستان دەنگم بۆ بدەن، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە تێکەڵاویم هەیە لەگەڵیاندا، لەگەڵ زۆر ناوچەی کوردستان پەیوەندی توندوتۆڵم هەیە، بەپێی توانا کاریشم بۆ کردوون، جگە لەو ناوچانە، لەو بـاوەڕەدام ڕێکخستنەکانی یەکێتی دەنگم بۆ بدەن، لەبەرئەوەی ڕازیی نین بەو سیاسەتەی کە ئێستا سەرکردایەتی یەکێتی جێبەجێیدەکات، ئـەوەش نـەک هەموو سەرکردایەتی، بەڵکو چەند کەسێکی زۆر دیاریکراو. لەو باوەڕەدام زۆربەی دەنگی ناو یەکێتی بهێنم، لایەنە سیاسییەکانی دیکە ئەوەندە فشاریان لەسەرە، باوەڕناکەم بە ئاشکرا بتوانن بڵێن کە دەنگ بۆ کێ دەدەن، بەڵام دەبێت ئارامگرتووبین تا کۆتایی پرۆسەکە بزانین چۆنە؟ بەڵام من گەشبینم بە ئەنجامەکە.

مەبەستم لـە خۆکاندیدکردنم بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بە پلەی یەک بۆ بـردنـەوە نییە، دوای ئـەم هەڵبژاردنە کـە ژمـارەکـان دەرچـــوون، دەسـەڵات بۆی دەردەکەوێت کە زۆرینەی خەڵکی لەگەڵدا نییە، تەنیا گەیاندنی ئەو پەیامە سەرکەوتنێکی گەورەیە.

ڕۆژنامە: باس لەوە دەکرێت کە لەو چوار کاندیدەی دەتانەوێت ڕکابەرێتی مەسعود بارزانی بکەن، تەنیا یەکێکتان بمێنێتەوە بەڵام بۆچی ڕێک نەکەوتن؟

* نەگەیشتووینەتە هیچ ئەنجامێک، کاک سەفینو کاک حسێن هاتن بۆلامو باسی ئەو بۆچوونەی خۆیانکرد، ئەگەر ئالییەتێک بدۆزینەوە کە یەکێک هەڵبژێرین لەو چوار کاندیدە، یان بە گفتوگۆ یان بە ڕاپرسییەک، چەند ڕۆژێـک لەمەوبەر پەیوەندییان پێوەکردم کە کاک کەمال ڕەزامەند نییە، لەو ڕۆژەوە کەسی دیکە پەیوەندی پێوە نەکردووەو بەردەوامم لە چالاکی خۆم، ئەوەش شتێکی باش دەبوو کە یەکێکمان بماینایەتەوە، چونکە دەنگەکان پەرش‌و بڵاو نەدەبوون، چونکە نزیکەی ٢٠٪ی دەنگەکان پەرش‌و بڵاودەبوون، بەڵام لەوەناچێت ئەو گفتوگۆیە ئەنجامێکی هەبێت.

ڕۆژنامە: پێتوایە تۆو ئەو کاندیدانەی دیکە هیچ فشارێکتان لەسەربووبێت کە دەست بکێشنەوە لەو خۆ کاندیدکردنە؟

* بەشبەحاڵی خۆم لەسەرەتاوە ڕەنگە فشارم لەسەر بووبێت، بەڵام ئێستا هیچ فشارێکم لەسەر نییەو بەردەوامم لەسەر کاری خۆم.

ڕۆژنـامـە: دەوتـرێـت ئـەگـەر لە هـەڵـبـژاردنـدا دەنگی پێویست بەدەستنەهێنیت دەگەڕێیتەوە بۆ هەندەران، ئەوە تا چەند ڕاستە؟

* من خـۆم ١٠ســاڵـە لـەم وڵاتـەمو کارمکردووە، ڕاستە زۆر دەرنەکەوتووم، بـەڵام ئـەوەش هۆکاری خـۆی هەبووە لەوەی هەندێک کەس هەبووە نەیانهێشتووە من دەرکەوم، بەڵام کاری خۆممکردووەو ئیشی خۆمم کردووە لەناو خەڵکدا، ئەگەر هیچیشم پێ نەکرابێت گوێم لێگرتوون، من لێرەم نازانم ئەگەر نەمبردەوە بڕۆمەوە بۆ کوێ؟ ئەمە وڵاتی منە، ئەمە ماڵی منە.

ڕۆژنامە: حکومەتی هەرێم هاوکاریی کردوویت بۆ پێدانی پودجەیەک بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی هەڵبژاردن؟

* نەخێر، حکومەتی هـەرێـم هیچ هاوکارییەکی نـەکـردووم، تەنیا شتێک ئەگەر کردبێتیان ئەوەیە کە بۆ هەموو لیستەکانیان کردووە، چەند خولەکێکیان دراوەتێ لە تەلەفیزیۆنی نەورۆزدا، ئەوەش بۆ لیستەکان بـووەو بۆ کاندیدەکانی سەرۆکی هەرێم نەبوە، بە بۆچوونی من ئەوە نادادپەروەرانەیە، بەڵام زۆر گلەیی ناکەین، هیوادارم بەشداربوونمان لەم پرۆسەیەدا ببێتە هۆی دەرچوونی بڕیارێک کە لە داهاتوودا ئەو بابەتە پشتگوێنەخرێتو بودجەیەک دابنرێت بۆ حکومەت یان کۆمسیۆن کە ئەو پارەیە سەرف بکات بۆ کاندیدو لیستەکان، چونکە ئەم قۆناغانەی پێیدا تێدەپەڕین هەمووی تازەیە، وانەی لێوەردەگرین، هیوادارین دوای چەند هەڵبژاردنێکی دیکە بارەکە ڕێکبێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە زۆر نا عادیلانەیە.

ڕۆژنـامـە: هـیـچ سـکـاڵایـەکـت تـۆمـارکـردووە لەسەر لیستەکانو کاندیدەکانی دیکەی سەرۆکایەتی هەرێم؟

* لەسەر کاندیدەکان هیچ سکاڵایەکم تۆمار نـەکـردووە، بـەڵام بـەڵـێ، چەند سـکـاڵایـەکـمـان لـەسـەر لیستەکان تۆمارکردووە، بەتایبەتی لەسەر لیستی کوردستانی، بۆ پێشێلکردنی ڕێنماییەکان.

لـەسـەر کـانـدیـدەکـان هیچمان تۆمارنەکردووەو ڕێزمان هەیە بۆیانو شتێکی وایان نەکردووەو ناشمانەوێت وەزعەکە ئاڵۆز بکەینو شکاتو شکاتکاریی دەستێبیکەین، هەر کەسەو خۆیو شێوازی بیکردنەوەو هەڵسوکەتی خۆی هەیەو دەبێت قبووڵبکرێت.

ڕۆژنـامـە: هیچ پێشێلکارییەکت هەستپێکردووە کـە یەکێک لە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی، دەسەڵاتی ئێستای خـۆی بەکار هێنابێت بۆ ئەنجامدانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بۆ خۆی؟

* زۆر ئاگادار نیم لەوەی کە دەستووری هەرێم تا چ ئاستێک ئەو خاڵەی تێدایە کە دەبێت هەر کاندیدێک لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەست لە کاربکێشێتەوە، بەڵام لە کوردستاندا ئەوە جێگەی تێبینییە کە سەرۆکی حکومەتو جێگرەکانیو سەرۆکایەتی هـەرێـمو دادوەرەکـــان هێشتا لە پۆستەکانی خۆیاندانو خۆیان کاندیدکردووە، ئەوەیان دەبێت پسپۆڕێکی یاسایی زیاتر لێی بکۆڵێتەوە.

لـە وڵاتـــی ئـێـمـەدا شـتـەکـان زۆر تێکەڵاو بـوونو ڕۆڵـی حیزبو دەوڵـەت زۆر تێکەڵاوەو ئەم وڵاتە بەدەستییەوە دەناڵێنێت، وەکو وتم ئەگەر بێینە سەر شکاتو شکاتکاریی، باوەڕبکەن دەبێت هەر خەریکی شکاتکردن بین، بەڵام ئەوە شتێکی ئیجابی نییەو سـوودی نابێت، ئەگەرچی شکاتمانکردووە لە لیستەکان، خەڵکمان هەڕەشەی لێکراوە، لە شیلادزێ، خەڵکمان بە چەک هەڕەشەی لێکراوە، لە دهۆک ئۆفیسمان داخرابوو، سوپاس بۆ قونسوڵگەریی بەریتانیا، ئۆفیسەکەمان کـرایـەوە، سوپاسی ئـەو هەڵوێستەی بەریتانیا دەکەین، بۆ ئەم پێشێلکارییەی شیلادزێش، پەیوەندییمان کـردووە بە حکومەتی عێراقو ئەمریکاوە لە ڕێی نوێنەرەکانیانەوە.

ڕۆژنـامـە: تائێستا گەشبینیت بە کەمپەینی هەڵبژاردن؟

* کـۆمـسـیـۆن دەڵـــێـــت، چانسی دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر کەمە، بەڵام لـەوەدا زۆرزۆر گەشبین نیم، لەو باوەڕەدام بتوانرێت هەندێک لەو ئەنجامانە بگۆڕدرێتو دەستکاریی بکرێت، بەڵام با بزانین ئەنجامەکان چۆن دەبێت.

ڕۆژنامە: پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیا، ئەوان بەڵێنیانداوە چاودێریی وردی هەڵبژاردن بکەنو ڕێگا بە دەستێوەردان نەدەن؟

* قونسوڵی بەریتانیا هاتووە بۆلام، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش هاتووەو سەردانی کـردووم، قونسوڵی ڕوسیا هاتووە بـۆلام، لەگەڵ هەموویان باسمان لە مەترسییو دەستێوەردانەکان کـردووە، هەموویان داواکـاری نەبوونی دەسـتـێـوەردان بـوونو هـیـوادارب‌ـوون هەڵبژاردن بێکێشە بەڕێوەبچێت. بە بۆچوونی من یەکەم لایەن کە دەبێت دڵخۆش بێت کە پڕۆسەی هەڵبژاردن بە بێکێشەو ساختەکاریی بەڕێوەبچێت، شانازییەکە بۆ خۆی، لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبێت، بەڵام با پێش ڕووداوەکان نەکەوین، لەو باوەڕەدام دەسەڵات دەڕوانێتە تەلەفزیۆنو بارودۆخی ئێران دەبینێت، ئەگەر ئەنجامەکان زۆر نامەنتیقی بوون، ئێمە وەک میللەتی ئێران زیاتر لەوانەیە داخمان لە دڵدابێتو خوا دەزانێت چی دەقەومێت.

ساڵی ڕابردوو ٤٢٠ ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم بڕدرا، کە حکومەتی هەرێم داوای ڕوونکردنەوەی کرد، حکومەتی مالیکی وتی ئەو ٤٢٠ ملیۆن دۆلارە خەملاندنی حکومەتی عێراقە بۆ ئەو بڕە نەوتەی لە هەرێمەوە فرۆشراوە بە ئێران بە شێوازێکی نایاسایی‌و بەڵگەشیان هەیە، لەبەرئەوە ئەو بڕەپارەیەیان بڕیوە

د.هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد: سەردەمی بنەماڵە نەماوە

ئەو دەسەڵاتانەی دەستوور داویەتی بەسەرۆک

د.هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، سەرۆکی پارتی پێشکەوتنو کاندیدای سەرۆکی هەرێم دەڵێت: لە ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێکی زۆر کەموکووڕیی هەیە، حکومەت هەموو ساڵێک بودجەیەکی بۆ هاتووە لە حکومەتی بەغداوە، بەپێی یاسا هەموو حکومەتێک ئەو پارەیە خەرجدەکات بەپێی پرۆژە، لە کۆتایی ساڵدا بۆ میللەتی رووندەکاتەوە کە ئەوەندە پارە خەرجکراوە لە پڕۆژەکانی رێگاوبانو خزمەتگوزاریی.. ئەوەندەی ماوەتەوە یان ئەوەندەش قەرزارین، حکومەتی ئێمە بەداخەوە لە ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ ئەو کارەی نەکردووە. لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا بیروڕای خۆی سەبارەت بە بەڕێوەبردن دەخاتەڕوو دەڵێت، سەردەمی بنەماڵە نەماوە، کاتی ئەوە بەسەرچووە، میللەت ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە قبوڵ ناکات.

سازدانی:
بەرهەم عومەر – هێمن لهۆنی

رۆژنامە: خواستی خۆ کاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم چۆن لەلای ئێوە دروستبوو؟

* جگە لە پرەنسیپە دیموکراسییەکە کە خەڵک بەدیلێکی زیاتری هەبێت، هەروەها دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەم وڵاتە پێویستی بە بۆچوونێکی تازەو عەقڵیەتێکی تازە هەیە، لە بواری ئابووری، خزمەتگوزاریی، سیاسەت، لەئاستی ناوخۆو دراوسێو نێودەوڵەتیدا، لەبەرئەوە بەباشمزانی ئەو هەنگاوە گەورەیە بنێم، ئیتر بەشەکەی دیکەی دەکەوێتە سەر میللەت خۆی، کە بڕیاربدات کێی دەوێت.

لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتن نییە، بەڵکو بەشداریکردنە، بۆ ئەوەی پەیامێک بنێرین بۆ سەرکردەکانمان کە ئەگەر باشییان کردوەو زۆردەهێنن ئەوە واتای ئەوەی هەیە کە خەڵک دەستخۆشییان لێدەکات، بەڵام کاتێک کەمیان هێنا، ئەوا دەزانن کە ئیشی خراپیان کردووەو دەبێت خۆیان چاک بکەنەوە.

رۆژنامە: چ کەموکووڕییەکت بەدیکردووە لە سروشتی کاری سەرۆکایەتی هەرێمدا، تۆش خۆت کاندیدکردووە بۆ چاککردنی ئەو کەموکووڕییانە؟

* لە بواری ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێکی زۆر کەموکووڕیی هەیە، حکومەت هەموو ساڵێک بودجەیەکی بۆ هاتووە لە حکومەتی بەغداوە، بەپێی یاسا هەموو حکومەتێک ئەو پارەیە خەرجدەکات بەپێی پرۆژە، لە کۆتایی ساڵدا بۆ میللەتی رووندەکاتەوە کە ئەوەندە پارە خەرجکراوە لە پڕۆژەکانی رێگاوبانو خزمەتگوزاریی.. ئەوەندەی ماوەتەوە یان ئەوەندەش قەرزارین، حکومەتی ئێمە بەداخەوە لە ٢٠٠٣وە تا ئەمڕۆ ئەو کارەی نەکردووە.

دەبوو سەرۆکی هەرێم داوا لە حکومەت بکات وەکو نوێنەرێکی میللەت، وەکو کەسێک لە سەروو سیاسەتو حیزبایەتییەوە، دەبوو کارێک بکات کە حکومەت ئەو بودجەیە ئاشکرا بکات، نەهێڵێت مافی میللەت بخورێت، ساڵی رابردوو ٤٢٠ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێم بڕدرا، کە حکومەتی هەرێم داوای روونکردنەوەی کرد، حکومەتی مالیکی وتی ئەو ٤٢٠ملیۆن دۆلارە خەملاندنی حکومەتی عێراقە بۆ ئەو بڕە نەوتەی لە هەرێمەوە فرۆشراوە بە ئێران بە شێوازێکی نایاسایی‌و بەڵگەشیان هەیە، لەبەرئەوە ئەو بڕەپارەیەیان بڕیوە.

ئێمە دەبێت بڵێین سوپاس بۆ نوری مالیکی، کە ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا کردین، ئەو میللەتی ئێمەی ئاگادارکردووەتەوە کە حکومەتەکەمان بایی ٤٢٠ملیۆن دۆلار نەوتی فرۆشتووەو بە میللەتی نەوتووە، بە بۆچوونی من سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبوو لە دوای ئەو روونکردنەوەیە هەڵوێستی بنواندایەو سەرزەنشتی حکومەتی بکردایە.

لە مەسەلەی دەستووردا، دەیانەوێت میللەت لەماوەی ٢٥ رۆژدا هەمووی بیخوێنێتەوەو لێی تێبگاتو دەنگیشی لەسەربدات، لەکاتێکدا یەک نووسخە لەو دەستورە دابەش نەکراوە بەسەر خەڵکداو یەک کۆڕو سیمینارێ بەرفراوانی بۆ نەکراوە، من سەرۆکی هەرێم بوومایە نەمدەهێڵا ئەوە بەو پەلەپەلەییە تێپەڕێت.

رۆژنامە: لەو دەستووردا دەسەڵاتێکی نیمچە رەها دراوە بە سەرۆکی هەرێم، تۆ ئامادەیت ئەو دەسەڵاتە هەڵوەشێنیتەوە، کاتێک بە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرایت؟

* ئەو دەسەڵاتانە زۆر مەترسیدارن، وڵاتی ئێمە لەسەرەتای دیموکراسیدایەو سەرەتاکانی نەچەسپیوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە دراوە بە سەرۆکی هەرێم وا دەکات لە بارودۆخێکی تایبەتدا وڵاتەکە بەرەو دیکتاتۆرییەت ببات، لەبەرئەوەی دەتوانێت وەزیر لابەبات، دەتوانێت پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، دەتوانێت لەشکری ئیتیحادی لە بەغداوە بهێنێت، دەتوانێت زۆر شت بکات، بیردەکەیتەوە ئەگەر دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بەو چەشنەبێت، ئەی حکومەتو پەرلەمانمان بۆچییە؟

رۆژنامە: تۆ ئەو دەسەڵاتانە هەڵدەوەشێنیتەوە؟

* مافی من نییە هەڵیبووەشێنمەوە، ئەگەر بەشێوەیەکی دەستووریو یاسایی بکرێت، دەبێت ریفراندۆمێکی بۆ بکرێت، بە بۆچوونی خۆم دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆڵێکی تەشریفاتی هەبێت، دەورێکی رەمزی هەبێت، سەرەڕای ئەوە لەبەرئەوەی ئێستا راستەوخۆ لەلایەن میللەتەوە هەڵدەبژێردرێت، سەرۆکایەتی هەرێم دەبێت نوێنەرایەتی میللەت بکات، بۆ سەرپەرشتی ئەدای حکومەتو پەرلەمان، دەبێت پارێزەری میللەت بێت، لەو روانگەیەشەوە بڕوانێتە ئەدای حکومەتو پەرلەمان ، کاتێک هەڵەیەکیان کرد بەرامبەر بە میللەت، یەکەم کەس دەبێت سەرۆک قسەبکات.

رۆژنامە: دەبێت خەڵک چ پێوەرێک بخاتە بەرچاوی خۆی بۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی هەرێم؟ بڕوانێتە داهاتوو، یان بڕواتەوە بۆ رابردوو، یان بەرنامەی کاندیدەکان بخوێنێتەوە؟

* بەبۆچوونی من رابردوو رۆڵو کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو هەڵبژاردنە، لەبەرئەوەی ئێستامان درێژکراوەی رابردوومانە، بەداخەوە وابزانم لە وڵاتی ئێمەدا گوێدەدرێتە رابردوو، بەڵام پێویستە پێوەر بریتیبێت لە بەرنامەی ئەو کاندیدە، توانای ئەو کاندیدە لەبەرچاو بگیرێت بۆ پیادەکردنی ئەو بەرنامەیە، پێگەی ئەو کاندیدەبێت لە کۆمەڵدا، ئایا ئەوەندە جەماوەر لەدەوری کۆدەبێتەوە کە بتوانێت ئەو بەرنامەیە جێبەجێبکات؟ ئایا سبەینێ کە دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هێزە سیاسییەکان ناتوانن بیکەن بە یاریی دەستی خۆیانو بە ویستی خۆیان بیهێنن‌و ببەن، بە بڕوای من ئەو کاندیدانەی لە پرۆسە سیاسییەکاندا نەبوونو رابردوویەکی ململانێیان نەبووە لەگەڵ هێزە سیاسییەکانو نەیانتوانیوە پێشتر بەرامبەریان رابووەستن، بەبۆچوونی من میللەت دەبێت بیر لەوە بکاتەوە، ئایا ئەمانە دەتوانن بەرگەی ئەوە بگرن ئەو ململانێ گەورەیە ئەنجام بدەن لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمدا؟

رۆژنامە: دەوترێت «مەرج نییە کە پێشمەرگەیەکی باشبیت، سەرۆکێکی باشبیت»، تۆ بۆچوونت چییە؟

* ئەم رۆژە بە قوربانیو فیداکاریی‌و خوێنو هیلاکی پێشمەرگە هاتووەتە کایەوەو میللەت هەمووی سوپاسیان دەکات، ئێمە ئێستا ئەو مەترسییانەمان لەسەر نییە کە پێویست بکات سەرکردەیەکی خاوەن باکگراوندێکی عەسکەریی وڵات بەڕێوەبەرێت، ئەم وڵاتە پێویستی بە گەشەکردنە لە زۆر بواردا، کەسانێک کە باکگراوندێکی باشیان هەبێت لە زانستو تەکنەلۆجیاو ئیدارەداو خاوەنی ئەزموون بن لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئیداری وڵاتانی دیکەو میللەتانی دیکە، لەو باوەڕەدام ئەو کەسانە بتوانن زیاتر رۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی وڵاتدا، بێجگە لەوە، بە بۆچوونی من ئەو کەسەی بوو بە سەرۆکی هەرێم، حەقە حیزبایەتی نەکات، ناوچەگەریی نەکاتو لەسەروو هەموو ئەو شتانەوەبێت.

ناوی پۆستەکە سەرۆکە، بەڵام لە راستیدا دەبێت خزمەتکاری هەموو تاکێکی بچووکی ئەم وڵاتەبێت.

رۆژنامە: خەڵک بەلایەوە گرنگە بزانێت: ئەو کەسەی خۆی کاندیدکردووە بۆ سەرۆکی هەرێم تێڕوانینی بۆ بەعێراقییبوونی کوردستانو پەیوەندی هەولێرو بەغدا چییە؟

* بۆ پەیوەندی هەولێرو بەغدا، ئێمە دەستوورێکمان هەیە، ئەو دەستوورەش لە سەرئەنجامی ئەو هەموو ماڵوێرانیو خەباتو خوێنڕشتنو فیداکارییە هاتووەتەکایەوە، خوێنماندواو بۆ ئەو دەستوورە، شێوازی پەیوەندی حکومەتی هەرێمو ناوەند روونکراوەتەوە لەو دەستوورەدا، بە بۆچوونی من پابەندبوون بەو دەستوورە لە سوودی ئێمەدایە، دەستوورەکە کورد بەشداریکردووە لە دارشتنیداو کوردیش دەنگی بۆداوە، بۆ ئەم هەلومەرجە گرێبەستێکی رێکوپێکە، ئەگەرچی کەموکووڕییشی تێدایە، بەتایبەتی بۆ مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان.. ئەو کێشانەش بە دیبلۆماسیەتو گفتوگۆو نییەتی باش سەرەنجامی باشتری دەبێت، نەک بە هەڕەشەو بە شلەژاندنی دۆخەکە لەگەڵ بەغدا.

لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەمجارە ئێمە پێشێلکاریی دەستوور بکەین، ئەو دۆستانەی کە کۆن پشتگیرییان دەکردین چیتر پشتگیرییمان ناکەن.

رۆژنامە: تا چەندێک خەونی بە دەوڵەتبوونی کوردستان لە بەرنامەکەی تۆدا جێگای بووەتەوە؟

* بە دەوڵەتبوون بە ئارەزوو و بە قسە نابێت، من دەتوانم بڵێم (بەڵێ، من لەگەڵ بوونە دەوڵەتم)، بەڵام ئێمە جارێک با بیچەسپێنین کە میللەتێکی دڵسۆزین، حیزبەکان بیچەسپێنن کە پارتێکی دڵسۆزن بۆ میللەتو خەڵکەکەیان، با حیزبە سیاسییەکانمان سەروەتو سامانی ئەم وڵاتە بەشێوەی ناشەرعیی نەبەن بۆ خۆیان، با گرێبەستە نەوتییەکانیان بەشێوەیەکی روون بخەنەروو، پیشەسازیی نەوت لە کوردستان گەشە بکاتو کۆمەڵێک کاری گرنگی دیکە کە پێویستە پارتە سیاسییەکانمان بیکەن بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بگاتە قۆناغێکو لەو کاتەدا بگەینە ئاستێک کە بزانین دەتوانین بڵێین دەبینە دەوڵەت یان نا، بە بۆچوونی من هێشتا ئێمە بەعەقڵێکی زۆر زۆر بچووکەوە بیردەکەینەوە بۆ ئەم کوردستانەی کە هەمانە زۆربەی زۆرمان بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن تالانی بکەین، نەک چۆن پێشی بخەین، بە تایبەتی حیزبە سیاسییەکان کە زۆرزۆر بچووکترن لەوەی کە بیر لە دەوڵەت بکەنەوە.

رۆژنامە: پێتوایە ئەو کەسەی باس لە دەوڵەتبوون بکات، تەنیا موزایەدەی سیاسی دەکات؟

*بەڵێ، ئێمە وڵاتێکی وێرانین، نەک لەبەر ئەوەی شەڕ هەیەو پارەمان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی حکومەتەکەمان بەرنامەیەکی باشی نییە بۆ ئەم وڵاتەو خزمەتگوزاریی

دەبوو سەرۆکی هەرێم داوا لە حکومەت بکات وەکو نوێنەرێکی میللەت، وەکو کەسێک لە سەروو سیاسەتو حیزبایەتییەوە، دەبوو کارێک بکات کە حکومەت ئەو بودجەیە ئاشکرا بکات، نەهێڵێت مافی میللەت بخورێت

لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەمجارە ئێمە پێشێلکاریی دەستوور بکەین، ئەو دۆستانەی کە کۆن پشتگیرییان دەکردین چیتر پشتگیرییمان ناکەن

دەرچوون لە میتافیزیکا

چۆن گۆڕان تیوریزە بکەین؟

مەریوان وریا قانیع

(٢)و کۆتایی

گۆڕانو زانستە کۆمەڵایەتییەکان

زەحمەتە بتوانین گۆڕان وەک دیاردەیەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی تێبگەین بەبێ گەڕانەوە بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان. لەدایکبوونی فیکری زانستیو تیوری مۆدێرن لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بە دیاردەی گۆڕانەوە. فیکری زانستی وەک چۆن لە ئەنجامی تێبینکردنو ڕاڤەکردنی گۆڕانە گەورەکانی دونیای مۆدێرنەوە لەدایکبووە، خۆشی یەکێک بووە لەو هۆکارە گرنگانەی کە پرۆسەی گۆڕانی بەهێزتر کردوە. ئەو وێنەیەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کۆمەڵگا هاوچەرخەکان دروستیدەکات وێنەی کۆمەڵگایەکی دینامیکی پڕ گۆڕانو ژێرەوژووربوونەوەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ڕەمزییە، ناکۆک بەو وێنانەی کە کۆمەڵگا وەک بوونێکی ستاتیکی جێگیرو نەگۆڕ دەبینن. وەک وتم لەدایکبوونی بیرکردنەوەی زانستی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە تێبینیکردنو تێگەیشتنو لێکدانەوەی دیاردەی گۆڕانەوە هەیە. لەو ساتەدا کە بیرکردنەوە لە هۆکارو پێشخانو دەرەنجامەکانی گۆڕان دەبێتە بابەتی سەرەکی تێفکرین، ڕێک لەوساتەدا ئەوەی پێیدەگوترێت (زانستە کۆمەڵایەتییەکان) لەدایکدەبێت. لەدایکبوونی فیکری تیوریو زانستی هاوچەرخ پابەندی دروستبوونی وشیارییەکە کە دەتوانێت گۆڕان ببینێتو هەستیپێبکات، لێکبیداتەوەو ڕاڤەی بکات. لەڕاستیدا وشیارییەک نەتوانێت گۆڕان ببینێت ناتوانێت ببێتە وشیارییەکی زانستی.

ئەگەر ئیبن خەلدون بە قۆناغی یەکەمی هاتناکایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دابنێین، ئەوا تیورە بەناوبانگەکەی ئەم زانا کۆمەڵایەتییە لەسەر گواستنەوە لە دەوارنشینی (بـــەداوەت)ەوە بۆ (شارستانیەت) سەرەتای هاتنەکایەی بیرکردنەوەی تیوریی و زانستییە دەربارەی دیاردەی گۆڕان. لەگەڵ ئیبن خەلدوندا گۆڕان دەبێتە سێنتەری بیرکردنەوەی تیوریو میتۆدی. بەباوەڕی ئیبن خەلدون ململانێی نێوان بەداوەتو شار، یان دەوارنشینیو شارنشینی، هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە قۆناغ یان هەلومەرجێکی شارستانی دیاریکراوەوە بۆ قۆناغ یان هەلومەرجێکی شارستانی دیکە. ئەوەی ئەم گۆڕانە دەستەبەردەکات ئەو ناکۆکیو ململانێیەیە کە لەنێوان ئەم دوو شێوە جیاوازو ناکۆکەی ژیانو بوونی کۆمەڵایەتیدا دروستدەبێت. ئیبن خەلدون (دۆخی سروشتی) بوونی کۆمەڵایەتی وەک دۆخی ململانێی نێوان شارو دەوارنشینیدا وێنادەکات. ململانێییەک کە وەک دینامیکیەتێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتوری دروستبوونو وێرانبونی شارستانیەتەکان لێکدەداتەوە. لەم دیدەدا ژیانی شاریانە، لەوێشەوە شارستانیەت، لە ململانێیەکی بەردەوامو قورسو خوێناویدایە لەگەڵ بیابانو توندوتیژی ژیانی دەوار نشینیدا. لەم ململانێیەدا هەرجارەو لایەنێکیان بەسەر ئەویدیکەیاندا سەردەکەوێت. ناوەڕۆکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیو شارستانییەکان پابەستی بردنەوەی یەکێک لەم هێزانەیە لەویدیکەیان. سەرکەوتنی شارنشینەکان بەسەر بەدەوییە دەوارنشینەکاندا مانای سەرکەوتنی شارستانیەتی دەگەیەنێتو سەرکەوتنی بەداوەتیش کۆتایی شارستانیەتو لەدایکبوونی قۆناغی توندوتیژیو بەربەریەتی ناشارستانی ڕادەگەیەنێت. گرنگترین چەمکێک ئیبن خەلدون بۆ لێکدانەوەی دیاردەی گۆڕان بەکاریدەهێنێت چەمکی (دەمارگیریی خێڵەکی) یان عەسەبیەتە. ئیبن خەلدون (دەمارگیریی خێڵەکی) بەو پەیوەندییە ناوەکییە دەڵێت کە ئەندامانی عەشیرەتو خێڵێک بەیەکەوە گرێدەدات و دەیانکات بە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگی یەکگرتوو. لەدیدی ئیبن خەلدوندادەمارگیری خێڵەکی پەیوەندییەکی سروشتییەو خۆبەخۆ دروستدەبێت، لەناو هەموو خێڵو گروپێکی کۆمەڵایەتییدا هەیەو پەیوەندی بە ئەندامبوون لەم گروپە بچووکانەدا هەیە. ئەوەی ئینسانەکان دەجوڵێنێتو وایانلێدەکات هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگی تایبەتیان هەبێت، ئەم دەمارگیرییە تایبەتەیە. بەڵام (دەمارگیریی خێڵەکی تایبەت) دەتوانێت گەشەبکاتو بگۆڕێت بۆ (دەمارگیریی خێڵەکی گشتی)، واتە بوونی کۆمەڵایەتی لە بوونو ئامادەگی یەک خێڵەوە بەتەنها بگۆڕێت بە بوونی کۆمەڵێک خێڵی یەکگرتوو کە ئامادەن پێکەوەبن کاربکەنو پێکەوە بژینو لەگەڵ یەکدا هاریکاربن. بەبۆچونی ئیبن خەلدون ئەوەی ئەم گواستنەوەیە لە (دەمارگیریی خێڵەکی تایبەتەوە) بۆ (دەمارگیریی خێڵەکی گشتی) مەیسەر دەکات، ئاینە. ئاین ئەو ئامرازییە کە دەتوانێت ئەم گۆڕانکارییە دروستبکاتو گروپو خێڵە بچووکو تایبەتەکان بەیەکەوە ببەستێتەوەو بیانکات بەیەکەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە. بەمانایەکی دی ئیبن خەلدون لەپاڵ (دەمارگیریی خێڵەکی)دا ئاینیش وەک یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی گۆڕانکاری دەبینێت.

ئەوەی لەم تیورەیەی (ئیبن خەلدون)دا دەربارەی دروستبوونو گۆڕانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان گرنگە، مەسەلەی بەستنەوەی گۆڕانە بە مێژوو و بە هێزو دەسەڵاتو هۆکاری سیاسیو ئابوورییو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەوە. ئەو بابەتانەی ئیبن خەلدون لە پەیوەندیدا بە دروستبوونی گۆڕانەوە باسیاندەکات بریتین لە ئابوورییو، ژیانی شار، سیاسەتو کولتور. واتە ئیبن خەلدون لەباسکردنو لێکدانەوەیدا بۆ پەیدابوونی گۆڕنکاری چوارچێوەیەکی تیوریی دروستدەکات کە ژمارەیەک فاکتەری مێژوویی و سەرزەمینیی گرنگ ڕۆڵی تێدادەبینن، نەک هۆکاری میتافیزیکیو غەیبی. ئەمە وادەکات زۆربن ئەوانەی ئیبن خەلدون بەیەکەمین تیوریستی دیاردەی گۆڕان لەمێژووی فیکری کۆمەڵایەتیدا دابنێن. بەڵام ئیبن خەلدون تیوریستی گۆڕانی کۆمەڵایەتییە لە قۆناعی بەداوەتەوە بۆ شارستانیەت، لە دەوارنشینییەوە بۆ شارنشینی، لە دونیای ئیسلامدا، لەکاتێکدا بەشی هەرەزۆری فیکری تیوریو زانستی هاوچەرخ کە باس لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن، باس لە گۆڕان دەکەن لە کۆمەڵگا تەقلیدیو ترادیسیۆنییەکانەوە بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن. ئەو ئەزموونەشی لەپاڵیدا دیاردەی گۆڕان دەخوێننەوە، ئەزموونی لەدایکبوونی دونیای مۆدێرنە بەگشتیو دونیای ڕۆژئاوایە بەتایبەتی. ئەو ساتەوەختەش کە تیایدا ئەم گۆڕانانە بەتەواوی بەرجەستەدەبنو وادەکـــەن زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی لەدایکبن، سەدەی نۆزدەیەمە. سەدەی نۆزدەیەم سەدەی لەدایکبوونی ڕاستەقینەی زۆربـــەی ئەو زانستانەیە کە سەرقاڵی لێکدانەوەو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی دیاردەی گۆڕانن.

ئەم زانستانە فرەجۆرن، بەشێکیان خۆیان بە لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنی مانا کولتورییەکانی ئینسانەوە خەریکدەکەن، هەندێکی دیکەیان سەرقاڵی لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئـاکـاری کۆمەڵایەتیو هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتییانەی ئینسانن، ئـەوانـی دیـکـەیـان لـە شـێـوازەکـانـی پەیوەندیکردنی ئینسان بە کەسو گروپو دەوروبـەرەوە دەکۆڵێتەوە، بڕێکی تریان خەریکی لێکدانەوەی شێوازی مامەڵەکردنو بەکارهێنانو شەرعیەتدانن بەو دەسەڵاتەی کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، هەندێکی تریان خەریکی لێکۆڵینەوەن دەربارەی پرۆسە عەقڵیو دەرونییەکان، هەشیانە خەریکی خوێندنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانو خۆڕێکخستنو ئالوگۆڕن. هتد.. ئەوەی لێرەدا گرنگە جەختی لێبکەین ئەو ڕاستییەیە لەهەموو ئەو بـوارانـەدا لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی خاڵێکی هێجگار سەرەکیو بنەڕەتییە. لەخۆرا نییە لەگەڵ لەدایکبوونی ڕاستەقینەی ئەم زانستانەدا باوکی کۆمەڵناسیی مۆدرێن، ئۆگست کۆنت، گـۆڕان لە سێنتەری کارەکانیدا دادەنێتو مێژووی مرۆڤایەتی بەسەر سێ قۆناغی تەواو لەیەک جیاوازو ناکۆکدا دابەشدەکات. ئەمە ئەگەر لە ئیبن خەلدونەوە نەبێت ئەوا گومانی تیا نییە لە ئۆگست کۆنتەوە گـۆڕان بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە خەیاڵی زانستی، بەجۆرێک کەباست لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان کرد بەزۆر مانا باس لە گۆڕانی دونیاو گۆڕانی کۆمەڵگاکان دەکەیت. وەک وتم ئۆگست کۆنت سێ قۆناغ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەیەکدی جیادەکاتەوە. یەکەمیان قۆناغی (تیۆلۆژیای دینییە) کە تیایدا کۆمەڵێک گریمانەی نەسەلەمێنراو لەسەر دونیا بالادەستە. قۆناغی دووەمیان (قۆناغی فەلسەفە)یە کە تیایدا بیرکردنەوەی ڕەخنەییو هێنانە پێشەوەی پرسیاری پڕ لە گومان بالادەستە. قۆناغی سێیەمیش (قۆناعی زانستە) کە تیایدا پێوەرو بەها زانستییەکان بالادەستن.

ئۆگست کۆنت تاقە کۆمەڵناسی سەدەی نۆزدەیەم نییە کە گـۆڕان لە سێنتەری کارە فیکرییەکانیدایە. سەدەی نۆزدەیەم سەدەی لەدایکبوونی (تیورەی گۆڕانو گەشەکردنی)- نزریە ڕلتتور- داروینیشە کـە کاریگەریەکەی هێجگار گـەورە لەسەر سەرجەمی کایە فیکرییەکانی ئەو سەردەمە جێدەهێڵێت. خاڵی هەرەسەرەکی لە تیورەکەی داروینـدا خاڵی گـۆڕانو پێشکەوتنی خانە بایۆلۆژییە سەرەتاییەکانە بۆ پێکهاتی بایۆلۆژی ئاڵۆزتر تا دەگات بە ئینسان. لای داروین گۆڕان پرۆسەیەکی هەرەمەکی بێئامانجو بێمەبەست نییە، بەپێچەوانەوە بەشێک لە گۆڕان پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەو ئەو دونیا نوێیەدا کە دێتەکایەوە.

> گـەر بمانەوێت لـە ڕووداوی حەماسەتی هـەوادارانـی (لیستی گۆڕان) تێبگەین، ئەوکات دەبێت ئەم حەماسەتە گرێبدەینەوە بە قەیرانەکانی دەسـەڵاتـداریـتـی کـوردیـی دوای ڕاپەڕینەوە، لە قەیرانی شەرعیەتو ئەخلاقو مۆراڵی سیاسییەوە بیگرە بۆ گەمەکردنێکی نابەرپرسیار بە ماناکانی کوردبوونو نیشتیمانو هاوڵاتیبوونو بەرپرسیارییەت، دەتوانین گرێبدەین بەکارەتیوریییەکانی ڕۆشنبیرانەوەلەدوای ڕاپەڕینەوە، بەدروستبوونی ڕۆژنامە ناحیزبییە ئازادەکانەوە، بە گەشەی ڕەخنەی سیاسیو بەرهەمهێنانی وێنەو زمانو چەمکـو تیورەی نوێ دەربارەی دەسـەڵاتو دەسەڵاتداریتییەوە، گرێبدەینەوە بە گەشەی ناوەکی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیانەوەو گۆڕانیان لە حیزبی شۆڕشو خەباتی چەکداریییەوە بۆ ئامرازی کۆنترۆڵکردنو پەراوێزخستنی کۆمەڵگا بەدەست نوخبەیەکی پادشایانەی تـازەوە کە لەدونیای دوای ڕاپەڕیندا دروستبوو

⇐

مالیکی لەنێوان یەکێتیو پارتیدا

کێشەکانی هەولێرو بەغدا دەخرێنە دوای هەڵبژاردن؟

هەستیار قادر

سەرچاوەیەکی ئاگادار ئاماژە بەوە دەکات مالیکی دەیەوێت دانوستانەکانی لەگەڵ هەرێمدا بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان دوابخات، تا خۆی لە مامەڵەکردنی پارتی بپارێزێت، ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانییش حیزبی دەعوە بەوە تۆمەتبار دەکات هەوڵیداوە کێشە بخاتە نێوان لایەنە کوردستانییەکانەوە.

خاڵی چەقبەستنی گفتوگۆکان

سەرەڕای بەردەوامیی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان درێژەی هەیە کە خۆی لە کێشەکانی (نەوتو پێشمەرگەو مادەی (١٤٠)و دەسەڵاتەکانی هەرێمو چەندین کێشەی دیکەدا دەبینێتەوە)، ئەگەر چی لەدەستووردا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام تائێستا هەردوولا نەگەیشتوونەتە دەرئەنجامێکی گونجاو، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانیشدا لەکۆتایی مانگی رابردوودا حیزبی دەعوەی عێراق کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیران سەکردایەتی دەکات، سەردانی هەولێری کردو حەسەن سنێدی ئەندامی باڵای حیزبی دەعوە لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمدا کۆبووەوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەو پرسەو ئەوەش ئەو بیرۆکەیە دەسەلمێنێت کە کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لە نێوان پێکهاتە ئیداریی‌و سیاسییەکەی هەردوولادا نییەو چڕبووەتەوە بۆ کێشەی نێوان حیزبی دەعوەو پارتی دیموکراتی کوردستان کە پۆستەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکی هەرێمی بەدەستەوەیەو لەبری وەزارەتو لیژنەی پسپۆڕ پەنادەبرێتە بەر دبلۆماسیەتی حیزبی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان.

عەبدوڵڵا ساڵح حیفزوڵڵا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئاماژەی بە بەردەوامی گفتوگۆکان دا لەنێوان هەرێمو ناوەندادا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیانو بە رۆژنامەی راگەیاند «بە شێوەیەکی مەبدەئی کێشەی پێشمەرگە رێککەوتنی لەسەر کراوەو هەندێک کێشە لەم ماوەیەدا چارەسەر دەکرێنو ئەوانی دیکە دوادەخرێت بۆ دوای هەڵبژاردن»

ئەو ئەندامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوەتە پەرلەمانتار وتیشی: «ئەگەر زۆرە لەم ماوەیەدا کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لە هەرێمی کوردستانە نوری مالیکی سەردانی بکاتو دانیشتنێک لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمدا بۆ ئەو مەبەستە رێکبخات».

گفتوگۆکان دوای هەڵبژاردن

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە بە رۆژنامەی راگەیاند، زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە حیزبی دەعوەو نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کار بۆ ئەوە دەکەن گفتوگۆی نێوان هەرێمو بەغدا لەسەر کێشەکانیان بۆ دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخەنو لەگەڵ ئیدارەی نوێدا مامەڵە بکەن.

عەبدوڵڵا ساڵح حیفزوڵڵای، ئەندامی لیستی هاوپەیمانییش ئاماژەی بەوەدا کە زانیاری لەبەردەستایە سەبارەت بە هەوڵی حیزبی دەعوە بۆ ناکۆکی نانەوە لە نێوان لایەنە کوردستانییەکاندا بە بێ ئەوەی زانیاریی زیاتر بدات، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هەوڵەیان سەرکەوتوو نەبووەو وتیشی «پێدەچێت لە دوای هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستانەوە جۆری مامەڵەکردنەکان لەگەڵ بەغدادا بگۆڕدرێن، بەڵام کێشە سیاسییەکەی نێوان هەولێرو بەغدا نەگۆڕەو لەدەستووردا باسکراوەو لەدوای هەڵبژاردنیش ئەو نەگۆڕانە وەک خۆیان دەمێننەوە».

مەسعود بارزانی

نوری مالیکی

هەندێکی دیکەش دواخستنی گفتوگۆکان بەشێوەیەکی دیکە دەبینن، د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە، هۆکاری دواخستنەی ئەو گفتوگۆیانە پەیوەندی بە سەرقاڵیی لایەنی کوردییەوە هەیە بەهەڵبژاردنەکانەوە، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە دوور نییە ئەو خوێندنەوەیەشی بۆ بکرێت کە گفتوگۆکردنی حکومەتی نوری مالیکی لەگەڵ یەکێتیدا ئاسانتر بێت وەک لە پارتی.

خۆڵبارین بایدن لە ناوبژیوانی دەکات

سەرەتای ئەم هەفتەیە جۆزێف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکاو ئەندازیاری دابەشکردنی عێراق، بەسەردانێکی رەسمیی گەیشتە عێراق. ئامانج لەو سەردانەی بۆ چەسپاندنی ئاشتەوایی نیشتیمانییە لەنێوان لایەنە ناکۆکانی عێراقدا، چوارچێوەی ئەو ئەرکەشی کێشەکانی نێوان هەرێمو ناوەندیش دەگرێتەوە، ئەگەرچی بڕیاربوو بایدن سەردانی هەرێمیش بکات بۆ وەرگرتنی تێڕوانینی بەرپرسانی هەرێم لەسەر کێشەکان بەڵام وا بڵاوکرایەوە تەوژمی خۆڵبارین رێگر بوو لەبەردەم ئەنجامدانی ئەو سەردانەدا.

دەمەحمود عوسمانیش سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەمریکا دەبەستێتەوە بە هەوڵەکانی ئیدارەی نوێی حکومەتی واشنتۆنەوە وەک لایەنێکی ناراستەوخۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە عێراقداو وتیشی «ئەگەر هەیە بەمزووانە مالیکی سەردانی ئەمریکا بکاتو بایدن هەوڵیداوە تێڕوانینی سەرجەم لایەنەکان کۆ بکاتەوە سەبارەت بە کێشەکانو لەو سەردانەی مالیکیدا بۆ ئەمریکا تاوتوێی بکەنو ئەگەریش هەیە کۆنگرەیەکی ئاشتەوایی لەئەمریکا ببەسترێت، بەڵام مالیکی پێی باشە کۆنگرەکە لە ناو عێراقدا ببەسترێت».

جۆزیف بایدن: داوامانلێکراوە سەرکردایەتیی کوردی لێ ئاگاداربکەینەوە

مالیکی داوای هەڵوەشانەوەی دەستووری هەرێم دەکات

محەمەد ساڵح حەمەلاو

جۆزیف بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا رایدەگەیەنێت لەلایەن نوری مالیکی سەرەک وەزیرانی عێراقەوە راسپێررراوە بۆئەوەی داوا لەبەرپرسانی هەرێم بکات کە دەستووری هەرێم هەڵبوەشێنەوەو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئاماژە بەوەدەکات دەستووری هەرێم هیچ مادەو بڕگەیەکی دژ بەدەستووری عێراق تێدا نییە.

لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی ئەی بی سی ئەمریکی، جۆزیف بایدن رایگەیاند «لەسەردانەکەیدا بۆ بەغدا، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق داوایلێکردوە کە قەناعەت بەدەسەڵاتدارانی هەرێم بکات، بۆئەوەی ئەو دەستوورەی کە بەم دواییانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکرا هەڵبوەشێنەوە».

بایدن وتیشی، مەبەست لەسەردانەکەم بۆ عێراق بەپلەی یەک جێبەجێکردنی پلانی کشانەوەی هێزەکانمانە لە وادەیەکی دیاریکراوداو بەپەلەی دووەمیش جێهێشتنی وڵاتێکی پڕ ئاسایشو ئارامییە، ئەوەش پێویستی بەجێبەجێکردنی رێککەوتنی سیاسیی گەورە هەیە لەنێوان عەرەبو کوردەکاندا.

جێگری سەرۆکی ئەمریکا، ئەوەشی ئاشکراکرد «لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دوامانلێکراوە کە هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان بکەین، بۆ ئەوەی کێشەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان چارەسەربکرێتو سەرکردایەتیی کوردیش لەوە ئاگاداربکەینەوە کە دەستوورەکەیان رێگرە لەبەردەم چارە سەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر».

عەلی دەباغ، وتەبێژی رەسمیی حکومەتی عێراق لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆسەوا ئەوەی رەتکردەوە کە حکومەت رۆڵی ئەمریکای لەمەسەلەی ئاشتەواییدا رەتکردبێتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد، کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا پێویستی بە کۆمەکو هاوکاری دۆستان هەیەو رۆڵی بایدنیشی لەوبوارەدا بەرز نرخاند.

وتەبێژی حکومەتی عێراق، وتیشی «بایدن هیچ پێشنیازێکی بۆمەسەلەی ئاشتەوایی نیشتمانی لەعێراقدا پێشکەش نەکردوە».

پێش ئەوەی دەستووری هەرولاتێک پەسەند بکرێت ریفراندۆمی لەسەردەکرێتو بەپێی دەستووری ئەو وڵاتەش بڕیار لەسەر جۆری دەستوورەکە دەدرێتو زۆرجار دەستووری وڵاتێک بەپێی رێژەی دوو لەسەر سێی دەنگی دانیشتوانەکەی پەسەند دەکرێت، بەڵام لەهەندێک وڵاتدا بەرێژەی ٥١٪ی دەنگی هاوڵاتیان دەستوورەکە پەسەند دەکرێت.

سیروان زەهاوی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو کەدانیشتوانی هەرهەرێمێک بڕیار لەسەر ئەوەدەدەن کەدەستووری هەرێمەکەیان چۆن بێت، بەپێی مادەی ٩٣ی دەستوورییی فیدراڵی عێراق، یەکێک لەئەرکەکانی دادگای دەستووری ئەوەیە کە هەر کێشەو جیاوازییەک لەنێوان دەستووری هەرێمەکانو دەستووری عێراقی فیدراڵدا هەبێت ئەوا دادگای دەستوورییی بڕیاری لەسەر دەدات.

دەربارەی ئەوەش کە ئایا تاچەند دەستووری هەرێمی کوردستان دژ بەدەستووری عێراقە، زەهاوی روونیکردەوە «بەپێی یاسا هەر هاوڵاتییەک یان رێکخراوو قەوارەیەکی سیاسی،ئەگەرسکاڵاتۆماربکات لەسەر ئەوەی کە فلانە مادە یان فلان بڕگەی دەستووری هەرێم دژ بەدەستووری عێراقە ئەوا ئەوسکاڵایە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەردەم دادگای دەستوورییو دادگاش لەسکاڵای ئەولایەنانە دەکۆڵنەوە، ئەگەر دەرکەوت کەوانەبوو ئەواسکاڵاکە رەتدەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر سکاڵاکە راست بوو ئەوا دادگا داوا لەو هەرێمەدەکات پێداچوونەوە بەوبڕگەو مادەیەدا بکاتو بیگۆڕێت».

دەربارەی ئەوەش کە گوایە بەرپرسانی بەغدا باس لەوەدەکەن دەستووری هەرێم لەئێستادا خزمەت بەکێشەی کەرکوکو کێشەی ناوچە دابڕاوەکان ناکات، ئەو یاساناسە ئاماژەی بەوەکرد بەشێک لەبەرپرسانی بەغدا زۆرجار بەتەنیا سەیری ئەوبڕگەو مادانەی دەستووردەکەن کە لەبەرژەوەندیی خۆیاندایەو رەنگە ئەوەی لەمادەیەک یان بڕگەیەکدا باسکرابێت لەشوێنێکی دیکەدا زیاتر روونکرابێتەوە، بەڵام هەرچەندە دەستووری عێراق دەستوورێکی (متکامل) تەواوە، بەڵام بەبۆچوونی زەهاوی بەشێک لەبەرپرسانی بەغدا سەیری هەموو بڕگەو مادەکان ناکەن، سیروان زەهاوی پێشیوابوو «لەڕووی یاساییەوە هیچ رێگرییەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان لەدەستووری هەرێمدا بەدی ناکرێت».

لەدوای پڕۆسەی رزگاریو پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەشێک لەدەسەڵاتدارانی بەغدا کێشە بۆ مەسەلەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان دروستدەکەن، بۆ نموونە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەیاد عەلاویدا (قانون ئیدارة الدولة) هەبووە، بەڵام مادەی ٥٨و مادەی ٥٣ جێبەجێنەکراو لەسەردەمی دەسەڵاتی جەعفەریشدا هەمان ئەو مادانە جێبەجێ نەکران، هەروەک لەسەردەمی دەسەڵاتی نوری مالیکیشدا کە هاوکات مافی دەستوورییش هەیە، بەڵام تائێستا مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە.

جۆزێف بایدن

هەڵگری جەبری تایبەتی خۆیەتیو ئەو جەبرانەن دەتوانن دەستنیشانی ئەوەبکەن ئـەو میلەتە چـۆن هەڵسوکەوت بکاتو چۆن دونیاو مێژووی خۆی رێکبخات. لەم رووەوە هیجڵ بەپێی ئاستو قۆناغەکانی گەشەکردن هەرەمێک بۆ رۆحە جیاوازەکان دروستدەکات، هەندێکیان وەک رۆحی پێشکەوتن دەناسێنێتو ئەوانیتریان وەک رۆحی دواکەوتوو ریزبەندیدەکات. لەم دیدە هیجڵیەدا مێژوو لە مەسیحیەتو لە دەوڵەتی مۆدێرنی ئەروپیدا، بە بەرزترین ئاسی گەشەکردنی خۆی گەیشتوە. بەشەکانی دیکەی دونیا لەم جوڵە گەورەیەی مێژوودا کەوتونەتە دواوەو ئامرازی گەیشتن بەو مێژووەشیان پێنییە گەر رۆحی نەتەوەیی خۆیان نەگۆڕن. لەڕاستیدا ئەم دیدە هیجڵیە ئەو ژێرخانە فەلسەفییە دەستنیشاندەکات کە تیزە رەگەزپەرستانەکەی رێنانی لەسەر دروستدەبێت. ئەم دیدە خورافیەی هیجڵە وا دەکات فەیلەسوفێکی وەک شۆپنهاوەر، هیجڵ بە (چەنەبازێکی نـەزۆک) ناوببات کە خاوەنی (کەڵەکەبوونێکی زۆری وشەو دەستەواژەی مشەوەهە کە ئەمیان ناکۆکە بەویتریانو بەدرۆشیدەخاتەوە) ئەڵبەتە من لێرەدا نامەوێت لە نرخی هیجڵ کەمبکەمەوە، ئەوەی دەمەوێت نیشانیبدەم ئەوەیە دەکرێت فەیلەسوفی گـەورە هەبێت ،بـەڵام دیدی بۆ گـۆڕان دیدێکی هێجگار ئەفسانەییو غەیبیبێت.

ئەوەی لەم نیشاندانە خێرایەی تیورەکانی گۆڕاندا بۆماندەردەکەوێت، لەسەردەمی ئیبن خەلدونەوە بۆ ئەمڕۆ، ئەوەیە گۆڕان بەشێکی ناوەکی ئەو دینامیکیەتە گەورەیەیە کە لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئامادەیە، ناکرێت گۆڕان بۆ یەک هۆکار بەتەنیا بگەڕێنینەوە، ناکرێت کـە باسمان لـە کۆمەڵگا کرد گۆڕان وەک بەشێکی گرنگی دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی نەبینین. هەڵەیە مێژوو وەک دووبارەکردنەوەی یەک گوتارو یەک ترسو یەک خەون وێنابکەین. ناکرێت ئاڵۆزییە قووڵو فرەلایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبینینو کورتیبکەینەوە بۆ کۆمەڵێک گشتگیریی نامێژوویی‌و ناڕاست. ئێستا بۆئەوەی دیدێکی میتۆدی بۆ خوێندنەوەو لێکدانەوەی گۆڕان پێشنیازبکەم کە تەبابێت لەگەڵ ئەو پێدراوە تیوریانەی لە سەرەوە باسمکرد، هەروەها بتوانێت دەربازمانکات لە وێناکردنی کۆمەڵگا وەک شاری هەنگو رزگاریشمانکات لە گشتگیری ناڕاست، هەندێک لە بۆچوونە گرنگەکانی مێژوونوسی فەرەنسی فێرناند برۆدێل دەگەڕێمەوە. هیوادارم ئەم پێشنیازە ببێتە دەسپێکێکی گونجاو بۆ خوێندنەوەی دیاردەی گۆڕانو سەرەتایەک دەستپێبکات بۆ لەدایکبوونێکی نوێی فیکری زانستی لە کوردوستانداو تێگەیشتنمان بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئاسانترو راستەقینەتر بکات.

ئاستە جیاوازەکانی گۆڕانکاریی مێژوویی

بۆتێگەیشتن لەگۆڕانکارییە مێژووییەکان مێژوونوسی فەرەنسی بەناوبانگ فیرناند برۆدێل باس لە پێویستی جیاکردنەوەی سێجۆر خێرایی لە گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا دەکات. جیاکردنەوەی ئەم خێراییە یەکێکە لە پێداویستە گرنگەکانی تێگەیشتن لە مێژووو لە رووداوەکـانـی نـاوی. چونکە خێرایی تێپەڕینو جوڵەی زەمـەن لە هەریەکێک لە کایە جیاوازەکانی پراکتیکو چالاکیی ئینسانەکاندا جیاوازو تایبەتە. ئەمەش وادەکات توانای خۆتازەکردنەوەو گۆڕان لە کایەیەک لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازبێت لەویتریان. بۆ نموونە، جوڵەی زەمەنو خێرایی گۆڕان لە کایەی سیاسەتدا جیاوازە لە جوڵەی زەمەنو خێرایی گۆڕان لە کایەی ئابووریدا: گۆڕانەکانی ناو سیاسەت خێراترن لە گۆڕانەکانی ناو ئابووریی. لەناو کایە کولتوریەکاندا جۆرێک لە جوڵەی زەمەنو گـۆڕان هەیە، جیاوازە لـەوەی لە کایەی بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکاندا هەیە: بەرهەمە تەکنۆلۆژییەکان زۆر زووتـرو خێراتر لە کولتوورو بەها کولتوورییەکان گۆڕانیان بەسەردادێت.(تەماشای خێرایی گۆڕانی مۆدێلە جیاوازەکانی مۆبایلو کۆپیوتەر بکە بەبەراورد بە گۆڕان لە شێوازی پێکەوەبوونی نێرو مێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا)زەمەنی نـاو پـرۆسـەی شکڵگیری کۆمەڵایەتی جیاوازە لە زەمەنی گۆڕانو گەشەکردنی زمان: دروستبوونی گروهی کۆمەڵایەتی نوێ خێراترەو زووتر شکڵگیردەبێت تا دروستبوونی گـۆڕان لە زماندا.(رەهەند وەک گروپ لەماوەیەکی کورتی ناوەراستی ساڵانی نـەوەدا دروستبوو، بەڵام گۆڕان لە زمانی حاجی قادرەوە بۆ زمانی رەهەند سەدەیەکی پێچوو). گۆڕانی زیهنیەتو عەقڵیەت زەمەنێکی دەوێـتو خێراییەکی هەیە زۆر جیاوازە لە گۆڕانی زەوقو چێژ مۆدێلەکانی جلوبەرگو ئارایش، یان لە گۆڕانی بڕێکی زۆر لە دەزگاکان.(چێژی مۆسیقی نەوەی من لەگەڵ گۆرانی فارسیدا دروستو گەورە بوو، چێژی ئەم نەوەیە لەگەڵ گۆرانی تورکیو وردە وردە لەگەڵ مۆسیقای راپدا).

بە کورتی لە هەریەکێک لە کایانەدا زەمەنو گۆڕان خێراییەکی تایبەتی هەیە، لە هەندێکیاندا هێواشو لەسەرخۆیە، وەک لە گۆڕانی زمـانو زەیـنو عەقڵیەتدا، لە هەندێکی دیکەیاندا خێرایە، وەک لە کایەی سیاسەتو تەکنۆلۆژیاو زەوقدا. ئەم خێراییە جیاوازانەش پەیوەندیان بە پێکهاتو جۆری پەیوەندیو تواناو هێزی ناوەکی هەریەکێک لەو کایانە خۆیانەوە هەیە. بەم جیاکردنەوەیە، برۆدێل، دەیەوێت بڵێت کە هەر کایەیەکو مێژوویەکی تایبەتی دروستبوونو گۆڕانی خـۆی هەیە، بۆیە ناکرێت قسە لە یەک مێژوو بکەین بۆ هەموو ئەو کایانە پێکەوەو قسەش لەیەک خێرایی بۆ گـۆڕانو یەک شێوازی گۆڕانکاریی بکەین لەناو ئەو گشتە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەدا.

بێگومان ئەم جیاکارییە مانای ئەوە نییە کایەکان لێکدیدابڕاونو ئەم بەجیاو بێ پەیوەندیلەگەڵئەویدیادەژی،بەپێچەوانەوە ئەم کایانە لە پەیوەندی کارلێکو کارلێکی پێچەوانەدان لەگەڵ یەکدا. ئەوەی بەلای برۆدێلەوە گرنگە نیشاندانی ئەو راستییەیە کە ئەو کایانە بە هیچ جۆرێک هەڵگری یەک ریتمو یەک نەغمەو یەک خێرایی گۆڕان نینو بەیەک شێوە دروستنابن. هەرگیز یەک هۆکاریش لەناوەوە هەموویان ناجوڵێنێت، هەموویان لەژێر حوکم یان کاریگەری یان فشاری یەک گوتارو یەک دیدو یەک سیاسەتدا نین، مەرج نییە ئەو فاکتەرانەی سیاسەت ناچار بە گۆڕان دەکەن، هەمان ئەو فاکتەرەبێت کە زمان، یان تەکنۆلۆژیا، یان ئابوری، یان زەوق، ناچار بە گۆڕانبکات. دەشێت هۆکارەکانی تازەبوونەوەی زمان پەیوەندییان نەبێت بە هۆکاری شکڵبەندی کۆمەڵایەتی هێزێکی تـازەوە، وەکچۆن دەشێت گۆڕانی خێرای یەکێک لەو کایانە ببێتە سەرەتای دەستپێکردنی گۆڕانی گەورەو هێواش یان خێرا لەکایەکانی تردا.

لەپاڵ ئەم بۆچوونانەدا برۆدێل سێ ئاستی سەرەکی زەمەنو لەوێشەوە سێ ئاستی سەرەکی گـۆڕان لەیەکدی جیادەکاتەوە: یەکەمیان ناودەنێت زەمەنی رووداو، دووەمیان زەمەنی سیاقیو سێیەمیشیان زەمەنی درێژخایەن.

١ـ زەمەنی رووداو یان (مێژووی کورت Events time):

رووداو بـەو شتە دەگـوتـرێـت کە بەشێوەیەکی خێراو لەماوەیەکی کورتدا روودەدات. ئەو رووداوانەی هەریەکێک لە ئێمە رۆژانە لە ژیانی تاکەکەسی خۆمانو لە ژیانی دەستەجەمعیدا دەیانبینینو تیایاندا دەژین، سەر بەم ئاستە تایبەتەی زەمەنو مێژوویەکی کورتخایەنیان هەیەو زوو تێدەپەڕێت. بەبڕوای برۆدێل درێژی ئەم مێژووە دەشێت لە رۆژێکەوە تا ساڵێک بخایەنێت. ئەم مێژووە کورتخایەنە لەوجۆرە مێژوانەیە کە راستەوخۆ دەرکی پێدەکرێت، هەر ئەوەندە دەخایەنێت تا رووداوەکـان روودەدەنو کۆتاییانپێدێت. مێژووی بانگێشتەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لەمڕۆدا دەشێت وەک نموونەی ئەمجۆرە رووداوەنیشانیبدەین.ئەم مێژووەتا ئێستا کەمترە لە دوو هەفتەیە دەستیپێکردوەو دوای چەند هەفتەیەکی دیکەش کۆتاییپێدێت. ئەم مێژووە بەو دروستبوونی بانگەشەکە دروستدەبێتو لەگەڵ کۆتایی بانگەشەکەدا کۆتاییپێدێت. برۆدێل دەڵێت، ناتوانین لە چوارچێوەی ئەم مێژووە کورتخایەنەدا لە هۆکاری دروستبوونو کۆتاییهاتنی ئەم دیاردەیە تێبگەین. بۆ نموونە ناتوانین لـەو هەموو حەماسەتەی هـەوادارانـی (لیستی گـۆڕان) تێبگەین، گەر هاتوو ئەم حەماسەتەمان لەناو مـێـژووی کورتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکاندا جێگیرکرد. بێگومان ئەم مێژووە کورتە شتێکمان لەسەر ئەو حەماسەتە پێدەڵێتو هەندێک ئاکاری تایبەتی ئەو هێزەمان بۆ ئاشکرادەکات کە بە حەماسەتەوە دەجوڵێت. بەڵام وەک برۆدێل دەڵێت، بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم حەماسەتە پێویستە تەماشای سیاقێکی گەورەترو فراوانتر بکەین کە ناوی دەنێت(مێژووی نیمچەدرێژ).

٢ـ زەمەنی سیاق یان (مێژووی نیمچەدرێژ Conjonctures) :

ئەم ئاستەی زەمەن درێژخایەنترە لە ئاستی یەکەمیانو لە جەوهەریشدا ئاستی لە دایکبوونو گەشەکردنو ئامادەبوونی هەموو ئەو هێزانەیە کە زەمینە خۆشدەکەن بۆ هاتنە کایەی رووداوەکـان. ئەم زەمەنە دەشـێـت لە دە سـاڵـەوە تا پەنجا ساڵ بخایەنێت. لێکدانەوەی ئەم ئاستەی زەمەن ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت کە بزانین بۆ دەرەنجامی شتەکان بەو جۆرەن کە هەن، بۆ ئەو رووداوانـە رووپانداو روودەدەن، هۆکارەکانیان کامانەن، لە کوێوە هاتوونو چ پێکهاتێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتووری لە پشتی رووداوەکـانـەوەن. لـەرووی تیوریيەوە درێژی ئەم کاتە ئەوەندەیە، تا بۆ نموونە، دەورەیەکی ئابووری دروستدەبێت، یان هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو فۆرم وەردەگـرێـت، یان پارادایمێکی زانستی دروستو بالادەست دەبێت. گەر بمانەوێت لە رووداوی حەماسەتی هەوادارانی (لیستی گۆڕان)تێبگەین،ئەوکات دەبێت ئەم حەماسەتە گرێبدەینەوە بە قەیرانەکانی دەسەڵاتداریتی کوردیی دوای راپەڕینەوە، لە قەیرانی شەرعیەتو ئەخلاقو مۆراڵی سیاسییەوە بیگرە بۆ گەمەکردنێکی نابەرپرسیار بە ماناکانی کـوردبـوونو نیشتیمانو هاوڵاتیبوونو بەرپرسیارییەت، دەتوانین گرێبدەین بەکارە تیوریيەکانی رۆشنبیرانەوە لەدوای راپەڕینەوە، بەدروستبوونی رۆژنامە ناحیزبییە ئازادەکانەوە، بە گەشەی رەخنەی سیاسیو بەرهەمهێنانی وێنەو زمانو چەمکو تیورەی نوێ دەربارەی دەسەڵاتو دەسەڵاتداریتییەوە، گرێبدەینەوە بە گەشەی ناوەکی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان خۆیانەوەو گۆڕانیان لە حیزبی شۆڕشو خەباتی چەکداریيەوە بۆ ئامرازی کۆنترۆڵکردنو پەراوێزخستنی کۆمەڵگا بەدەست نوخبەیەکی پادشایانەی تازەوە کە لەدونیای دوای راپەڕیندا دروستبوو، بە گۆڕانی ئەو پەیوەندیانەوە لەنێوان کۆمەڵگاو حیزبو لەنێوان حیزبو دەسەڵاتدا دروستبووە. ئینجا دەکرێت هەنگاوێک دورتربڕۆینو بیبەستینەوە بە بەشێک لەو بزوتنەوەی نارزیبوونانەی لە هەشتاکاندا قوتابیان لە کوردستاندا ئەنجامیاندا، گرێبدەین بە دروستبوونی ئەو کولتوری نارەزاییدەربڕینو پرۆتێستەوە کە نەوەی نوێ لەنەوەدەکاندا گەشەیانپێدا، یاخود بیبەستینەوە بە لەدایکبوونی نەوەیەکی نوێوە کە لە قۆناغی دوای راپەڕیندا دروستبووەو مێژوویەک ژیاوە تەواوجیاواز لە نەوەکانی تری کۆمەڵگای کوردی. بەکورتی لەم ئاستەدا رووداوەکـان دەخرێنە ناو مێژوویەکی نیمچە درێژەوە کە هاریکاریمان دەکەن بۆ تێگەیشتنو راڤەکردنی زانستییان.

٣ـ زەمەنی دوورخایەن یان (مێژووی دوور Long durée):

ئەم ئاستەی زەمەن ئاستێکی دوورو درێـژخـایـەنـەو بـرۆدێـل بـە قووڵترین ئاستەکانی زەمەنی دادەنێت. (مێژووی دوور) ئاستی درووستبوونو بەرجەستەبوونی خـوورەوشـتـە کـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـانو شێوەگیریيو دروستبوونی خوو عادەتو میکانیزمەکانی بیرکردنەوەیە، ئاستی بە بوونیادبوونی زیهنو عەقڵییەتە. لەم ئاستەدا بوونیادی بیرکردنەوە فۆرم وەردەگرێت، ئەو عەقڵییەتو شێوازی نرخاندنو داوەریو هەڵسەنگاندنە باوانە دروستدەبن کە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بالادەستن. گۆڕینی خورەوشتی کۆمەڵایەتیو گۆڕانی عەقڵییەتو گۆڕانی شێوازی بیرکردنەوەو نرخاندنو زیهنیەت، لەچاو گۆڕانەکانی دیکەدا زۆر بە هێواشیو لەسەرخۆ روودەدەن، بەڵام هەرگیز بە جێگیریو نەگۆڕیی نامێننەوە. گۆڕانی پراکتیکو عادەتە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانی دەزگا سیاسییەکان، گۆڕانی زمان، گۆڕانی بەهاکان، هەموویان سەر بەم شێوە تایبەتەی گۆڕانن. پەڕینەوە لە قۆناغی بەر لە سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی سەرمایەداری، یان لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنەوە بۆ قۆناغی مۆدێرنە، یـان لە قۆناغی ئیمپراتۆریە فرەنەتەوەییو ئەمارەتە لۆکاڵییەکانەوە، بۆ قۆناغی دەوڵەتی نەتەوەییو هاتنەکایەی ناسیۆنالیزم، لەنموونە دیارەکانی ئەم گۆڕانکارییە دوورخایەنانەن. لەهەموو ئەم گواستنەوانەدا بوونیادەکانی زەینو عەقڵ، دەزگاکان، عادەتو بەهاو ئەخلاقیات، گۆڕانی ریشەییان بەسەردایێت. بەڵام وەک وترا لە مێژوویەکی دووردا بەخێراییەکی هێواشو لەسەرخۆ. بـەلای (بـرۆدێـل)ەوە گۆڕانە ریشەییو قووڵەکان لە کۆمەڵگادا بەرهەمی کارلێکردنی ئـەو سـێ ئاستەی زەمەنە بەسەریەکەوە، بەڵام زۆرجار ئەو دوایەمین شێوەیەی کە رووداوەکـان وەریدەگرن لەلایەن ئاستی دوورخایەنی کاتەوە، کە ئاستێکی بونیادییە، دەستنیشاندەکرێت. بەڵام ئەم مەسەلەیە بـەدوورە لەهەموو جۆرە حەتمیەتێکو هەرگیز بەیەک ئاراستەش نییە. چونکە وەک برۆدێل دەڵێت، دەشێت رووداوێکی کورتخایەن، یان مەسەلەیەک کە مێژوویەکی کورتخایەنی هەیە، ببێتە هۆی گۆڕانی ئاستە بوونیادییە قووڵەکەو سەرەتایەکی تەواو تازە دروستبکات. گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت گەمە بەخێراییەکان بکاتو دەسکاری پەیوەندییەکانی نێوان کایەکان بکات. بـەڵام لەهەموو دۆخێکدا بۆ تێگەیشتن لە گۆڕانو بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی بوونیادەمێژووییەکان پێویستمان بە لێکدانەوەی هەر سێ ئاستەکەی زەمەنو کارلێکو کارلێکی پێچەوانەی ئەم ئاستانە لەگەڵ یەکتریدا، هەیە. لەم ئاستەدا دەکرێت لەدایکبوونی ئەم حەماسەتەی ئێستاو ئەم بزوتنەوەیەی هاوشانیەتی لەناو مێژووی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەدا جێگیرکەین کە مێژوویەکی درێژیان لە دونیای ئێمەدا هەیە. دەکرێت بە گرنگترین رووداوی ناو ئەم مێژووە دەستپێبکەین کە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو دروستبوونی کۆمەڵێک دەوڵەتە لەناوچەکەدا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە. ناونیشانی گەورەی ئەم گۆڕانە بریتییە لە گۆڕان لە ئیمپراتۆریەتی فرەنەتەوەییو فرەدینو فرەئەتنییەوە بۆ دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر بنەمای بوونی یەک نەتەوە. لەم پرۆسەیەدا یەکێک لە گرنگترین گۆڕانە گەورەکان بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتبێت گۆڕانی پێگە سیاسییەکەیەتی، کە بریتییە لە دابەزینی بۆ ئاستی (کەمایەتییەکی نەتەوەیی) بچووک لەناو چوارچێوەی چوار دەوڵەتی نوێو گەورەدا لەناوچەکەدا. ئەم گۆڕانە مێژوویيە جۆرێکی تایبەت لە بیرکردنەوەی سیاسی، جۆرێکی تایبەت لەوێناکردنی شوناسی نەتەوەییو جۆرێکی تایبەت لە هەڵسەنگاندنو داوەریکردنی لەدونیای ئێمەدا دروستکردوە. هەستێکی تایبەتی بە چەوساندنەوە، بە ئـازادی، بە سەربەخۆییو بە عەدالەت دروستکردوە، کۆمەڵێک وێناکردنو چاوەڕوانیو ئاسۆی بینینی لەگەڵخۆیدا هێناوە. دەشێت ئەوەی ئەمڕۆ رووەدات لەناو ئەو مێژووە دوورەدا جێگیرکرێتو هەندێک ئاستو رەهەندی تری ببینرێتو بدۆزرێتەوە کە گەر لەم ئاستەدا لێینەڕوانین دەشێت نەیانبینینو دەرکیان پێنەکەین.

دەرەنجام

خوێندنەوەو بینینی گـۆڕان کارێکی تیوریو میتۆدی زۆری دەوێـت، هەموو پەنابردنێک بۆ گشتگیریو پێشداوەریو وێنەی زیهنی ئەبستراکت لەسەر مێژوو توانای بینینو خوێندنەوە دەشێوێنێت. هەلی بینینی ئەگەرو ریگرو مژدەو هەڕەشەکانی ئەو ساتەوەختە مێژوویيەمان لەکیس دەدات. بۆئەوەی لە کۆمەڵگاو مێژوو بگەین دەبێت چەمکی گۆڕان بووبێت بەیەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو دیـدو جیهانبینیمان. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە جیاکردنەوەی ئەم ئاستو جووڵە جیاوازانەی ناو گۆڕان وامانلێدەکات چاوەڕوانییەکانمان لە گۆڕانو ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی زانستیترو راستەقینەتر دابڕێژین. بۆ نموونە چاوەڕوانی گۆڕینی زیهنیەتو عەقڵیەتی سیاسی تێکەڵنەکەین بە گۆڕانی دەستبەجێ یان کورتخایەنی هاوکێشە سیاسییەکان. بەڵام ئەوەی کە لەهەموو شتەکانی تر گرنگترە ئەوەیە لەبەردەم هەر گۆڕانێکی مێژوویدا چاومان لەهەر سێ ئاستەکە بێت بەیەکەوە، بەبێ ئەوەی بەیەکیان تێکەڵبکەین.

تێبینی: لەبەر درێژنەبوونەوەی زیاتری باسەکە هێمام بە سەرچاوەکانی ئەم باسە نەکردوە

لەکاتێکدا بەشەکەی دیکەی رووی لە گواستنەوەی بوونی بایۆلۆژییە لە قۆناغە سادەو کەم گەشەکردوەکانەوە بۆ قۆناغی ئاڵۆزو گەشەکردوتر. لەهەردوو دۆخەکەشدا مەبەستێک یان غایەتێک لەپشتی گـۆڕانـەوە هـەیـە، یەکێکیان خۆگەنجاندنو مانەوەیە، ئەویدیکەیان گەشەکردنو پێشکەوتنی بەردەوامە. بڕێکی زۆر لە کۆمەڵناسەکانی سەدەی نۆزدەیەم ئەم دیدەی داروین لەئاستی لێکدانەوەو شیکردنەوەی بایۆلۆژیاوە دەگـوازنـەوە بـۆ ئاستی لێکدانەوەو شـیـکردنـەوەی ژیـانـی کۆمەڵایەتیو گـۆڕانو گەشەکردنی دەستەجەمعی. لەم گواستنەوەیەشدا کۆمەڵناسەکان تێزە سەرەکییەکەی داروین کە گۆڕان بە ئامانجێکەوە گرێدەدات، دەپارێزنو وێنەیەکی کۆمەڵگا دروستدەکەن کە تیایدا گـۆڕان هەمیشە رووی لە ئامانج یان مەبەستێکی تایبەتە. گۆڕانی کۆمەڵایەتی هەمیشە وەک گـۆڕان لـە ئاستێکی نزمەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر وێنادەکەنو مێژووی مرۆڤایەتیش لەهەمان دیدەوە وەک مێژووی بەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوام دەخوێننەوە. لەم دیدەدا ئەوەی تازە دێتو دادەمەزرێت لەوەی کە هەیەو دەڕوات باشترو بەنرختترو بەرزترە. بوونی کۆمەڵایەتی تازە گەر بوونێکی پێشکەوتوترو باشتر نەبووبێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە نەیدەتوانی خۆی بسەلمێنێتو باڵادەستببێت، چونکە لە ململانێکاندا مانەوە بۆ بەهێزو بۆئەوەیە کە باشتر خۆی لەگەڵ دونیاو دەوروبـەردا دەگونجێتو باشتر لەوانیدی دەتوانێت خۆی پێشبخات. ئەم دیدە کۆمەڵگا وەک ئۆرگانیزمێکی زیندوو تەماشادەکات کە لەبەشو لقی جیاواز دروستبووەو هەموویان یـەک هیواو یەک ئامانجی سەرەکی دەیانجوڵێنێت، ئەو ئامانجەش گەیشتنە بە بوونێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوترو باشتر. ئۆگست کۆنت، مارکسو دۆرکهایم، هێربرت سبنسەر، هەریەکەو بەجۆرێک لەژێر کاریگەری ئەم دیدە داروینیەدا بوون. (لەسەدەی نۆزدەیەمدا ئەم دیدە داروینیە لەناو بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرە تازەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بڵاودەبێتەوەو دەبێتە شوێنی ستایشو پیاهەڵدانیان، کتێبەکەی داروین نەک زۆر زوو بۆ عەرەبی وەردەگێڕرێت، بەڵکو هەندێک لە ڕۆشنبیرە گەورەکانی ئەو سەردەمەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەیوەندی شەخسیان لەگەڵ بیریارە گەورەکانی ئەو سەردەمی بیری (داروینیزمی کۆمەڵایەتی)دا هەبووە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەم دیدە داروینیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شیعرەکانی حاجی قادری کویدا ئامادەیە، بەڵام بەداخەوە من لێرەدا مـەودای باسکردنی ئەم بابەتەم نییە، گەرچی ئیشکردن لەسەر ئەم بابەتە بەشێکە لە پرۆژەیەکی درێژ کە من چەند ساڵێکە کاری لەسەردەکەمو هیوادارم ساڵی داهاتوو پێشکەش بە خوێنەرانی کوردی بکەم).

بێگومان ئـەم دیـدە ئۆرگانییە بۆ گـۆڕانو بۆ کۆمەڵگا دواتـر لەسەدەی بیستەمدا ڕەخنەی توندتی لێدەگیرێتو ئەو پێداگرتنەش لەسەر بوونی یەک ئامانجو یەک یەکێتیی ئۆرگانی لە کۆمەڵگادا وەک هەقیقەتێکی ڕەها مامەڵەناکرێت، بەڵکو گرێدەدرێتەوە بە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەو هاتنەکایەی دەوڵەتی نەتەوەیی کە بۆ سەقامگیربوون وێنەیەکی یەکگرتووی کۆمەڵگایان پێویستە. بەداخەوە لێرەدا مەودای باسکردنی ئەم مەسەلەیەشم نییە.

سـەدەی نـۆزدەیـەم سـەدەی ڕاستەقینەی هاتنەکایەی مۆدێرنەیە، جیهان وەک گشتێک لەجوڵەیەکی گەورەدایە بۆئەوەی ببێتە بەشێک لەم پرۆسە گەورەو فرەلایەنەی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو ڕەمزیی، بێگومان بە بڕو تواناو میکانیزمی جیاوازەوە. ئەمڕۆ زیاد لە تێزێکی زانستی دروستبووە نیشانیئەدات ئەو دیدەی کە تازەبوونەوە تەنیا بە داهێنراوێکی ڕۆژئاوایی دەزانێتو گوایە سەرەتا شتەکان لە ڕۆژئـاوادا تازەبوونەوەو دواتر لە فۆرمی مۆدێلی حازردا بە دونیادا بڵاوبوونەوە، ڕەخنە دەکات.

ئەم خوێندنەوە نوێیانە پیشانی دەدەن کە دەستپێکردنو هاتنەکایەی مۆدێرنە پرۆسەیەکی جیهانیی بـەرفـراوانـەو لەیەکاکاتدا لەزیاد لە بەشێکی دونیاوە دەستیپێکراوە. واتە بێجگە لە ڕۆژئاوا زیاد لەبەشێکی دونیا لەم پرۆسە مێژوویە ئـاڵـۆزەوە ئـاڵاوەو لەپەیوەندییەکی دینامیکیو ئاڵۆزادلەگەڵیەکداهاتۆتەکایەوە. بەداخەوە ئەم باسەش دەکەوێتە دەرەوەی تواناو مەبەستی ئەم وتارەوە.

سیفەتی سەرەکی ئەم دونیا تازەیەش بەرپابوونی گۆڕانی خێراو فرەلایەنە لە بـوارە جیاوازەکانی ژیـانو بوونی کۆمەڵایەتییانەی ئینساندا. بەر لە دونیای مۆدێرن گۆڕانی کۆمەڵگاکان گۆڕانی هێمنو لەسەرخۆو بەرتەسکبوون. بەر لە کۆتاییەکانی سـەدەی هـەژدەیـەمو سـەرەتـاکـانـی لـەسـەدەی نـۆزدەیـەم چوارچێوە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە هێمنی گۆڕاونو ماوەی درێژیان ویستوە بۆئەوەی ژێرەوژووربوونی کۆمەڵایەتیو سیاسی دروستببێتو چوارچێوە کۆنەکان بگۆڕێنو چوارچێوەی نوێ شوێنیان بگرێتەوە. بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمەوە گۆڕان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەبێتە دیاردەیەکی خێراو بەردەوامو بەرفراوان، ڕووی لە زیاد لە ئاستو مەوداو کایەیەکی ژیـانـی کۆمەڵایەتییە. دروستبوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش، وەک وتم، لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بەم گۆڕانکارییە گەورانەوەو خۆشی یەکێکە لە هـۆکـارە گرنگەکانی بـەردەوامـیو بەهێزبوونی ئەم پرۆسە بەرفراوانەی گـۆڕانـکـاری. لەدایکبوونی زانستی (کۆمەڵناسی) لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بۆ نموونە، وابەستەی هەوڵدانە بۆ تێگەیشتنو خوێندنەوەی دەرکەوتو مژدەو کێشەو دەرنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییە گەورانە. ئۆگست کۆنت، مارکس، دۆرکهایمو ڤێبەر لەناوە هەرەدیارەکانی مێژووی فیکرن کە بەشێوەی جیاواز سەرقاڵی خوێندنەوەو تێگەیشتنو ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانە گەورەو تـازانـەن. تیورە هـەرە سەرەکییەکانی لـێـکـدانـەوەی پـەیـدابـوونو گـۆڕانـی کۆمەڵایەتی لە مێژووی فیکردا هەر بەناوی ئەم کەسانەوەن. تیورەی (ماتریالیزمی مێژووی) لای مارکس یەکێکە لەو تیورانە کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر شێوازی خوێندنەوەو بەرخوردکردنی گۆڕان لە مێژووی فیکردا بەجێهێشتوە. بەپێی ئـەم تیورەیە ئـەوەی گۆڕانەکانی ناو مێژوو دروستو بەڕێوەدەبات ململانێی بێبەرانەوەو نەپساوی چینەکانە لەگەڵ یەکدا. ئەم ململانێیە بەردەوام هێزی شۆڕشگێڕو گۆڕانخواز دروستدەکات کە خوازیاری بەرپاکردنی گۆڕانی هەمەلایەنو ڕادیکاڵن لە مێژوودا. ئەم گۆڕانانەش وادەکـەن قۆناغە مێژوویەکان لەیەکدی جیاوازبنو تازەکەیان لەوەی کە بەجێهێڵراوە باشترو پێشکەوتوتربێت. مێژووی مرۆڤایەتی لە ڕوانگەی (ماتریالیزمی مێژوویی)ەوە) مێژوویەکی پڕ گۆڕانەو ئەم گۆڕانانەش ئاراستەیەکی دیارکراویان هەیە کە تیایاندا گۆڕانو گواستنەوە لە کۆمەڵگایەکی فرە ناکۆکیو فرەچینەوەیە بەرەو کۆمەڵگایەکی بێچینو بێناکۆکی، دێتەکایەوە.

ماکس ڤێبەر، وەک مـارکـس، لە مێژووی مرۆڤایەتی دەڕوانێتو دەیەوێت ئەو هێزە بدۆزێتەوە کە لەپشتی گۆڕانە مێژوویییەکانەوەیە. ڤێبەر لەباتی ململانێی چینایەتی پرۆسەی بە (عەقڵانیکردن) بە هۆکاری سەرەکی گۆڕانە مێژوویییەکان دادەنـێـت. لای ڤێبەر ئـەوەی مێژوو دەگۆڕێت ململانێی چینەکان نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی عەقڵانیو لۆژیکی ئینسان خۆیەتی. بەباوەڕی ڤێبەر مێژوو بەرەو ئـەوەدەڕوات بیرکردنەوەی عەقڵانیو لۆژیکی لـەزۆر بـوارو ڕەهەندی ژیاندا شوێنی بیرکردنەوەی دینیو عاتفی بگرێتەوەو ببێتە پاڵنەری سەرەکی گۆڕانە کۆمەڵایەتیو مێژوویییەکان. داماڵینی سیحر لەدونیا ئەو ئاراستەیە کە مێژووی مرۆڤایەتی بـەرەوڕووی دەڕوات. ئەم تێڕوانینە بنەمای ئەو تێزەیە کە باس لە پرۆسەی هەرچی زیاتر بە عەلمانیبوونی دونیا دەکات لەسەدەی نۆزدەیەم بەدواوە. بـەداخـەوە کـەوتـنـەدوای ئـەم تێزەش دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وتارەوە.

مـەوداو خێرایی گـۆڕان لە سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە بەڕادەیەکە هەندێک کۆمەڵناس ئاراستەی بیرکردنەوەی خۆیان دەگوازنەوە بۆئەوەی لەو شتانە بدوێن کە نابێت بگۆڕێن، ئەو شتانەی کە لەدیدی ئەماندا کۆمەڵگا بە کۆمەڵگایی دەهێڵێتەوە، وادەکات کۆمەڵگا وەک کۆمەڵگا کاربکاتو نەپوکێتەوە. ئەم قوتابخانەیە لە فیکری کۆمەڵناسیدا پێیدەگوترێت (قوتابخانەی وەزیـفـیـەت)، لـێـرەدا خاڵی سەرەکی لێکۆڵینەوەو ڕاڤـەکـردە گـۆڕان نییە، بەڵکو هاوسەنگییە، واتە لێکۆڵینەوەیە لـەو ڕەهـەنـدانـەی وادەکـەن کۆمەڵگا هاوسەنگییەکانی بپارێزێتو وەک کۆمەڵگا بمێنێتەوەو لەبەریەکهەڵنەوەشێتەوە. ئەم دیدە دەپرسێت چی دەبێت نەگۆڕێت بۆئەوەی کۆمەڵگا وەک کۆمەڵگا بمێنێتەوە؟ چین ئەو شتانەی کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا دروستدەکەنو هاوسەنگییەکەی دەپارێزنو نابێت بهێڵدرێت گۆڕانیان بەسەردابێت؟ بە کورتی، دەکرێت چی بگۆڕرێتو چی وازلێبهێنرێتو وەک خۆیبێتو نـەگـۆڕدرێـت؟ کۆمەڵناسی ئەمریکی (تالکۆت پارسۆنس) بەناوبانگترین کەسێکە دەربڕی ئەم شێوازە تایبەتەی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسییە. لە دیدی پارسۆنسدا کۆمەڵگا لەدۆخی سروشتیو ئاسایی خۆیدا ئارامو هاوسەنگە. کۆمەڵگا بۆیە پێیدەگوترێت کۆمەڵگا چونکە هاوسەنگو ئارامەو خۆی وەک گشتێک ڕاگرتوەو پاراستوە، بۆئەوەی بشمێنێتەوە دەبێت بتوانێت هاوسەنگی خۆی بپارێزێت. بۆیە لەبەرامبەر هەر گۆڕانێکدا کە بشێت هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی تێکبدات، کۆمەڵگا هـەوڵـی خۆگونجاندنو دۆزیـنـەوەی هاوسەنگینوێی پێویستەوئەم مەسەلەیەش بـەبـەردەوامـی ڕوودەدات. بۆئەوەی تـەوازن تێکنەچێت ئـەوەی لەشوێنێکدا دەگۆڕێت، لەشوێنێکی دیکەدا شتێکی دیکە دەسەلەمێنێت. گۆڕان لەم دیدەدا دۆخێکی تایبەتو کاتییەو کۆمەڵگا دەتوانێت خۆی لەگەڵدا ڕابهێنێتو سەرلەنوێ هاوسنەگی خۆی بەدەستبهێنێتەوە. گۆڕان لێرەدا وەزیفەیەکی هەیە جێبەجێیدەکات، بـەڵام جۆرێک لە ناهاوسەنگی کاتیش دروستدەکات.

یەکێکی دیکە لەو قوتابخانە گرنگانەی کە لەسەر مەسەلەی گۆڕان کاریکردوە تیورە جیاوازەکانی ململانێیە. لەم دیدەدا گۆڕان هەمیشە ڕووی لە دەسکاریکردنی واقیعێکە کە بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە لە قازانجی هەندێک هێزی کۆمەڵایەتی تایبەتدابێتو زیان بە هەندێک هێزی دیکە بگەیەنێت. گۆڕان لێرەدا وەک دەرکەوتێکی گـرنـگ لـە دەرکـەوتـەکـانـی ململانێ دەردەکەوێت لە پێناوی گۆڕانی دونیاو ڕزیبەستنە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکەیدا. لەم دیدەدا ئیشی گۆڕان، بە پلەی یەکەم، بریتییە لە چارەسەرکردنی نایەکسانیو ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی. نەهێشتنی ئەو جیاوازییانەی کە هێزێکی کۆمەڵایەتی تەواو پەراوێزو لاواز دەکاتو بە هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکە دەسـەڵاتو هەیبەتو دەسکەوتێکی زۆر دەبەخشێت. لێرەدا ململانێ وەک هێزێکی پۆزەتیڤو بەسود مامەڵەدەکرێت، نەک وەک هێزێک کە گوایە هاوسەنگیو هێمنی کۆمەڵگا تێکدەدات. لەم خاڵەدا تیورەی ململانێ تەواو ناکۆکە بە تیورەی وەزیفەگەرایی کە پێشتر باسمکرد.

بێگومان لێرەدا مەوداوی ئەوە نییە باس لەهەموو ئەو تیورانە بکەین کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر گۆڕان هەن. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە گۆڕان بەشێکی دانەبڕاوە لە فیکری تیوری هاوچەرخ کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی دونیای هاوچەرخ کاردەکاتو دەرکەوتو هۆکارو دەرەنجامەکانیان دەخوێنێتەوە. فیکرێک لەسەر گۆڕان کاربکات، پێویستە تـوانـای بینینی گۆڕانەکانی هەبێتو وێنەیەکی دینامیکی پڕجوڵەی بۆ کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتی هەبێت، وێنەیەک پڕ لە گۆڕانو هەڵبەزو دابەز، تێکەڵێکی ئاڵۆز لە ساتی هاوسەنگو هێمن لەگەڵ ساتی ململانێو کێبڕکێو گـۆڕان، وێنەیەک ناکۆک بە جێگیریو بەتاڵیو بێڕووداویو خۆدووبارەکردنەوەو چەقبەستن.

لێکدانەوە ئەفسانەییەکانی گۆڕان

بێگومان گـۆڕان تەنیا لێکدانەوەی زانستییانەی بۆنەکراوە، تەنیا لەو دیدە دینامیکییەی لەسەرەوە هەندێک لە تێما سەرەکییەکنیم باسکرد نەخوێندراوەتەوە، بەڵکو چەندان تیورەو بۆچوونیش هەن کە پەیدابوونی گـۆڕان لەپاڵ دیدێکی ئەفسانەییو غەیبدا لێکدەدەنەوە. هەر لەسەدەی نۆزدەیەمدا چەندان تێڕوانین لەسەر گـۆڕان دروسـتـدەبـن، گەرچی ناوبانگێکی زۆر دەردەکـەنو بە دونیادا بڵاودەبنەوە، بـەڵام لـەوە تێپەڕناکەن کـە کـۆمـەڵـێـک تێڕوانینی غەیبیو میتایفیزیکیانەبن، لەپێش هەمووانیشەوە بڕێک لە لێکدانەوە بەناوبانگەکانی ئارسنت ڕێنانو جۆرج دومیزیل. من لەبەر دوو هۆ لێرەدا تەنیا لەسەر ڕێنان دەوەستم.

یەکەم: لەبەر نەبوونی مەوداو شوێن.

دووەم: لەبەرئەوەی ئەو شێوازی لێکدانەوەو بەرخوردەی ڕێنان پیادەیدەکات، پەیوەندی بە دونیاو کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیەوە هەیە کە ئێمە تێییدا دەژینو دیدەکانی ئەم پیاوە ماوەیەکی هێجگار درێـژ کـاریـگـەری گـەورەیـان لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی فیکریو تیوری لەم ناوچەیەدا هەبووە.

ڕێنان گۆڕانە گەورەکانی ڕۆژئاوا لـەسـەدەی هـەژدەیـەمو نـۆزدەیـەمـدا نابەستێتەوە بـە فـاکـتـەرو هـۆکـارە کـۆمـەڵایـەتـیو مـێـژوویـیـەکـانـەوە، نابەستێتەوە، بۆ نموونە، بە ململانێی چینایەتییەوە وەک لای مارکس، یان بە پرۆسەی عەقڵانیەتەوە وەک لای ڤێبەر، یان بە لەدایکبوونی جۆری تازەی هاریکاری کۆمەڵایەتییەوە وەک لای دۆرکهایم، یان بە شێوازەکانی دیکەی ململانێی کۆمەڵایتییەوە وەک لای تیورەی ململانێ. ڕێنان گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمە دەبەستێتەوە بە هۆکاری ڕەگەز یان عونسەرەوە. ڕێنان پێیوایە پێشکەوتنەکانی ڕۆژئـاوا پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ڕۆژئاواییەکان سەر بە ڕەگەزی ئارینو هەڵگریی (عەقڵانیەتێکی ئـاریـانـەن)کـە تـوانـای بیرکردنەوەی فەلسەفیو زانستی هەیە، لەکاتێکدا دونیای دەرەوەی ڕۆژئـاوا، بەتایبەتی دونیای ئیسلام، سەر بە ڕەگەزی سامینو هەڵگری (عەقڵانیەتێکی سامییانەن) کە ناتوانێت فەلسەفەو زانست بەرهەمبهێنێت. بەبۆچوونی ڕێنان (عەقڵی سامی) عەقڵێکە ناتوانێت پرسیاری ئەبستراکت بکات، ناتوانێت ئەنجامگیری لۆژیکیانەبکاتو ناتوانێت پەیوەندی ئەبستراکت لەنێوان شتەکاندا بدۆزێتەوە. لەکاتێکدا ئەم شتانە لە ئاکارە سەرەکییەکانی عەقڵی ئارین. عەقڵێکیش لە عەقڵی ئاری نەچێتو وەک ئەو ئیشنەکات، وەک لەو ناوچەیەی ئێمە تیایدا دەژین، ناتوانێت عەقڵێکی تیوریو فەلسەفی بێت.

ڕێنان ڕەگەزی ڕۆژئاواییەکان دەباتەوە سەر یۆنان، کە بە بێشکەی فەلسەفەی دادەنێت، لەکاتێکدا ڕەگـەزی سامییەکان دەبـاتـەوە سـەر میلەتە کۆنەکانی وەک بابلیو ئارامیو عیبرانیو سریانو عەرەب. ڕێنان نەک تەنیا گۆڕانکاری بە ڕەگەزەوە دەبەستێتەوە، بەڵکو بە زیهنیەتێکی تایبەتەوە کەلەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بەزمانەوە. بەبۆچونی ڕێنان زمانە ئەوروپییەکان توانای بیرکردنەوەی ئەبستراکتو فەلسەفی مەیسەر دەکەن، لەکاتێکدا زمانە سامییەکان ئەمەیان بۆناکرێت. بۆیە هەم عەقڵانیەتی ئارییانەو هەم کاراکتەری زمانە ئارییەکان وایانکردوە ڕۆژئاوا فەلسەفەو عەقڵانیەتو دیموکراسیەتو سەرجەمی دەسکەوتە تازەکانی دونیای مۆدێرن بەرهەمبهێنێت، لەکاتێکدا بەشەکانی تری دونیا لەدواونو بەجێماون. بە کورتی لەم لێکدانەوەیەی ڕێناندا ئەوەی دەستنیشانی تواناو جۆری گۆڕانەکان دەکات زمانو دینو ڕەگەزن، نەک ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانەی کە پێشتر دەستنیشانمانکردن.

ڕەگێکی گرنگی ئەم شێوازەئەفسانەییەی بیرکردنەوە لە گـۆڕان لەناو هەندێک لە بۆچونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی (هیجڵ)دایە. هیجڵ مێژووی میللەتو نەتەوەکان وەک دەربـڕو بەرجەستەکەری ڕۆحـی ئەو نەتەوانە وێنادەکات. لای ئەم پیاوە هەر نەتەوەیەک ڕۆحێکی تایبەتی هەیەو ئەو ڕۆحـەش لە هونەرو فەرهەنگو دینو دەزگا سیاسییەکانیدا بەرجەستەیە. ئەوەی دەستنیشانی ئەوەدەکات ئەو میللەتە بتوانێت فۆرمو شێوازەکانی تەعبیکردنی لەخۆی، لە ئاستی سیاسەتو ئابوریو هونەرو دەوڵەتدا بگۆڕێت یان نەگۆڕێت، تازەبکاتەوە یان نەکاتەوە، پەیوەندی بە ڕۆحی ئەو میلەتەوە هەیە. ماناکانی بوونی هەر میللەتێک لە سەردەمێکی مێژوویی تایبەتدا لەناو ڕۆحی گرینامکراوی ئەو میلەتەوە دێت. ئەم ڕۆحە

سیفەتی سەرەکی ئەم دونیا تازەیەش بەرپابوونی گۆڕانی خێراو فرەلایەنە لە بوارە جیاوازەکانی ژیانو بوونی کۆمەڵایەتییانەی ئینساندا. بەر لە دونیای مۆدێرن گۆڕانی کۆمەڵگاکان گۆڕانی هێمنو لەسەرخۆو بەرتەسکبوون. بەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم چوارچێوە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە هێمنی گۆڕاونو ماوەی درێژیان ویستوە بۆئەوەی ژێرەوژووربوونی کۆمەڵایەتیو سیاسی دروستببێتو چوارچێوە کۆنەکان بگۆڕێنو چوارچێوەی نوێ شوێنیان بگرێتەوە. بەر لە سەدەی نۆزدەیەم چوارچێوە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بە هێمنی گۆڕاونو ماوەی درێژیان ویستوە بۆئەوەی ژێرەوژووربوونی کۆمەڵایەتیو سیاسی دروستببێتو چوارچێوە کۆنەکان بگۆڕێنو چوارچێوەی نوێ شوێنیان بگرێتەوە. بەڵام لەم سەدەی نۆزدەیەمەوە گۆڕان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەبێتە دیاردەیەکی خێراو بەردەوامو بەرفراوان، ڕووی لە زیاد لە ئاستو مەوداو کایەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتیە

دیکتاتۆریەت لەدهۆک بۆ دەرکەوێت؟

ئارام حەمە رەحیم

لەسنووری پارێزگای دهۆک بەبەراوردلەگەڵ هەردوو پارێزگاکەی دیکە بانگەشەی هەڵبژاردن ساردوسڕە، ساردوسڕ بەمانا فیزیاییەکەی ئەو کەش‌و هەوایە نا کە ئەم تەممۆزە لەهەموو تەممۆزەکانی دیکە گەرمترە، ئەو کەش‌و هەوایە نا لەگەڵ خۆلبارینداا دەنگی نارەزایی دەبارێت، بەڵکو لەروانگەی سایکۆلۆژییەوە ساردوسڕی تاکەکان یاخود بەگشتگیرتر هەڵچوونی گەنجان لەو دەڤـەرەداو حەماسەتێک کە هەموومان بەرێتەوە بۆ رابردووی دەسەڵاتی یەکێتیی‌و پارتی‌و بیرکردنەوە لەئایندە بەشێوەیەک کە دەچێتە دهۆک هەستناکەیت ئایندە بوونی هەیە، هەستدەکەیت لەنێو رابـردوودا دەخنکێیت‌و خەڵکیش روانینی نییە بۆ ئایندە، کە دەچێتە دهۆک هەستدەکەیت ئێرە ئەو شوێنەیە کە بەپلەی یەکەم پارتی دەیەوێت‌و بەپلەی دووەم یەکێتی، هیچ مەعقولییەتێکی تێدا نییە لەدهۆکدا هیچ لیستێک بۆی نەبێت بانگەشەی هەڵبژاردن بکات، بەبیانووی ئەوەی کە پۆستەرو ریکلامی لیستەکان دەبنەهۆی پیسکردنی عەمودو دیـوارەکـان، لەمەوە بۆت دەردەکـەوێـت کە ئیدارەی ئەو شارە بێلایەن نییەو بەئاشکرا ڕێگرە لەبەردەم بانگەشەی لیستەکاندا، ئەو شوێنی ریکلامانەش کە لەلایەن شارەوانییەوە بەگرێبەست دراون بەکۆمپانیایەک، کۆمپانیاکە یان مەبەستی نییە یان ئەویش بەرژەوەندیی خۆی لەسەررو هەموو بەرژەوەندییەکانەوە دادەنێت، تەنات جگە لە لیستی کوردستانی هیچ لیستێکی دیکە لەتوانایدا نییە ئەو شوێنانە بەکرێ بگرێت‌و بانگەشەی هەڵبژاردنی تێدا بکات، ئا لەمەوە دەگەیتە ئەو ئاستەی لیستی کوردستانی ئـەو لێشاوە پـارەیـەی کە بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن تەرخانیکردووە لەتوانایدایە سەدان شوێنی دیکە لەکۆمپانیاکان بەکرێ بگرێت‌و بانگەشەی تێدابکات، ئیتر ئەو پرسیارەش بۆ خەڵک جێدەهێڵین کە لەمێشکیاندا دێت‌و دەچێت، ئەویش ئەوەیە ئەو پارەیەی پارتی‌و یەکێتی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن سەرفیدەکەن هی کێییە؟ ئەو پارەیە مولکی گشتییەو پێویستە بۆ بەرژەوەندیی گشتی سەرفکرێت نەک بۆ بەرژەوەندیی تایبەت.

لیستەکان بەم هەڵسوکەوتە ناتەندروستەی یەکێتیی‌و پارتی رازین‌و ئەرکی کۆمسیۆنە لەوە بپرسێتەوە کە ئەمە پارەی کێیە وا هەڵیدەڕژن بۆ بانگەشە، بەڵام لەدهۆک لەبەرامبەر ئەمەشدا دارو دیـوارو عەمودەکان قەدەغەن‌و ئەگەر لیستێکی دیکە جگە لە لیستی کوردستانی بیەوێت بانگەشە بکات، ئەوا دەبێت لەئاسماندا بانگەشە بکات، چونکە پارتی‌و یەکێتی هەر ئاسمان ماوە داگیری بکەن.

ئەو روانینە ناسروشتیی‌و بێبنەمایەی ئیدارەی دهۆک هێندە پوچەڵە کە هەر کەسێک کەمێک دنیای بینیبێت‌و لەبانگەشەی هەڵبژاردنی وڵاتان شارەزابێت، تێدەگات کە هیچ بنەمایەکی نییە، لەنزیک هەڵبژاردنەکانی لوبناندا ئەوەی سەیری دارو دیوارەکانی بەیروتی کردبێت لەو روانینە ناسروشتییەی شارەوانیی دهۆک تێدەگات کە ئەوە ئەرکی دەوڵەتە لەدوای هەموو هەڵبژاردنێک دارو دیوارەکان پاکبکاتەوە، وەک ئەوەی پێشتر هیچ روویننەدابێت، بەڵام ئەوان ئەو سەلیقەیەی کە بەحساب بۆ پاکراگرتن هەیانە دەتوانن لەگەڕەکەکاندا پەیڕەوی بکەن، هەر کوچەو کۆڵانێکی ئەو شـارە دەبینیت پڕە لەخۆڵ‌و خاشاک، لەکۆڵانەکاندا دەبەی ئاو بەرچاوت دادەپۆشێت، کەچی ئیدیعای پاکوخاوێنی دەکرێت‌و ئەو بیانووە دەهێنرێتەوە کە ئەگەر پۆستەر بەدارو دیوارو عەمودەکانی شاردا هەڵواسرێت ئەوا جوانی‌و سیمای شار تێکدەدات، ئیدارەیەک دەتوانێت باس لەجوانی شار بکات کە جواناسی بناسێت‌و حسابێک بۆ خەڵک‌و گەنج بکات، ئەگینا کێ هەیە لەو سیاسەتە نەگات کە قۆرغکردنی ئەو شوێنانەی کە داناوان‌و دراون بەکۆمپانیایەک تەنیا بۆ لیستی کوردستانییەو لیستەکانی دیکە زەقەی چاویان دێت، ئا لێرەوە دیکتاتۆریەتت لەو دەسەڵاتەی کە لەدهۆک دەسەڵاتی هەیە بۆدەردەکەوێت.

چۆن پۆڵاکە جۆش بدەین؟

مەجید ساڵح

حاشا هەڵنەگرە، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ریفۆرمخوازیی لە هەرێمی کوردستاندا سەرەتا لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەو پاوانخوازییەی کە هەندێک لە سەرکردەکان ئەو حزبە پەیرەویان دەکرد، دەرکەوت. پاشان وەک کاردانەوەیەکی بەرامبەر بەو گەندەڵی ئیداری دارایی و بەرێوەبردن‌و سیاسییانەی کە لە حیزبەوە گواستراباووەوە بۆ ناو جومگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم بزووتنەوەیە بوو بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری پەرشوبڵاو نارێک. روخساری بزووتنەوەی دژ بە گەندەڵی‌و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، بە زۆری لەو ریپۆرتاژو وتارو نوسینانەی کە لە رۆژنامە ئەهلیەکاندا بڵاودەکرانەوە بەرجەستەبوو، بە شێوەیەک رۆژنامە ئەهلیەکان بـوون بـەو بۆتەقەیەی کە دەنگە نارازییەکانیان لە خۆیاندا کۆکردەوەو تەنانەت بوون بە مینبەرێک بۆ سیاسەتمەدارە نارازییەکانی ناو حیزبە سیاسییەکان تاوەکو بۆچوونە ریفۆرمخوازییەکانی خۆیانی تێدا دەربرن.

قۆناغی یەکەمی هەوڵەکانی سیاسەتمەدارانی‌و تەنانەت رۆشنبیران‌و رۆژنامەنووسانی کوردستان لە پێناوی ئەوەدا بوو، دەسەڵاتدارنی هەرێمی کوردستان بهێننە ئەو باوەڕەی کە ئاراستەی حکومرانی کوردستان بەرەو هەڵدێر مل دەنێت‌و پێویستی بە ریفۆرم‌و چاکسازی‌و نوێکردنەوە هەیە. بارودۆخی ئەو قۆناغەش وای دەخواست کە سەقفی خواستەکان لەوە تێپەر نەکات. بەڵام دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەهۆی مەستبوونیان بەو پارە خەیاڵیەی کە لە بودجەی عێراقەوە بۆیان دەهات، وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی دونیا پێیان وابوو دەتوانرێت بە پارە هەموو نارەزاییەکان کپ بکرێتەوە. هەمیشە ئەو وتەیە بوو بە وێردی سەر زاریان «کورد لە ژیانیدا ئەوەندە پارەی نەبووە، خەڵک چییان دەوێت بیاندەنێ». ئەوان خافڵ بوون لەوەی «مرۆڤ تەنیا بە نان ناژی».*

سەرکردایەتی دەسترۆیشتووی کوردستان، زۆر بە خێرایی هەموو وەعدو بەڵێنەکانی شاخی لەبیر چووەوەو بوو بە لاسایکەرەوەیەکی زەقی رۆبرت مۆگابی. ئەوان پێیان وابوو، ئەم عێراقە هەتا ماوە نابێتە وڵاتێکی دیموکراتی‌و وەک جاری جاران لێپێچینەوەو موحاسەبەکردن نابێت‌و ئەمان دەتوانن لە سایەو پەنای ئەو عێراقە پشێوەدا بە ئارەزووی خۆیان درێژە بە تاڵانی‌و فەرهودەکانی خۆیان بدەن.

بەڵام دەرکـەوت ئەوەی لای ئەوان خەیاڵە لە بەغدا بەتاڵە، لەوێ هیچ وەزیرو گزیرێک لە ئەماندا نیەو لە سەرۆک کۆمارەوە بۆ سـەرۆک وەزیـران‌و تا فەرمانبەرێکی بچووک وەک یەکن لەبەرامبەر یاساداو هاکا زانیت لیژنەی نەزاهە بەرۆکی پێگرتن.

بـە واتـایـەکـی دی، سەقامگیری سیاسیی‌و پتەوبوونی دامـودەزگـا قەزایی‌و پەرلەمانی‌و ئیدارییەکانی حکومەتی ناوەندی، ڕێگەیان خۆشکرد بزووتنەوەی ریفۆرمخوازیی لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی نوێ هەڵنێت‌و تەنانەت ئاستی خواستەکانیشی لە ریفۆرم‌و چاکسازییەوە بەرزکاتەوە بۆ «گۆران». گۆران لە سیستمی حوکمرانی‌و دەسـەڵاتـی پـەرلـەمـان‌و دەسەڵاتی قەزا، گۆران لە پەیوەندی نێوان حزب‌و حکومەت، گـۆران لە بەشداریکردنی خەڵک لە بریارە چارەنووسسازەکاندا، گۆران لە پەرەوەردەو فێرکردن‌و چۆنێتی ئیدارەکردنی باری ئابووریدا.

سیماکانی ئـەم قـۆنـاغـە بـەوە جیادەکرێتەوە، خواستی گۆران، بوو بە خواستێکی جەماوەریی‌و دەربازی بوو لە تەکەتولێکی ناو حزب‌و ئەو رەخنانەی لە میدیاکاندا دەگیران. ئەوەی ئێستا داوای گۆران دەکات تەنیا ریفۆرمخوازەکانی نـاو یـەکـێـتـی‌و پـارتـی نـیـن، تەنیا رۆژنامەنووسەکان نین، لە هەموو چین‌و توێژەکانی کـوردەواری تێدایە، تەنانەت ئەم خواستە نەبەسترا‌وەتەوە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، خەڵکی زاخۆ بە هەمان نەفەسی خەڵکی کفری گۆرانی دەوێت.

ئێستا کوردستان لە دوریانێکی چارەنووسسازدایە، یان گواستنەوە بۆ دیموکراتییەتێکی حەقیقی، یان لاسایکردنەوەی دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە. خۆشبەختانە ئەو دیموکراتیەتەی کە نیوسەدە لە پێناویدا خەباتمان کردو ویستمان لە بەغدا پەیرەوبکرێت ئێستا لـەوێ لە گەشەکردندایە. عێراق چی دی عێراقەکەی جـاران نییەو نابێت کوردستانیش کوردستانەکەی سەردەمی شەری ناوخۆو پاوانخوازیی حیزبی بێت. لە ٧/٢٥ بەو لاوە شنەبای گۆران هەڵدەکات‌و بە دەنگمان پۆڵاکە جۆش دەدەین.

* ناونیشانی وتارەکە لە رۆمانێکی رۆماننووسی روسی «ستروڤسکی وەرگیراوە
* وتەیەکی عیسای مەسیحە

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانية/ ٢

ژمارە: ٦٥٦/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٧

ئاگاداری
داواکاران/ کیوان‌و سامی‌و کامران‌و شلێر کوران‌و کچانی حسین صالح لەگەڵ جلال‌و صلاح حسین صالح
داوا لەسەرکراو/ ساماڵ احمد محمود
بۆ داوا لەسەرکراوان (کیوان‌و سامی‌و کامران‌و جلال‌و صلاح و شلێر کوران‌و کچانی حسین صالح)
داواکار بەناوی (ساماڵ احمد محمود)
لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوی/ کردون بە ژمارە ٦٥٦/ب/٢٠٠٩ تایبەت لابردنی گرێبەست (فسخ العقد) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت/ بونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگاداركردنەوەت/ کردنەوەتان لە دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بە مەبەستی ئامادەبونت/ بونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٢) بەپێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواکە دەبینێ.

دادوەر
شکر سلطان عدو شاهین

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانية/ ٢

ژمارە: ٦٢٨/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٦

ئاگاداری
داواکار/ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن سەرەڕای کارەکەی
داوا لەسەرکراو/ کۆمپانیای BSCP عراقی
بۆ داوا لەسەرکراو (کۆمپانیای BSCP عراقی بەرێوەبەر مینگ ئەنگ ویریۆس)
داواکار بەناوی (وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن سەرەڕای کارەکەی)
لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوی/ کردون بە ژمارە ٦٢٨/ب/٢٠٠٩ تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت/ بونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگاداركردنەوەت/ کردنەوەتان لە دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بە مەبەستی ئامادەبونت/ بونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٧) بەپێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواکە دەبینێ.

دادوەر
شکر سلطان عدو شاهین

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانية/ ٣

ژمارە: ١١٢١/ب/٢٠٠٩
ریکەوت: ٢٠٠٩/٧/٥

اعلان
الى المدعى عليه (جمال سعيد عبدالله) مجهول محل الاقامة والسكن حاليا
اصدرت هذه المحكمة بتاريخ (٢٠٠٩/٦/٣٠) قرارا من الدعوى البدائية المرقمة (١١٢١/ب/٢٠٠٩) بازالة شيوع القطعة المرقمة (٤٤/٩١ م ٦ قرطوغان) المشاع بينك و بين بقية الشركاء بيعا و توزيع ثمن على الشركاء كل حسب بعد طرح المصاريف القضائية والتعاب المحاماة لوكيل المدعين بالنسبة (١٠٪) من حصته موكليه المدعون وقد صدر الحكم بحقك غيابيا قابلا الاعتراض و التميز ولجمهولية محل اقامتك في الوقت الحاضر حسب شرح المبلغ القضائى لذا قرر تبليغك اعلانا بواسطة صحيفتين يوميتين محلتين ولك حق الاعتراض والتميز خلال المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى
هاشم عبدالحامد حمه سعيد

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانية/ ٢

ژمارە: ٣٢٥٣/ب/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٩/٧/٦

ئاگاداری
داواکار/ بەرهەم محی الدین عبدالله
داوا لەسەرکراو/ شوان شیخ جلال شیخ فرج
بۆ داوا لەسەرکراو (شوان شیخ جلال شیخ فرج)
داواکار بەناوی (بەرهەم محی الدین عبدالله)
لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوی/ کردون بە ژمارە ٣٢٥٣/ب/٢٠٠٨ تایبەت بە (عدم تنازالتعرب) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت/ بونتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگاداركردنەوەت/ کردنەوەتان لە دوو رۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بە مەبەستی ئامادەبونت/ بونتان بۆ دادگایی کردن بۆ رۆژی (٢٠٠٩/٨/١٦) بەپێچەوانەوە ئامادە نەبیت دادگا بە غیابی داواکە دەبینێ.

دادوەر
شکر سلطان عدو شاهین

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانية/ ٣

ژمارە: ١١٢٠/ب/٢٠٠٩
ریکەوت: ٢٠٠٩/٧/٥

اعلان
الى المدعى عليه (جمال سعيد عبدالله) مجهول محل الاقامة والسكن حاليا
اصدرت هذه المحكمة بتاريخ (٢٠٠٩/٦/٣٠) قرارا من الدعوى البدائية المرقمة (١١٢٠/ب/٢٠٠٩) بازالة شيوع القطعة المرقمة (٤٤/١٤٣ م ٦ قرطوغان) المشاع بينك و بين بقية الشركاء بيعا و توزيع ثمن على الشركاء كل حسب بعد طرح المصاريف القضائية والتعاب المحاماة لوكيل المدعين بالنسبة (١٠٪) من حصته موكليه المدعون وقد صدر الحكم بحقك غيابيا قابلا الاعتراض و التميز ولجمهولية محل اقامتك في الوقت الحاضر حسب شرح المبلغ القضائى لذا قرر تبليغك اعلانا بواسطة صحيفتين يوميتين محلتين ولك حق الاعتراض والتميز خلال المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى
هاشم عبدالحامد حمه سعيد

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
محكمة بداءة السليمانية/ ٣

ژمارە: ١١٢١/ب/٢٠٠٩
ریکەوت: ٢٠٠٩/٧/٥

اعلان
الى المدعى عليه (جمال سعيد عبدالله) مجهول محل الاقامة والسكن حاليا
اصدرت هذه المحكمة بتاريخ (٢٠٠٩/٦/٣٠) قرارا من الدعوى البدائية المرقمة (١١٢١/ب/٢٠٠٩) بازالة شيوع القطعة المرقمة (٤٤/٩١ م ٦ قرطوغان) المشاع بينك و بين بقية الشركاء بيعا و توزيع ثمن على الشركاء كل حسب بعد طرح المصاريف القضائية والتعاب المحاماة لوكيل المدعين بالنسبة (١٠٪) من حصته موكليه المدعون وقد صدر الحكم بحقك غيابيا قابلا الاعتراض و التميز ولجمهولية محل اقامتك في الوقت الحاضر حسب شرح المبلغ القضائى لذا قرر تبليغك اعلانا بواسطة صحيفتين يوميتين محلتين ولك حق الاعتراض والتميز خلال المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى
هاشم عبدالحامد حمه سعيد

هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا

ئاماژە بە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیای گروپی عێراقی بۆ پەیوەندیەکان ژمارە ٢٢٠٧ لە ٢٠٠٩/٦/٤ کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ سلێمانی دەرچووە، داواکارین لە هەر کەس‌و لایەنێک کە خۆی بە خاوەن ماف دەزانێت لەسەر کۆمپانیاکەمان لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەوە تا (١٥) رۆژ سەردانمان بکات، بەپێچەوانەوە پاش ئەو ماوەیە بەپێی یاسا هیچ سکاڵایەک قبوڵ ناکرێت.
لەگەڵ ڕێزدا....

کۆمپانیای گروپی عێراقی بۆ پەیوەندیەکان

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

لەنێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی فەرەنسادا

د. شۆڕش حەسەن

ئەزموونی فەرەنسا لە ساڵی (١٩٦٢)ەوە تائێستا بە باشترین و سەرکەوتوترین نموونەی سیستمی حوکمی تێکەڵاو دادەنرێت، کە لە سایەیدا وا بۆ نیو سەدە دەچێت سەرۆکی وڵات لە هەڵبژاردنێکی ئازادو راستەوخۆدا دیاریدەکرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پاش کۆتاییهاتنی ئەو ماوەیەش بەهێمنی پۆستەکەی بۆ سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو چۆڵدەکات بەم شێوەیە دەسەڵات ئاشتیانە دەستاو دەست پێ دەکرێت بێ کێشەو ڕێگریی و بەرگرییەک لەگەڵ ئەوەشدا سەرکۆمار دەسەڵاتێکی فراوانی لە دەستە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە تائێستا لەلایەن هیچ سەرۆکێکی فەرەنساوە قۆرغنەکراوەو بەخراپی بەکار نەهێنراوە بۆ بەرژەوەندی و مەرامی حیزبی و تایبەت بێگومان ئەوانەی پشتیوانی لە پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا فەرەنسای وەک نموونەی دیار بۆ دەهێننەوە، بێ لەبەرچاو گرتنی جیاوازی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێرەو ئەوێ، هەرچەندە لەگەڵ گونجاوی ئەو سیستمەدا نیم بۆ ئێرە هەموو وڵاتێک هاوشێوەی ئێمەیە، بەڵام ئەمڕۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم سەپێنراو بەڕێوەیە. بۆیە لێرە لەپێناو پێشخستنی ژیانی سیاسی هەرێمەکەمان و دیموکراتیزەکردنی بە کردەوە پێویستە پەیڕەوکردنی ئەو سیستمە لێرە تەنیا لاسایی کردنەوەیەکی رووکەشانەی ئەزموونی فەرەنسا نەبێت، تەنیا لەو خاڵەدا یەکبگرینەوە لەگەڵیدا کە سەرۆکی هەرێم وەک فەرەنسا لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، بەڵکو پێویستە بە هەموو بنەما دیموکراسیەکانی ئەزموونەکەیان پابەندبین، بەتایبەتی ئەو کاندیدەی دوایی بە سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت لە هەمووی زیاتر پابەندی یاساکانی هەرێم بێت، ئامانجی بە دامەزراوەییکردنی حوکم بێت لە هەرێمدا، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەمو لە ئەزموونی فەرەنسا سەرنجراکێشە کە پێویستە هەر کاندیدێک بۆ سەرۆک کۆماری فەرەنسا بەیانێک پێشکەش بە ئەنجومەنی دەستووری فەرەنسا بکات لەکاتی خۆکاندیدکردنی هەموو موڵکو ماڵی خۆی ئاشکرا بکات، ئەگەر لە هەڵبژاردنیش دەرچوو بە سەرۆک کۆمار، ئەوا ئەو بەیانە لە ڕۆژنامەی فەرمی فەرەنسا بڵاودەکرێتەوە ئەو ڕۆژنامەیەی کە یاساو بڕیارە گرنگەکانی تێیدا بڵاودەکرێتەوە، ئەو سەرۆکە ماوەی سەرۆکایەتییەکەشی کۆتایی دێت پێویستە لە سەری بە هەمان شێوە بەیانێکی دیکە پێشکەش بکاتەوە بەئەنجومەنی دەستووری لەسەر ئەو سەروەت و سامانەی هەیەتی، ئەمەش ئەوپەڕی شەفافیەتی دارایی کە لە فەرەنسادا بەرامبەر کەسێک ئەنجامدەدرێت کە گرنگترین پۆست و دەسەڵاتی وڵاتی لە دەستە، تا هاوڵاتیان بتوانن بەراوردی داهات و موڵکو ماڵی بکەن، لەو ماوەیەی سەرۆک بووەو بزانێت ئایا پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکارهێناوەو موڵکو داهاتی ناشەرعی پەیداکردووە، ئەمەیە دیموکراتیەتی راستەقینەو شەفافیەت لەحوکم کردندا بەرزترین پۆست و بەرپرسی وڵات دەخرێتە بەرچاودێری هاوڵاتیانو توانای لێپرسینەوەیان هەیە، ئەگەر زیادەڕۆیی کردبێت لەسەر داهاتی گشتی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا، ئێمە داوای پرۆسەیەکی لەم شێوەیە ناکەین لەسەر کاندیدەکانی سەرۆکی هەرێم، چونکە دڵنیام ئەو ئامادەییەیان تێدانییەو ئەگەر بشیکەن رووی راستی سەرمایەیان دەرناخرێت بەهۆی دواکەوتووی سیستمی کارگێڕی و دارایی و ئابووری هەرێم، بەڵام لێرە بەدواوە سەرۆکی هەرێم دەبێت بە کردەوە بیسەلمێنێت کە باوکی هاوڵاتیانی هەرێمەو ئەمین بێت لەسەر داهات و ماڵی میللەت، بەیەک چاویش هاوڵاتیان ببینێتو وەک یەک خزمەتیان بکات، هاوڵاتیان سوودمەندبن لە داهاتی هەرێمدا، ئەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتییەی لە سایەی دەسەڵاتی کوردی پەیدابووە لەو هەرێمە بە چەند یاساو بڕیارێکی بوێرانە چارەسەربکرێت، کۆتایی پێبهێنرێتو چاو لە کەس نەپۆشرێت بەهۆی خزمایەتی و نزیکی لە بەرپرسانەوە ئەو کاتە هاوڵاتیان هەست بە بوونی خۆیان و ئینتیماو دڵسۆزیان بۆ نیشتمانەکەیان دەکەن، بەو پەڕی ڕێزو حورمەتەوە لە سەرۆکو دەسەڵاتەکانی دیکەی هەرێم دەڕوانن و پشتیوانی لێدەکەن بە پێچەوانەوەش ناڕەزایی و گلەیی خەڵک بەردەوام دەبێت وەک ئێستا لە بەرامبەر سەرۆکو دامەزراوەکانی دیکەی هەرێم.

ڕێگای گۆڕان / گۆڕانی ڕێگا

هەوڵێک بۆ گواستنەوەی گۆڕان لە دۆخی تارماییەوە بۆ دۆخی بوونەوەر

بەکر عەلی/بەرلین

٢-٢

ئیدی کاتی ئەوە هاتووە هەموومان دەمامکەکان هەڵماڵین و لەسەر شانۆوە دابەزینە ناو ژیانەوە، کاتی ئەوە هاتووە هێمنانەو هۆشیارانە دەنگ بۆ گۆڕانی ئەو ڕێگا هەڵانە بدەین کە تاوەکو ئێستا پێڕەو کراون ئێستا چرکەی ئەوەیە بە دەنگەکانمان بتوانین ئاشتییانە بنەڕەتی سیاسەتو شێوازی سیستمی فەرمانڕەواییکردنی ئەم هەرێمە بگۆڕین، ئێستا دەتوانین بە دەنگەکانمان سەربەخۆیی: وەک زیندووترین ئۆرگانی ئازادی (وەک سلۆتەردایک پێیوایە) بهێنینە ناو ئەم کۆمەڵگایەو ببێتە کلتوورێکی سیاسیو دەستووری هەمیشەیی.

بێگومان بەو پێشمەرجەی ئەگەر بکەرو نوێنەرەکانی پرۆسەی گۆڕان کار بەو پرینسیپە بکەن کەوا ڕێگای گۆڕان بەسەر گۆڕانی ڕێگادا دەڕوات. واتە ئەوەی ئەرکی ئەوانە گۆڕینی ئەو ڕێگایەیە کە پارتی و یەکێتی تائێستا بەسەریدا ڕۆیشتوونو ئەمان چیتر بەسەریدا نەڕۆن، هەنگاوێک لە هەنگاوە گرنگەکانی گۆڕینی ئەو ڕێگایە، بریتییە لەوەی تەوقە لەگەڵ هەر دەستێکی ناحەزدا نەکەن کە بیەوێت سوود لەو ململانێیە ناوخۆییە وەربگرێت، بەرەی گۆڕان دەبێت سڵاو تەنیا لە هەموو ئەو دەستانە بکات کە بۆ خۆیان دەستی گۆڕانخوازن و هاوپەیمانی لەگەڵ گۆڕانخوازەکانیش دەخوازن، چاوی بەرەی گۆڕان تەنیا دەبێت نیگا ببڕێتە ئەو چاوانەی هەمان جیهانبینیان هەیە، دەشێت بۆ ئەمە نموونەیەکی مێژوویی و فەرهەنگی گرنگ بهێنینەوە، کاتێک ناپلیۆن لە بڵاوکردنەوەی شۆڕشەکەیدا بۆ ڕووخاندنی عەرشی پاشایەتی لە هەموو ئەوروپادا، دێت بۆ گرتنی ئەڵمانیای پاشایەتی ئەو سەردەمە، شاعیری گەورەی ئەڵمان گۆتە، کە خۆی لەبنەماڵەی پاشایەتی بوو، کوڕەکەی خۆی ڕەوانەی شەڕ دژی ئەو ناکات، چونکە دەیزانی ئەوەی ناپلیۆن بۆی هاتووە بریتییە لە گۆڕان نەک زەوتکردن ناپلیۆن ئەو سەرکردە سەربازییە گرنگە بوو کە سیستمەکانی پاشایەتی لە ئەوروپادا کۆتایی پێهێنا، لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو مەدەنی، تا گەیشتە میسرو لەوێ وتی: «ئیدی ڕۆمانی شۆڕشمان کۆتایی پێهێنا». لێرەوەیە هەندێک بیریار پێیان وایە ناپلیۆن هیگڵە لە کاتی کردەوەدا. لەبەر ئەوەشی کارەکتەرێکی وەها لەم ناوچەیەی خۆرهەڵاتدا شک نابەین، ئەوا تکایە بە وریاییەوە سڵاو لەو دەستانە بکەن کە دەستوور دەدەنە کێشەکانمانەوە کەواتە تەنیا پێشوازی لەو هێزانە بکەن کە لەناو کایەکانی خۆیاندا گۆڕانخوازو دیموکراتین، بەم پێودانگە هەنگاوێکی دیکەی گرنگی ڕەوتی گۆڕان ئەوە دەبێت هەر دەستەو گروپو کەسایەتییەک وەرنەگرن کە لە بنەڕەتدا خاوەنی جیهانبینییەکی لیبرالو گۆڕانخواز نین، بەڵکو ئەو دەبێت چاو ببڕێتە سەر ئەلیتەو هەڵبژاردەی تاکو گروپە کۆمەڵایەتییەکان، جیهانبینییەکی تەباو هاوبەشیان تیا ببینێتەوە لە پێناوی ئەوەی ناسنامەی خۆی بە پاکی رابگرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو لایەنانەی تائێستا دەسەڵاتیان لە دەستدا بووە هیچ شارەزای هەقیقەتی مێژوو نین، تائێستا سەرمەستی ئەو بردنەوەیەن کە لەڕێی زۆرینەی چەندایەتییەوە لەسەر تێچوونی چۆنایەتیو لەسەر بناغەی چەواشەکردنی جەماوەر بە وەهمە دێرینەکانی خەباتو شۆڕش بەدەستیان هێناوە، هەڵبەت ئەم ڕەوتە چیتر ناتوانێت هەروا بەسەر ئەو ڕێگایەدا ڕەوت بکات، لەگەڵ خۆیداو لەتەک خۆیداو لە ناوەوەی خۆیدا ناکۆکیو دژەکانی خۆی بەرهەم نەهێنێتەوە دیارە ئەو ڕێگا هەڵەیەی سیاسەتی کوردی بۆ کێشەکانی ناوەوەو دەرەوەی جیهانی خۆی گرتوویەتییە بەر، نارەزایی و تورەییەکی ناوەکی ئەوتۆی خولقاندووە، بەرادەیەک کەسایەتییەکی شیزۆفرینی و ئەمبیڤاڵینسی ئەوتۆی بەرهەمهێناوە، تەنانەت ئەوەشی لەناو ئیدارەی ئەم حکومەتەدا گەر پۆستێکی هەبێت، بە هەستێکی نهێنی لەگەڵ گۆڕاندایە. بەپێی یاسای سروشتو بەپێی لۆگیکی مرۆڤناسیو بەپێی مێژووی بەرپابوونی شۆڕشەکانی تێکڕای مرۆڤایەتی کەلەکەکردنی تورەیی خەڵک لە بەڕێوەبردنی حکومەتو سیاسەتی وڵاتەکەیدا دەرەنجامەکەی دەبێت گۆڕانو وەرچەرخان بێت.(نزیکترینو هەنووکەییترین نموونە، هەڵبژاردنەکانی ئێستای کوردستانو ئێستای ئێرانە). هیچ تاکێکو هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتی نابێت لە وتنی ئەم هەقیقەتەدا سڵبکاتەوە، هەروەک چۆن هیچ لایەنێک ناتوانێت لاساری لێبکات، ئێستای دۆخی سیاسیو ئابووریو شێوازی سیستمی دەسەڵات لە وڵاتەکەی ئێمەدا ئەو قۆناغە دەژێنێت کە ڕاستی هەبوونی تارماییەک بە دەوری ئەم کۆمەڵگایەدا دەسەلمێنێت، تارمایی گۆڕان دیارە هەر سەردەمێکیش شێوازی خۆی هەیە بۆ گۆڕینی دۆخی خۆی، هەرگۆڕانێکیش ڕووداوێکی تێکەڵە لە تێکڕای ئەو توخمو ڕەگەزانەی ڕۆحی ئەو کۆمەڵگایە پێکدەهێنن. مارکسو ئەنگلس لە سەردەمی خۆیاندا ئەوەیان ساغکردەوە کە هەموو مێژوو بریتییە لە مێژووی بەکارهێنانی تورەیی. هەروەک چۆن لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەو کەڵەکەبوونی سەرمایە لە ئەوروپادا مارکسو ئەنگلسی گەیاندە ئەو قەناعەتەی ئەم ڕەوتە دەبێت دژەکەی خۆیشی بەرهەم بهێنێتەوە کە کۆمۆنیزمە، ئەوەبوو لە ساڵی (١٨٤٨)دا ئەوان مانیفێستەکەیان نووسیو فانتۆمی ئەو هێزە ناوەکییە مێژووییەیان دەستنیشانکرد.

ئەمڕۆش لەجیهانی کوردیدا پاش کەڵەکەبوونی تورەیی، پاش گلدانەوەو پاشەکەوتکردنی ئەو هەموو نارەزاییو تورەییە کۆمەڵایەتییە، پاش ئیشکردنی هەڵەی سیاسیو ئابووری، پاش پەیدابوونی تارماییەکو هۆشیارییەک بە بنبەستبوونی جوڵەی سیاسیو کلتووری ئەم کۆمەڵگایە، ئیدی پێویست بە لەدایکبوونی هێزێک دەکات بۆ ڕێکخستنو ئۆرگانیزەکردنو خستنەگەڕی ئەم هێزە ناوەکییەو بۆ پراکتیزەپێکردنی ئەو هۆشیارییەی کە لێیەوە نەک هەر گۆڕانی سیاسی، بەڵکو گۆڕانی کلتووریشی لێبکەوێتەوە. لێرەوە تەنیا بکەرە سیاسییەکان هۆکاری بەرپابوونی گۆڕان نین، بەڵکو ڕەگەزە فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەکان ناوکی بەرپاکردنی (گۆڕانن)، چونکە لەبەرئەوەی هەموو هۆشیارییەک بە گۆڕان هەڵگری ناوکێکی فیکرییە کە ژیانی فەرهەنگیو سیاسی کۆمەڵگای هاوچەرخ دەیخوازێت لە بیرمان نەچێت بەرلەوەی بەرەی سیاسی بۆ گۆڕان ڕاگەیەندرێت، پێشتر بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیریو ڕەخنەیی هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە لەکایەکەدا چالاکبووە.

لە کۆمەڵگای هاوچەرخی کوردیشدا ئەوەی ئەمڕۆ بتوانێت لە یەکو دوو زیاتر بژمێرێت، واتە جگە لە پارتیو یەکێتی لایەنەکانی دیکەش بخاتە ژمارەنەوە، ئەوە دەتوانێت گۆڕان بەرپابکات. لەم بنەمایەوە ئەوەی بیەوێت گۆڕان بەرپا بکات نابێت بە چاویلکەی تەڵخی سیاسەتێکی بەرتەنگەوە تەماشای جیهانو ژیان بکات، بەڵکو دەبێت بەپێچەوانەوە لەچاویلکەی ژیانەوە بڕوانێتە سیاسەت. لێرەوەیە گۆڕان نابێت تەنیا دروشمێکی دیماگۆگییانەی قۆناغێکی سیاسی لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن بێت، بەڵکو دەبێت پرۆگرامێکی نەبراوەی فیکریو سیاسیو ئابوورییو کۆمەڵایەتی بێت کە گەشەو جووڵەی بەردەوامی کۆمەڵگا ببزوێنێت، گۆڕان دەبێت ئیعتراف پێکردن بێت بەو هێزە پەنهانەی ژێرەوەی کایەکان، دەبێت پێشوازیکردن بێت لەو میوانە مێژووییەی وەک تارماییەک سەردانمان دەکات. دەبێت ئەو تارماییە وەربگیرێتو بگوێزرێتەوە ناوکایەی ئیشپێکردنەوە. گۆڕان دەرکپێکردنی ئەم تارماییەو ئیشپێکردنێتی تا ببێتە هێزێکی ریالیتی بەرجەستە.

خۆشبەختانە هاتنە پێشەوەی وادەی هەڵبژاردنو ڕاگەیاندنی لیستی (گۆڕان) هیوای ئەوەمان پێدەبەخشێت کە ئەم لیستە هەستێت بە گۆڕینی تارمایی گۆڕان بۆ بوونەوەرێکی ڕاستەقینە، هەستێت بە گواستنەوەی گۆڕان لە بوونێکی هێزەکیەوە بۆ بوونێکی کردەکی، هەستێت بە گوێگرتن لەو دەنگە نارازییەی ناوەوەی کۆمەڵگاو کاربکات بۆ ڕێکخستنی، سیاسییانەو کلتوورییانەی ئەو هەموو تورەییە.

دیـــارە هـــەمـــوو شـــۆڕشـــەکـــان سەرچاوەکەیان تورەییە، تورەیی بەرامبەر سیستمی ناعەدالەتی دەسەڵات، بەرامبەر ڕژێمی ستەمکارانەی حوکم، بەرامبەر داخستنی سووڕی ژیانی کلتووری کۆمەڵگا. تورەیی گرد دەبێتەوەو ڕێکدەخرێتو دەبێتە شۆڕش، شۆڕش بەرپا دەبێتو سیستمێک قلپدەکاتەوەو جیهانێک دەگۆڕێتە جیهانێکی دیکە یەکێکیش لە هەرە بێوەیترین ڕێگاکانی بەرپاکردنی شـــۆڕش هەڵبژاردنەو بەهێزترین سەنگەریش کە لێوەی سەرکەوتن ڕابگەیەنرێت سندوقەکانێتی. هەنووکە لەدایکبوونی هێزی گۆڕانو ڕاگەیاندنی لیستەکەی ئیدی سەلماندنێکی تەواو نکولی لێنەکەری ئەو تارماییەیە. ئەم هێزە بۆ ئەوەی بچێتە سەر ڕێگای (گـــۆڕان)، ئەوا سەرەتا دەبێت گۆڕان بەسەر (ڕێگا)دا بەرپا بکات، چونکە ڕێگای گۆڕان بەسەر گۆڕانی ڕێگادا دەڕوات، واتە دەبێت هەموو تواناو کاری جەوهەری ئەم هێزە (با نەڵێین بزووتنەوە، چونکە هێشتا ئەو بارستاییو ڕەهەندەی وەرنەگرتووە) بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە تەرخانبکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا هێزێک دەتوانێت گۆڕان لەناو ماڵێکدا، دەزگایەکدا، کۆمەڵگایەکدا بەرپابکات، ئەگەر بتوانی ئەو ڕێگایە پێچەوانە بکاتەوە کە هێزی بالادەست پێڕەوی دەکات، گەشەی کۆمەڵایەتی گەیاندووەتە بنبەست ئەم هێزە دەبێت ئەو نهێنییەی ژێرخانو سەرخانی دەسەڵات بناسێتو ئاشکرا بکاتو بیخاتە بەر ڕەخنەی لەبەریەک هەڵوەشاندنەوە، ئەگەر ئەمەی دۆزییەوە، ئیدی کارکردن بۆ گۆڕینی میتۆدو ڕێگای ئەو لەخۆیدا دەبێتە یەکەمین هەنگاوەکانی گۆڕان ئەگەر بە سادەیی و کۆنکرێتانە بدوێین، ئەوا دەڵێین: ئەو ڕێگا هەڵەیەی یەکێتیو پارتی لە دابەشکردنی سامانو مافی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەدا پێڕەوی دەکەن، نابێت بەرەی گۆڕان بەسەریدا بڕواتەوە، بەڵکو پێچەوانەکەی بگرنەبەر ئەو خۆشنوودیەی ئەوان زەوتیان کردووەو تەنیا چینێکی دیاریکراو سوودمەندە لێی ئەوان نابێت پەیڕەوی بکەنەوەو کارکردن بۆ بە دیموکراتیزەکردنی خۆشگوزەرانی دەبێت ببێتە سیاسەتی سۆسیاڵو کۆمەڵایەتی ئەوان، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوان دەبێت ببنە ڕۆبن هوودێکی سیاسی مۆدێرن کە ئیشیان لێسەندنەوەی ئەو مافە بێت کە پاشاو بەرپرسەکان زەوتیان کـــردووەو دووبـــارە دابەشکردنەوەو گەڕاندنەوەی بێت بۆ کۆمەڵگا. دارشتنی ئەو شێوازی تێکەڵکردنە سامناکەی خێزان بە دەسەڵاتو هۆز بە نەتەوەو حیزب بە حکومەت کە تا ئێستا کراوە ئەوان دەبێت لەبەریەکی هەڵبوەشێننەوەو سەربەخۆیی بدەنەوە دەست ماف و یاساو پەرلەمان، ئاسنڕێژکردنی ژوورە نهێنییەکانی بڕیاردان لەبەریەک هەڵبوەشێننەوەو ساکاریو ڕوونی ئیشی سیاسەتیان بێت. واتە زۆر بەڕوونی دەبێت ئەمە دروشمی گۆڕانخوازەکان بێت، ئەو ڕێگایەی ئەوان بەسەریدا دەڕۆن، ئێمە دەیگۆڕینو بەسەریدا نارۆین، چونکە ڕێگای گۆڕان لە گۆڕانی ڕێگاوە دەستپێدەکات، لێرەوەیە خەڵکی بەوە دەزانن کە بایەخی ڕەوتی گۆڕان لەوەداپە کە ڕێگای حوکم دەگۆڕێت. بەم پێیە خەڵکی تەنیا لەبەرئەوە نابێت دەنگ بدەن بە لیستی B، چونکە لیستی A گەندەڵە، بەڵکو لەبەرئەوەی لیستی دووەم ناخوازێت بەسەر ڕێگای یەکەمدا بڕواتو هەڵەکانی یەکەم دووبارە بکاتەوە.واتە لیستی B دەبێت وانەی سوود وەرگرتن لە مـــێـــژووەوە فێربنو مـــێـــژوو وەک بابەتێکی پێداگۆگی بخوێننەوە تاوەکو ئەو هەڵانەی لە مێژوودا کراون ئەمان نەیکەنەوەو خۆیانی لێبپارێزن، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە لە ئەزموونەکانەوە فێردەبێت، ئەگەرچی ڕەوتـــی مێژوو پێشهاتی ئەوتۆی تێدایە کە پێشتر هیچ مەرەکەبێک لە هیچ کتێبێکدا تۆماری نەکردووە.

ئەگەریش ئیرادەی گۆڕان واتایەکی سیاسی هەبێت، ئەوا دەبێت چەند هێزێک لـــەوێـــدا هەبن خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی کردەوەییانەی ئەو ئیرادەیە تەرخان بکەن، چونکە بە تەنیا بکەرە سیاسییەکان نوێنەری تاقانەی ئەم هێزە نین، بەڵکو بکەرە ناسیاسییەکان لایەنی هەرە کاریگەرن لەهەر تەوژمێکی گۆڕاندا، چونکە لە جەوهەردا گۆڕان داخوازیی کلتووریانەی کۆمەڵگایەکە کە دەناڵێنێت لەژێر ئـــازاری بنبەستبوونی جوڵەی مێژووەکەیەوە، دەناڵێنێت بەدەست ژانی نەهاتنە ئـــاراوەی هیچ ڕوودانو هیچ گەشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە. گۆڕان هـــاواری کەلەکەبوونی تورەییە بۆ دەرچوون لەو دۆخەی چیتر لە ئەستۆ هەڵناگیرێت، بـــەڵام لـــەبـــەرئـــەوەی لە کۆمەڵگاکانی هاوشێوەی ئێمەدا سیاسەت میدیۆمێکی بەرفراوانی ڕاپەڕاندنی دەسەڵاتە، لەبەرئەوەش تەنیا دەسەڵات خاوەنی دەزگاکانی جێبەجێکردنە، ئەوا کۆی تەوژمەکانی دیکەی ڕەوتی گۆڕان بە سروشتی حاڵ دەڕژێنە ناو ئەستێلکی سیاسەتەوە. لـــەم پرەنسیپەوەیە کە ئیرادەی گـــۆڕان سیمای دیـــاری خۆی سیاسییانە نمایش دەکات.

ئێمەش بە پەرۆشەوە چاودەبڕینە ئەم هەڵبژاردنەو بە ئەرکێکی فەرهەنگییانەی خۆمانی دەزانـــیـــن هەستین بـــە هەر هاوکاریکردنو پشتیوانیکردنێک کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگاکەماندا بکەوێتەوە. ئیدی بە کۆی دەنگمان، بە کۆی هۆشیاریو بە کۆی خواستو ئارەزووەکانمانەوە هاوکاری بـــەرەی گۆڕانین، جا گرنگ نییە بکەرەکانی کێن، ئـــەوەی گرنگەو بایەخی سیاسیو کلتووری تێدایە هێنانە ئاراوەی فەرمانڕەواییەکی دیموکراتیو سیستمێکی دادپـــەروەری کۆمەڵایەتیو پاراستنی ئازادییەکانی مرۆڤی کوردە. ئەم سێ کوچکەیەش بریتین لە پیرۆزترین کوچکەکانی سەروەریو سەربەخۆیی. کـــەســـی ســـەربـــەخـــۆش ئەوکەسەیە کە ئـــازادانـــە بتوانێت هەڵبژێرێت. بە پێڕەوکردنی سیاسەت لەسەر بنەمای ئەو سێ کوچکەیە ئیدی دەسەڵاتی هەرێم، لەهەر ڕۆژگارێکدا بێت، هەم دەتوانێت ڕووبـــەڕووی ترسناکترین هەڕەشەی دەرەکـــی بێتەوەو هەم هەمیشەییترین هۆکاری مانەوەی خۆیشی بپارێزێت. خۆ ئەگەر پێچەوانەکەشی گرتەبەر ئەوا پوکانەوەو ڕمان چارەنووسی حەتمی دەبێت.

SAMSUNG

بۆ ئاسودەیی باشترینە

SAMSUNG

00964 770 152 0089 www.bayadgroup.com info@bayadgroup.com

Bayad Company

کۆمپانیای بەیاد

سلێمانی – شەقامی سالم – تەلاری جەمال حاجی عەلی – هەولێر – شەقامی پیرمام – تەنیشت بەزینخانەی شۆڕش – بەغداد – کەرادە – شەقامی سەددە

چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩

رۆژی دیکە دەیگۆڕین

١٨

گۆڕان

بڵاوکراوەیەکی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەکات

٥٧

التغيير
CHANGE
گۆڕان

No. 11 Date. 7 - 7 - 2009 ٢٠٠٩-٧-٧ ژمارە: (١١)

نەوشیروان مستەفا:

هەوڵدەدەین جیهانێک دروست بکەین کە کەس تیایدا نەڵێت خۆزگە ژن نەبومایە

بۆ ل٣

پەیامی نەوشیروان مستەفا

پرسی ئافرەت

خوشکو برایانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش

دەمەوێت بە گێڕانەوەی ئەم باسە بچمە ناو بابەتەکەوە:

بەر لە چەند ساڵێک لەگەڵ دوو کەسی پسپۆڕدا خەریکی تەعدیلی قانونی ئەحواڵی شەخسیو قانونی عقوباتو هەڵوەشاندنەوەی قەراری مەجلیسی قیادەی سەورە دەربارەی غسلی عار بووین، بۆ ئاگاداری خۆم بۆئەوەی هەندێک زانیاری لەسەر ژیانی ژنانی ماڵو کارمەندانی ناو دائیرەکانو پرسە ئاڵۆزەکانیان کۆ بکەمەوە، وەکو راپرسییەکی سنووردار چەند پرسیارێکم بە نووسین ئامادەکردو دام بە چەند ئافرەتێکی ناسیاوم و وەڵامەکانیم بۆ بنووسنەوە، دوای ئەوەی وەڵامەکانم وەرگرتەوە، هەندێک لە وەڵامەکان ئەوەندە کاریگەربوون تا ئیستاش لە بیرمدا بە زیندویی ماون. یەکێکیان لە کۆتایی وەڵامەکانیدا نووسیبووی: «ئای خوایە خۆزگە قەت ژن نەبومایە!»

رەنگە ئەم رستەیە بە قوڵترین مەعنا تەعبیر لە رەهەندە جیاوازەکانی کێشەی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، رۆشنبیری... رەگەزی مێینەی کورد بکات.

بەڵێ ئافرەتانی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئەوەندە نا لەبارو خراپدا دەژین کە هەندێکیان خۆزگە بەوە دەخوازن ژن نەبوونایە، ئەوان جگە لەو بێدادیەی وەک هەر هاوڵاتییەکی ئەم کوردستانە هەستی پێدەکەن، لەژێر گوشارێکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی ئەوتۆدان کە رێگەی لە موبادەرەو داهێنانو چالاکییان گرتووە، زۆر ئاشکرایە کە دەرفەتو هەلی یەکسان لەبەردەم ئافرەتانی کوردستاندا نییەو ئەوانەشی کە لە بواری گشتیدا کاردەکەن، روبەڕووی چەندان گوشاری کۆمەڵایەتیو تانەو تەشەرو ناووناتۆرە دەبنەوە کە زۆر ئازاریان دەدات، ئێمە دەزانین ئەو چاودێریە کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیەی بەسەر ژنانەوەیە هێندە گەورەو ناپێویستە کە زۆرێک لە ژنانی والێکردووە خۆیان لەبورای گشتی بەدوور بگرنو بەشداری تێدا نەکەن، تەنانەت ژنانی ناو ماڵیش لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەرکی سەرەکی کاری ناوماڵو رێکسختنو چاودێری منداڵانی دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام لەبەرامبەر ئەم ئەرکە سەختەدا هیچ پاداشتێک نەکرێو مافێکی ئەوتۆی نەبێت.

لەڕاستیدا کێشەی ژنانی ناوماڵ کە خۆیان بۆ ژیانی خێزانی تەرخانکردووەو کارێکی سەختی بێبەرامبەر دەکەن، لە کێشەی ئەو ژنانە سەختترە کە لەبواری گشتیدا کار دەکەن، چونکە لەلایەک بەهۆی داخراویی خێزانی ئێمەوە کەس بەهیچ یەک لەو بێدادیانە نازانێت کە دەشێت روبەڕووی ژنانی ماڵەوە ببێتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە بە بیانووی حورمەتی بواری تایبەتی کەس ناتوانێت دەستکاری ئەو رێکخستنە ناتەندروستە بکات کە دەشێ غەدر لە مافەکانی ژنانی ماڵەوە بکات. بوونو نەبوونی مافی ژنانی ماڵەوە پەیوەندی بەخێزانە کراوەو داخراوەکانەوە هەیە، نەک بە یاساو رێساگەلێک کە ئەم پەیوەندییە رێکدەخات، ئەگەر ژنانی ماڵەوە نەچەوسێنرێنەوەو مافەکانیان پارێزراو بێت، ئەوا ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چاکیو باشی ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو خێزانەی تیایدا دەژینو ئەگەر بچەوسێنرێنەوەو مافەکانیان پێشێلبکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی ئەو خێزانانەی تیایدا دەژین.

ئێمە بڕوامان وایە کێشەی ژنان ئەگەرچی رەهەندێکی جیهانی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی پەیوەندی بە فەرهەنگو ئەو دابونەریتە ناوچەییانەوە هەیە کە ژنان تیایدا دەژین.

*** رەهەندێکی جیهانی هەیە،** چونکە ئەم کێشەیە سەرتاسەری جیهانی گرۆتووەتەوەو تا ئێستاش ژنان لە زۆربەی وڵاتەکانی دنیادا لەپێش ئەو گروپانەوەن کە هەم توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، هەم دەستدرێژیی ئەخلاقییان دەکرێتە سەرو هەم وەک کاڵایەکی بازرگانیش بەکار دەهێنرێن.

* رەهەندێکی ناوچەیشی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابونەریتە ناوچەییانەی غەدر لە مافەکانی ژنان دەکاتو ئازادییان پێشێلدەکات (وەک دیاردەی ژن بە ژنو شیرباییو مارەبڕینی لەسەر بێشکە کە لە وڵاتی ئێمەدا کەم تا زۆر لە هەندێک ناوچەدا ماوە).

کێشەی ژنان لە کوردستاندا لەدوای راپەڕینەوە سیمایەکی تازەتری وەرگرت. چەندان رێکخراوی ژنان پەیدابوون کە بەناوی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنەوە دەستیان بەخەباتو تێکۆشان کرد، بەڵام بەداخەوە ئەم رێکخراوانە کە دەیانتوانی دەورێکی زۆر گرنگتر لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا ببینن، بەهۆی کەرتبوونی حیزبیو پیسبوونی ژینگەی سیاسییەوە ئەو دەورە کاریگەرەیان نەبینی کە دەبوو هەیان بێت، دیارە ئێمە بە چاوی رێزو تەقدیرەوە تەماشای رۆڵی هەموو کادیرو رۆژنامەنووسو هەڵسوڕاوانی ژنان دەکەین کە بۆ چەسپاندنی مافی ئافرەت هەوڵو کۆششیان کردووە، دەزانین هەندێکیان بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت دوچاری هەڕەشەو مەترسی بوونەتەوە، بەڵام کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنان کورت نابێتەوە بۆ هەندێک شتی بچووک کە زۆرێک لەرێکخراوەکانی ژنانی بەخۆیەوە خەریککردووە.

ئێمە بڕوامان وایە کێشەی ژنان لە کێشەی کۆمەڵ بەگشتی جیا نابێتەوە، چارەسەرکردنیشی پەیوەندی بە چارەسەرکردنی هەموو کێشەی کۆمەڵەوە هەیە، ناتوانین بڵێین کۆمەڵێکمان هەیە بۆ ژنان باشە، بەڵام بۆ خوێندکارو لاوانو کرێکاران خراپەو بە پێچەوانەوە یان بۆ ژنان خراپە، بەڵام بۆ ئەوانی دی باشە، ئێمە بڕوامان وایە ئەو سیستمە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی بۆ ژن خراپ بێت، بۆ هەموو ئەوانی دیکەش خراپەو بۆ ژنیش باش بێت بۆ ئەوانی دیکەش باش دەبێت. لێرەوە چاککردنی هەلومەرجی ژنان لەهەموو ئەو شتانەدا دەبینین کە سەرجەم سیستمەکە چاک دەکات، هەوڵدان بۆ ژیانێکی باشترو مافی زیاتر بۆ ژنان لە هەوڵدان بۆ ژیانی باشترو مافی زیاتر بۆ گروپەکانی دیکەی کۆمەڵ جیا نابێتەوە. لەم روانگەیەوە ئێمە لە لیستی گۆڕان پێمانوایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژنان دەبێت لە دوو ئاستدا کار بکەین:

ئاستی یەکەم، پەیوەندی بە فەرهەنگو پەرەوەردەوە هەیە. بەبێ کارکردن بۆ فەرهەنگێکی کراوەو پەروەردەیەکی تازەو هاوچەرخ، زەحمەتە ئەو هۆشیاریە کۆمەڵایەتیو سیاسییە درووستبکەین کە چەوسانەوەی ژنان نەهێڵیتو رێز لە مافەکانیان بگرێت، بەتایبەتی دەبێت کار لەسەر سیستمی پەروەردە بکرێتو لە قۆناعەکانی سەرەتای خوێندنەوە بیرۆکەی رێزگرتن لە مافی ئافرەت لەناو هەموو تاکێکدا بچەسپێنرێت.

ئاستی دووەم، پەیوەندی بە دەوڵەتو دارشتنی ئەو یاسایانەوە هەیە کە مافی ژنان بە یاسا رێکدەخات.

ئێمە لە لیستی گۆڕان کاردەکەین بۆ ئەوەی:

١) یاسایەک دەربکرێ بۆ قەدەغەکردنی تەحەروشی جنسی، چونکە بڕوامان بەوە هەیە بەشێک لەو بێدادییانەی روبەڕووی ژنان دەبێتەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە ژنان وەک سەرچاوەیەکی لەزەتی کاتی دەبینرێنو هەندێک کەسیش پێگەی بەرپرسیارێتی خۆیان بۆ ئەم مەرامە ناشرینە بەکاردێنن، دەرکردنی یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی تەحەروشی جنسی دەتوانێت رێگرێکی یاسایی بۆ ئەم فەسادە ئەخلاقییە دروستبکاتو چیدی ژنان نەبنە قوربانی هەندێک بەدنیاز.

٢) یاسایەک دەربکرێت بۆ مامەڵە لەگەڵ هەڵاواردنی رەگەزی، واتە معامەلە لەگەڵ تەمیزی جنسی. لەم بوارەدا دوو جۆرە هەڵاواردن هەیە کە یەکێکیان سلبیەو ئەوی دیکەشیان ئیجابیە:

أ) رووە سلبیەکەی هەڵاوردن ئەوەیە نابێت هیچ کەسێک جیاوازی لەنێوان ژنو پیاودا بکات چ لە ماڵو چ لە بواری گشتیدا، بۆ نموونە باوک یان بەڕێوبەر یان بەرپرسیارێک جیاوازی لەنێوان نێرو مێدا بکاتو چونیەکو یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ نەکات. پێویستمان بە یاسایەکە ئەم هەڵاواردنە قەدەغەبکات.

ب) رووە ئیجابیەکەشی ئەوەیە ئەوکاتەی دوو رەگەزی جیاواز داواکاری بۆ ئیشێک پێشکەش دەکەن، گەر هەردووکیان هەمان مەرجیان تێدابێت، ئەفزەلیەت بۆ ژنەکە بێت. کار بۆ ئەوەدەکەین یاسایەک تایبەت بەم خاڵە دەربکەین.

٣) یاسایەک دەربکرێ بۆ دابینکردنی مافەکانی ژنانی ماڵ واتە مافی «کابان». کار بۆ ئەوەدەکەین یاسایەک هەبێت ئەو کارەی ژنانی ماڵەوە ئەنجامی دەدەن، وەک کاری بواری گشتی تەماشابکرێتو لەلایەن حکومەتەوە مووچەی بۆ دابینبکرێت، بۆ نموونە ئەو ژنەی کە خزمەتی مێردێکی پیر یان باوکێکی پیر یان کەمئەندامێکی خێزانەکەی دەکات، دەبێت ئەم کارەی وەک کار لەبواری گشتیدا حساب بکرێتو مووچەی بۆ دابینبکرێت.

٤) کێشەیەکی دیکە کە روبەڕووی ژنان دەبێتەوە نەبوونی مافی بەتەنیا ژیانو بە تەنیا سەفەرکردنە، پێمانوایە سەرخستنی خوێندەواریو رۆشنبیربوونی ژنان، زۆر یارمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی بتوانرێ ئەم مافانەش بە یاسا رێکبخرێ.

٥) بەشێکی زۆر لەرێژەی نەخوێندەواری لە کۆمەڵدا لە ژاندایە کە ئەمەش شانسی دۆزینەوەی کارو هەلی باشتری کەمکردووەتەوە، نەهێشتنی نەخوێندەواریو کۆمەککردن بۆ زیاتر خوێندنی ژنان یەکێک دەبێت لەو خاڵە گرنگانەی لە لیستی گۆڕاندا گرنگی پێدەدەین.

خوشکانو دایکانو کچانو ژنانی بەڕێزی کوردستان، لێرەدا بە پێویستی دەزانم شیعرەکەی بێکەس کە نزیکەی (٧٠) ساڵ لەمەوبەر وتویەتی بە بیر بهێنمەوە کە کۆمەڵی کوردی شوبهاندووە بە مەلێک کە باڵێکی ژنەو باڵێکی پیاوەو دەڵێت:

نێرو مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێک نەدەن
دوورە دەرچوونمان لەدیلی مەل بە باڵا نافڕێ

هیوادارم سەرکەوتنی لیستەکەی ئێمە وەک سەرکەوتنی مافی زیاتر بۆ خۆتان تەماشا بکەن، گەڕ دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، هەوڵدەدەین جێهانێک دروستبکەین کە کەس تیایدا نەڵێ خۆزگە ژن نەبومایە.

کار بۆ ئەوەدەکەین یاسایەک هەبێت ئەو کارەی ژنانی ماڵەوە ئەنجامی دەدەن، وەک کاری بواری گشتی تەماشابکرێتو لەلایەن حکومەتەوە مووچەی بۆ دابینبکرێت

ئافرەتانی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئەوەندە نالەبارو خراپدا دەژین، هەندێکیان خۆزگە بەوەدەخوازن کە ژن نەبوونایە

ئێمە بڕوامانوایە، ئەو سیستمە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی بۆ ژن خراپ بێت، بۆ ئەوانیتریش خراپە

کاندیدەکانی لیستی گۆڕان

ئاراس وەلی مەحمود:

ئێمە لە ناو هۆڵی پارلەمانەوە دەستدەکەین بەگۆڕان

کاروان سۆران

بەرەو گۆڕان: لیستەکەی ئێوە لە بەرنامەی کاری خۆیدا کار بۆ لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو سەروەری یاساو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات، ئایا تا چەند دەتوانن ئەم بەرنامەی کارەتان بەرەو پێشببەن ئەگەر دەنگتان هێنا؟

– بۆئەوەی یاسا سەروەربێت.. دادگاکان ئازادبن.. سیستمێک بیمەی بێکاریو جۆرێک لە یەکسانی جڤاتی ببێتە ئەجێندای کاری کابینەی حکومەتی داهاتوو، ئێمە سەرەتا بە هەنگاوی گۆڕانکاریو چاکسازیی لە مۆدێلی پەرلەمانەوە دەستپێدەکەین، واتە لەناو هۆڵەکانی پەرلەماندا دەبێت دەنگی ئۆپۆزیسیۆن ببیسترێتو داکۆکیکات لەو بەرنامانەی کە خەلکی بەهیوای گۆڕانکاریو چاکسازی دەنگو متمانەی خۆیان بەخشیوەتە لیستەکەمان، ئێمە بەرهەڵستکاربین یان دەسەڵاتدار، کاری جددی دەکەین بۆ کاراکردنی حکومەتو دژایەتی بیروکراسیەتی تاسەر ئێسک گەندەڵ، واقیعیەتی ئەمڕۆی کوردستان بەشێوەیەکە دەوڵەمەندەکان ڕۆژبەڕۆژ دەوڵەمەندتر دەبن، هەژارەکانیش ڕۆژبەڕۆژ هەژارتر دەبن..! ئێمە جەخت لە داکۆکی یاسایەک دەکەینەوەو کار بەو جۆرە یاسایە دەکەین کە بتوانێت لێپرسینەوە لەو ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیە بکات، یاسایەک بەرقەرار دەکەین کە بوێریو لەڕووی پراکتیکیەوە بتوانێت بپرسێک (من این لک هذا)

سەروەری یاساو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دوو تەوەری دوورمەوداو فرە رەهەندن لە پرۆسەی گۆڕانی سەرجەم پێکهاتەی کۆمەڵگادا، ئەگەری ناوێت، چونکە دەنگەکانمان دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگرە ئەگەر مەبەستان ڕێژەی چەند لە کۆی دەنگەکان دەهێنین؟ باوەڕم وایە ئەو خرۆشانو حەماسەی لای توێژەکانی خەلکی کوردستانە، بۆ بەپیرەوە هاتنی لیستی گۆڕان باشترین بەڵگەیە، بە دەنگو پاڵپشتی ئەوان، بە متمانەی تەواوی ئەوان، دەبێت لە دوو ساڵی یەکەمی خولی پەرلەماندا بەشێک لەو بەرنامانە بووبنە ئەجێندای کاری حکومەت، بەشێکیشیان لە قۆناغی جێبەجێکردندا بن، لەبەر ئەوە مەسەلەی توانین یان نەتوانین نییە..! هێندەی پەیوەندی بە ئیرادەو ویستی کارکردنەوە هەیە لای لیستی گۆڕان بۆ ئەو شێوازە لە چاکسازییو گۆڕانکاریی لە بواری یەکسانی کۆمەڵایەتیو سەروەریی یاسادا.

بەرەو گۆڕان: ئەم هەڵبژاردنە وەکو دەبینرێت زۆر بە گەرموگوڕی بووەتە جێگای باسو مشتومڕی زۆربەی چینەکانی خەلکی کوردستان، ئایا پێتوایە ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی هەرێمدا بکات ؟

– بەڵێ.. بێگومان پێگەی ئەم هەڵبژاردنە لە مێژووی هەژارو کەمئەزموونی هەڵبژاردن لە کوردستاندا گەلێک گرنگە، ئێوە سەرنجبدەن، هەر لە سەرەتای دوومانگی رابردودا، نەخشو ڕۆڵی لیستی گۆڕان چ کاریگەریەکی لەو لیستانەی دیکە کردووە، بەتایبەت لیستی دووحیزبە دەسەڵاتدارەکە. شێوازی لیستەکەیان، پەلەپروزێ لە جێبەجێکردنی پرۆسەی خزمەتگوزاریدا بۆ هاوڵاتیان (وەکو ئەوەی هەموو کێشەکانی ئەم نیشتمانە هەر خزمەتگوزاریی بێت..!)

بێگومان ئەم هەڵبژاردنە نەک هەر گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیو مۆدێلی حکومڕانیدا دەکات، بەڵکو سەرەتای گۆڕینی ساختەکاریی حیزبو حکومەتو پەرلەمانو سەرجەم دامودەزگاکانێتی. نەخشەڕێژکردنی سیاسەتی هەرێم تائێستاش حیزب دایدەڕێژێت..واتە مەکتەبی سیاسی حیزب، بڕوامایە ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنەو ئەو پەیامەی لیستی گۆڕان کردویەتیە بەرنامەی کاری خۆی، دروست نینۆکی حیزب دەکات لەو شیوازەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی حیزبی لەهەموو ئۆرگانە حکومیەکاندا.. واتە دەسەڵاتی حیزبی شێوازێکی دیکەی دەبێت، کالترەدبێتەوە... ئەم گۆڕانە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی چیدی حیزب پەیوەندی نەبێت بە تەزکیەی هاوڵاتییانەوە بۆ دامەزراندن، وەک کارمەندێک، حیزبو مەکتەبە سیاسیەکان دەست نەخەنە بەرنامەو کاری زانکۆکانەوە، بەرپرسانی حیزبی بە دووربن لە کاری ڕێکخراوە پیشەییو وەرزشیەکان، سەرکەوتنی لیستی گۆڕان کاریگەری دەبێت کە حیزبی کوردیش بەو شێوازە سەلمێنراوەی لەهەموو جیهانی دیموکراتو پێشکەوتودا هەیە، نەخشەی سیاسی خۆی لە ئەجێندای ئەنجومەنی حوکمو حکومڕانیدا دابڕێژێت.

بەرەو گۆڕان: تا چەند پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا پێویستی بە گۆڕانەو گۆڕان دەتوانێت چ خزمەتێک بە مەسەلەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا بکات؟

– پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمی کوردستاندا، هێشتا نەبووەتە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لەهەموو بوارەکاندا بۆئەوەی دیموکراسی هەم ببێتە سیستێمێکی سەلمێنراو گونجاو بەکار بۆ حوکمڕانی. هاوکات دیموکراسی ببێتە فەرهەنگێکی ڕێزلێگیراوو کارپێکراو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، پێوستمان بەگۆڕانکاری هەیە لە سەرجەم بوارەکانی جڤاتیو یاسایی‌و حکومڕانیدا.. گۆڕانکاری لەشێوازی حوکم، لە دووبارە خوێندنەوەمان بۆ چەمکی دیموکراسی.

گۆڕانکاریو دژایەتی جدیمان بۆ گەندەڵیو سەپاندنی شەفافیەت لە بودجەو چۆنێتی پلاندانانی ئەوبودجەیە بۆ ئەم هەرێمە، ئەوانەو گەلێکی دیکە دروست پاڵپشتو خزمەتی زێدە مەزنن بۆ پرۆسەی دیمۆکراسی لەهەرێمەکەماندا.

پرۆفایل:

ئاراس وەلی مەحمود

پەیمانگای میللی لە بواری میدیا (فۆتۆگرافەری دۆکۆمێنتاری) و ئیکۆلۆجی (زانستی سروشتی) تەواوکردووە.

لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٤) پێشمەرگە بووە لە ریزەکانی پاسۆکداو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوحیزبە بووە تا ساڵانی (١٩٩٠).

لە ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٠) سەرقاڵی کاری ڕێکخراوەیی بووە لە کوردستاندا.

ڤیان عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا:

کاردەکەم بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنانی گوندنشین

سامان بەشارەتی

بەرەو گۆڕان: ئێوە وەک کاندیدێکی لیستی (گۆڕان) ئەگەر چوونە پەرلەمانی کوردستان، بەنیازن چی بۆ ژنان بکەن؟

* قسەکردن لەسەر کێشەی ژنو هەستکردن بە ئازارەکانی ژنو باوەڕهێنان بە مافەکانی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە، یەکەمین دەروازەیە بۆچارەسەرکردنی ئەم ڕەفتارو کردارە ناشرینانەی بەرامبەر ژن دەکرێت. بە بۆچوونی من دەبێت ژن خۆی ئەو ڕۆڵە بەرجەستە بکات واتە خۆی خەبات بکات هەتا مافەکان دەستەبەر دەکات نەوەک چاوەڕێی پیاو بکات هەتا مافەکانی بۆ دەسەلمێنێ، پێموایە پەرلەمان باشترین وێستگەیە بۆئەوەی ژن هەوڵەکانی بخاتە گەڕ هەتا ئەوەی کە خواستیەتی بەدیبهێنێت، مەسەلەی ژنان لە کوردستاندا پێویستی بەوەیە کە خەباتی زیاتری بۆبکرێت نەبوونی میکانیزمێک بۆدابەشکردنی سروشتی (ژن-پیاو) ڕێگر بووە لەبەردەم ئەم چەوساندنەوەیە، ئافرەتان مەحاڵە لە کۆمەڵگایەکدا ئازادبن کە پیاوەکان ژێردەستی دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتییە نادیموکراتییەکان بن. ئەوەی کە ئەمڕۆ ژن دەیەوێت بەدەستی بهێنێت (نەمانی دیاردەی فرەژنیو سەیرنەکردنی ژنە وەک کەسانێکی پلە دوو، گەڕانەوەی مافە مەدەنییو ئابووریەکانی ئافرەت، کارکردنو خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنانی گوندنشینو نەمانی دیاردەی گەورە بە بچوکو کێشەی کوشتنی ژنانو خۆسوتاندنیو مافی پاراستنی منداڵو هێڵی دایکایەتی لەم سەردەمەدا، چونکە لەم سەردەمەدا لافو گەزافی مەدەنیەت لێدەدرێت کەچی ڕۆژانە چەندین ڕووداو لەسەر کوشتی ژنان دەبیسترێت بەبیانوی جۆراوجۆر، بەبڕوای من ئەمانە هەمووی ئەولەویەتی کارکردنی ئێمە دەبن بۆپەرلەمان لەپێناوی ژنانی ستەمدیدەی گەلەکەمان .

بەرەو گۆڕان: لەکاتێکدا ڕێژەی ژنان لە لیستی گۆڕندا (سێ یەکە) ئێوە هەوڵدەدەن بەرنامەو ئەجێندایەکی تایبەت دابڕێژن بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژناندا؟

* بەڕای من هەروەک چۆن لیستی گۆڕان دەیەوێت گۆڕانکاری لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا بکات لە بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری... مەسەلەی ژنیش بێگومان بەدەرنییە لەو بەرنامەیەو هەڵگری ئەجێنداو بەرنامەیەکی نوێ دەبێتو لەپاڵ چاکسازیە تیوریو یاساییەکاندا بەکردەوە کاردەکرێت بۆگەڕاندنەوەی مافە مەدەنیو ئابووریەکان.

بەرەوگۆڕان: تۆ وەک ژنێک کە لە کاروباری شەهیدانو جینۆساید کارتکردووە، پێتوایە پێویستە چ گۆڕانێک بکرێت؟

* بواری کاری من تایبەتە بەکاروباری شەهیدانو جێنۆسایدکراوەکان بەبۆچوونی من ئەوەی ئێستا کەسوکاری شەهیدانو وەزارەتی شەهیدانی بەستووەتەوە بەیەکەوە تەنها ئەو بڕە پارەیەیە کە وەکو موچە وەریدەگرن، بەڵام من رایەکی پێچەوانەم هەیە کەپێویست بوو حکومەت بیری لەوە بکردایەتەوە بەو پارەیە پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورەی بکردایەتەوە هەر کەسوکاری شەهیدان خۆیان هەڵسوڕێنەری بونایە لەمکاتەدا هەم سەرمایەو دەستی کارمان دەبوو هەم کەسوکاری شەهیدانیش بە بەرهەمهێنەریو کارامە دەبوون، بۆیە پێویستە لە داهاتوودا ئاوڕ لەم بوارانە بدرێتەوە وەک کردنەوەی ناوەندی ڕاهێنانی دەروونی بۆ کەسوکاری شەهیدانو کیمیاباران‌و کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پیشەییو ناردنە دەرەوەی بریندارانی چەکی کیمیاویی.

پرۆفایل:

ڤیان عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا، لەدایکبووی (١٩٨١)ی ناوچەی پشدەر، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٢ - ٢٠٠٣ بەدەستهێناوە. لێپرسراوی بەشی شەهیدانی کیمیابارانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان لە سلێمانی.

یوسف محەمەد، مامۆستای کۆلێژی رامیاریی زانکۆی سلێمانی:

گۆڕان بەڕێوەیە، گۆڕانێکە بەرەو پێشەوە، ئەگەر نەگۆڕێین بەجێدەمێنین

سازدانی: بەرزان عەلی حەمە

جیاواز لەبیروبۆچوونی سۆزداریو کاریگەریی میدیاییەکانو تێڕوانینی سەرپێییانە، ئەو لەخوێندنەوەیەکی زانستییانەوە، پێیوایە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان پێویستی بەگۆڕان هەیەو ئەو گۆڕانەش بە زەرووەتـــی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو روئیای پیاوە سیاسییەکان دەزانێت لە ناوچەکەدا. یوسف محەمەد مامۆستا لەکۆلێژی رامیاریی زانکۆی سلێمانی، لەم چاوپێکەوتنەدا هەرلەسەرەتاوە بۆ دوا دێری قسەکانی، باس لەگرنگی گۆڕان دەکاتو لەدوا دێری ئەم چاوپێکەوتنەشدا بەیەقینێکەوە دەڵێت «گۆڕان بەڕێوەیە، گۆڕانێکە بەرەوپێشەوە، ئەگەر نەگۆڕێین بەجێدەمێنین».

*** مامۆستا بە بۆچوونی بەڕێزت ئەم هەڵبژاردنەی کە لەپێشمانە چی دەگۆڕێت، هەرەمی ئیداریی حکومەت یان فیکرو رووئیای مرۆڤەکان بەرامبەر بەو کەسانەی کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیە؟**

– زۆر سەختە ئێستا پێشبینی داهاتووبکەینو باسی ئـەوە بکەین کە گـۆڕان لەداهاتوودا چۆن دەبێت، بەڵام هێندە دەتوانین کە بڵێین بەهۆی ئەو هێزەی کە بەڕێوەیە، لەکوردستاندا جوڵەیەک دروستدەبێتو پەرلەمانێک دروستدەبێت کە پەرلەمانێکی گوێگر نییە، لانیکەم ئەو پەرلەمانە پەرلەمانێک دەبێت کە لەسەر زۆر شت هەڵدەداتێ، یان دەتوانین بڵێین هێزێکی سیاسی دروستدەبێت کە بەئاسانی دەستەمۆ ناکرێت، ئەم هێزە سیاسییە ئەگەر خۆشی بیەوێت دەستەمۆبێت، ئەو بانگەشانەی کە بەرزیکردوەتەوە نایەڵێت دەستەمۆبێت، چونکە وجودی ئەو هێزە سیاسییە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بانگەشەیە کە جیای دەکاتەوە لەهێزە سیاسییەکانی دیکەی مەیدانەکە، ئەم هێزەش کە دروستبوە سودی لە ژێرخانێکی دورودرێـژ بینیوە، رەنگە بەشێک لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵیان تیا بینیبێت، راگەیاندنی سەربەخۆ رۆڵی تیابینیوە، سلبیاتەکانی خودی دەسەڵات رۆڵـی تیا بینیوەو ..تـاد، ئێستا ئەم هێزە هاتووە دەیەوێت ئاراستەی ئەم رووئیایە بکات، بۆیە ئەم هێزەش دەبێت جوڵاوبێت لەپێناو مانەوەی خۆیدا، وەکو هێزەکانی دیکە نییە کە شەرعییەتیان لە هێزی چەکداریی‌و پارەو دەسەڵات وەرگرتووە.

*** واتە پێتوایە ئەم هێزە دەرهاویشتەی ئەو واقیعەیە کە هەرێمی کوردستانی تێدایە؟**

– ئەم هێزە ماوەیەکی دوورودرێـژە لەدروستبوونیایە، ئێستا ئەم هێزەی کە خـۆی بەشێکە بونیادی ئـەم ژێرخانە، دێـت ئاراستەی ئـەم ژێرخانە دەکـاتو بزوتنەوەیەکی سیاسی لێدروستدەکات، مانەوەی ئەم هێزەش بەندە بـەوەی کە بـەردەوام بێت لەسەر ئەو هۆکارانەی کە هێزی لێوەرگرتوە، ئەو ئەزمەیەی کە ئێستا یەکێتی تێدایە هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو سەرچاوەی شەرعیەتەی نەماوە کە لەکاتی دروستبوونیدا هەیبوو.

*** باسی ئەوەت کرد کە بزوتنەوەی گـۆڕان لەسەر بنەمای عەجولییەک دروستبوە، ئایا لـەدواڕۆژدا ئەگەر ئەم هێزە لە خواستی خەڵک لایـدا، گەل دەتوانێت سزای بدات؟**

– بەدڵنیاییەوە گەل دەبێت سزای هەموو لایەنێک بدات کە لەپرۆگرامو بەرنامەی خۆ لادەداتو ئەو بەڵێنانە جێبەجێ ناکات کە بەخەڵکی داوە، لانیکەم گەل دەتوانێت لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگی پێنەدات، ئەم هێزەی کە ئێستا دروستبوە تەماحی دەسەڵاتی هەیەو مافی خۆشیەتی، بەڵام تەنیا بەوە دەتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەدەستبهێنێت کە لەسەر ئەم شێوەیەی خۆی بمێنێتەوە لەپەرلەمانی داهاتووداو ئەو جموجوڵەی کە

ئێستا دروستیکردوە، بتوانێت زیاتر بەرەو پێشەوەی بەرێت، بەدڵنیاییشەوە زیاتر بەرەو پێشەوەی دەبات، بەڵام ئەگەر بوو بەکۆپییەک لە هێزەکانی دیکە، ئەوا خۆی مەحکوم دەکات بەفەشەل، وا پێشبینیدەکرێت کە ئەم هێزە کۆمەڵێک دەنگ بەدەستبهێنێت، ئێمە هەڵبژاردنی زۆرمـان لەپێشە، ئەم هێزەش لەئەنجامی ئەمانەدا بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە کە سنوری دەسەڵاتەکانی خۆی فـراوان بکاتو ئەمەش لەئەنجامی ئـەوەوە دەبێت کە بەو عەجولییەی خۆی بمێنێتەوە.

*** واتە، عەجولبوونی بزوتنەوەیەکی سیاسی هەیکەلی دیموکراسییانەی ئەو هێزە نیشاندەدات؟**

– بەدڵنیاییەوە دیموکراسی پێویستی بە عەجولی هەیە، پێویستی بەوەیە بەردەوام نەوەستیت، ئەزانی لەسیستمی دیموکراسیدا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان میکرۆسکۆبیان لەسەر دەسـەڵات دانـاوەو دەیانەوێت ئەو دەسەڵاتە بچوکترین هەڵە بکات بۆ ئـەوەی ئـەوان لێی گـەورە بکەن‌و خەڵکی پێ بێنە سەر شەقامەکان‌و فشار بۆ سەر دەسـەڵات دروستبکەن‌و خەڵکەکە بەلای خۆیدا رابکێشێت‌و لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەدەستبهێنێت‌و بچێتە سەر دەسەڵات.

*** واتە ئێستا هێزێک دروستبوە کە گەل ئەو هێزە بەهی خۆی دابنێت نەک ئەو هێزە گەل بەهی خۆی بزانێت؟ بەنمونە رووئیای هەردوو حیزبە باڵادەستەکەی ئێستا بەجۆرێکە کە سەرتاپای کوردستان هی ئەوانە!**

– مادام هێزێک لەسەر دەسەڵات نییەو پێویستی بە گەلە بۆ ئەوەی بیخاتە سەر دەسەڵات، کەواتە ئێستا گەل خاوەنی ئەم هێزەیە، بەڵام پێویستە گەل بەو خاوەندارییەی خۆی بمێنێتەوە.

*** مامۆستا ئەم جموجوڵەی کە ئێستا حکومەتی هەرێم هەیەتی، نەدەبوو هەر لەبنەڕەتەوە سلوکی دەسەڵات بەم چەشنە بێت؟ بۆچی ئێستا دەتوانێت بەم شێوەیە چالاک بێتو دوای هەڵبژاردن وا نامێنێت؟**

– ئەمە رێک لەسلوکی خوێندکاری تەمەڵ دەچێت کە تەنیا لەشەوی تاقیکردنەوەکاندا کۆشش دەکات، بەڕاستی ئەم هێزەش کە خانوو تاپۆدەکەن‌و عەرزە دەبەخشنەوەو جادە قیرتاو دەکەن لەو خوێندکارە تەمەڵە دەچن.

*** تۆ وەک پسپۆڕێکی سیاسی، ئایا لەجیهاندا نمونەی رژێمی لەم جۆرەمان هەیە؟ یان تاچەند بەم کارانەی هەڵاوسانی سیاسی‌و ئابووری‌و ئەخلاقی‌و کۆمەڵایەتی دروستکردوە؟**

– بەدڵنیاییەوە زەرەری داوە، لایەنە خزمەتگوزارییەکەی شتێکی تەندروستە، بەڵام پێویستە گەل وا لەدەسەڵات بکات کە بەردەوام سەعی بکات، ئەمەش بەوە دەبێت کە گەل هەمیشە هێلکەکانی خۆی نەکاتە سەبەتەیەکی دیاریی کراوەوە، با سەیری هێزەکانی دیکە بکات، ئەگەر ئەو کاتەی دەنگی پێدەدات لێی بێدەنگ نەبێت. لەدنیادا هەردەسەڵاتێک ئەو کاتەشی کە دەچێتە سەر دەسـەڵاتو کاتێک شتێک دەکات بەزیانی خەڵکو بەرژەوەندییەکانی گەل رەچاو ناکات، کاتێک کە بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ ناکات، گەل دێتە سەر دەسەڵاتو دەیڕوخێنێت.

*** واتە حکومەت کرێگرتەی گەلەو دەبێت گەل لەبەرامبەریدا بێدەنگ نەبێت؟**

– ئاخر تائێستا ئەم مانایە لەلای ئێمە نەچەسپاوە، گەل نابێت بەخشندە بێت بەرامبەر بەدەسەڵات، ئەسڵی فەلسەفەی دیموکراسی بریتییە لەوەی کە گەل خۆی دەسـەڵاتدارە، بەڵام هەڵبژاردن جیاوازە لە موبایەعەکردن، واتە بـەردەوام خەڵک بێتو بەیعەت تازە بکاتەوە بۆ دەستەڵاتێکی سیاسی، هەڵبژاردن واتە کۆمەڵێک شتت لەبەردەستدایەو خۆت هەڵیدەبژێریت.

*** مـن ئـەم پـرسـیـارەم زۆر دووبارەکردوەتەوەو حەزدەکەم لەتۆشی بپرسم، ئایا بۆچی کاتێک دەسەڵاتی کوردی کارێکی گەرچی پچوکیش بێت بکات، منەت بەسەر خەڵکیدا دەکاتو وادەزانێت لەکاسەی خۆی نانی ئەو خەڵکە دەدات؟**

– لەبەرئەوەی گەل هەست بە ئەرکو مافەکانیان ناکەن، لەبەرئەوەی هاوڵاتیان هەست بـەوە ناکەن کە خۆیان خاوەنی دەسـەڵاتـی راستەقینەن، لـەبـەرئـەوەی هاوڵاتیان لێپرسینەوە ناکەن بەرامبەر بـەدەسـەڵاتـی سیاسی، ئـەو کـاتـەی کە گەل بـەردەوام بەیعەت تازەدەکاتەوە بۆ دەستەڵاتێکی سیاسی، ئەمەش وادەکات ئەو دەسەڵاتە بێمنەت بێت بەرامبەر بە گەل، ئەو کاتەی کە خەڵک ناتوانێت بەباشترین شێوە نوێنەرەکانی خۆی هەڵبژێرێت، پەرلەمانێک دروسـتـدەبـێـت کـە دەسـەڵات دایـنـاوەو پەرلەمانتارانیش دەبنە نوێنەری دەسەڵات، وەک ئەم پەرلەمانەی هەرێمی کوردستان کە جێبەجێکەری پرۆژەی دەسەڵاتی سیاسین بەسەر گەلەوە، باشترین نمونەش تێپەڕاندنی دەستورە.

ئێستا خەریکە بەتەواوەتی هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، گەشەکردنی دیموکراسی دەبینین لەناوچەکانی دیکەی عێراق، من لەگەڵ ئەو موفەکیرو فەیلەسوفانەدا نیم کە رەخنە لـەوە دەگـرن بڵێیت لەعێراقدا دیموکراسی گەشەیکردووە، بەڕاستی من پێموایە دیموکراسیی لەخوارووی عێراقدا گەشەیکردووە، ئیتر ئەوە بەرژەوەندییەکانی ئەوە وادەکات دیدی بەرامبەر بەمن چۆن بێت، من گوێم لەسەرۆکی حکومەت بوو کە لـەدوای گەڕاندنەوەی لەسەفەرێکدا وتی ئەوەی لەکوردستان بڵاودەکرێتەوە کاریگەری دەبێت لەسەر سەنگو قورسایی هەرێمی کوردستان، ئەو چارەسەرەکەی وادەبینی کە میدیای کـوردی ئەو شتانە بڵاونەکاتەوە، میدیای کوردی بەرپرس نییە لەوەی تۆ ناشرینیت، بەڵکو خۆت ناشرینیت.

*** واتە دەتەوێت بڵێیت بەرپرسانی کـورد دەیـانـەوێـت میدیای کـوردی پەردەپۆشی کەموکورتییەکانیان بۆ بکات؟**

– پێموایە میدیای کـوردی بەرپرسە لەوەی کە ئەم سەنگە دادەبەزێت، لەکاتێکدا کـە ئێمە دیموکراسی نین‌و مافەکانی مرۆڤ بەتەواوەتی ناچەسپێنین‌و ئازادییە گشتییەکان سنوردار دەکەین‌و سانسۆر دەخەینە سەر ئازادییە رۆژنامەوانییەکان، رۆژنامەنووسێک ئاراستەی دادگا دەکەین کە راپۆرتەهەواڵێکی نێودەوڵەتی لەکوردستان بڵاوکردوەتەوە.

*** پێتوایە هۆکاری سەرەکیی زۆری نارەزایەتیی خەڵک لەم دەسەڵاتەی ئێستا چییە؟**

– دوو هـۆکـارە، یـەکـەمـیـان خزمەتگوزارییەکانە، ئەو کاتەی خەڵک کارەباکەی دەکوژێتەوە یەکسەر دەزانێت کێ بەرپرسیارە لەوەی کارەبای پێ نادات، دووەمیشیان نەبوونی دادپەروەرییە، ئـەو کـاتـەی کـە هـاوڵاتـیـیـەک مـالـە دراوسێکەی دەبینێت کە بەرپرسێکەو هەموو خزمەتگوزارییەکانی هەیەو ئەم نییەتی، یان لەماوەیەکی کەمدا ئەو ماڵە بەرپرسە دەتوانێت باڵەخانەکەی بباتە ئاسمان‌و ئەمیش خەریکە دەرواتە زێرابی باڵەخانەکانی ئەوەوە، ئەم نادادپەروەرییەش وادەکات کە خەڵک بەئاسانی هەست بەکەمو کورتییەکانی ئەم دەسەڵاتە سیاسییە بکات.

*** بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، یەکێتی‌و پارتی پەنایان بردوەتە بەر خوێنی شەهیدان‌و ئالای کوردستان‌و ناوی لیستەکەشیان بەناوی کوردستانییەوەیە، ئایا ئەو شتانە بەتەنیا مولکی ئەو دوو حیزبەن‌و لایەنەکانی دیکە لە مۆزەمبیقەوە هاتوون؟**

– بەڕاستی خوێنی شەهیدان مولکی نەتەوەیەو دەبێت بەپیرۆزی بهێڵرێتەوە، خوێنی شەهیدان مـەزادی سیاسی نییە، ئەمە سوکایەتیکردنە بەخوێنی شەهیدان کە تۆ بتەوێت بە خوێنی شەهیدان دەسەڵات بگریتە دەست، خەڵکی کوردستان هەمووی قوربانی دەستی ستەم بوە، مولکی نەتەوە بۆ مەزایەدەی سیاسی نییە، خوێنی شەهیدان‌و ئەو هەموو ماندووبوونە لەپێناوی ئەوەدا بوو کە دنیایەکی دادپەروەرانە دروست بکەین، نـەک من‌وتۆ مـوزایـەدەی پێوە بکەین‌و گیرفانەکانمانی پێ پربکەین، کاتێک لەکونفەیەکونێکدا بۆ کارەبا ١٨ ملیۆن دۆلار دیار نامێنێت‌و لێرەوە تەحویل دەکرێت بۆ بانکێکی بەریتانیا، من ناتوانم بەمە بڵێم دەستت خۆش بێت حکومەت، چونکە بزانە چەند کەس بەهۆی ئەمەوە دەولەمەند بوە.

*** هێنانی چەمکی نەتەوەو ئالای کوردستان‌و خوێنی شەهیدان‌و هتد مـەزایـەدەیـەکـی سیاسییە بەسەر لیستەکانی دیکەدا؟**

– بەڕاستی کۆمەڵێک شتی قەوارەی سیاسی‌و هەرێمی سیاسی ئیتر چی ناودەنێیت، پێویست دەکات نەهێنرێنە ناو مەزادەوە، بەڕاستی پێویست دەکات ئالای کوردستان‌و ناوی کوردستان نەهێنرێتە ناو پرۆپاگەندەی هەڵبژاردنەوە.

*** حەزدەکەم قسەیەکی تایبەتیش لەسەر لیستی گۆڕان بکەین، ئایا لیستی گـۆڕان بایی ئەوەندە دەبێت خەونی لەسەر بونیاد بنرێت؟**

– لیستی گۆڕان، بەو ستایلە تازەیەوە هاتوەو لەحیزبیبوون دەرچوەو لیستێکە بانگەشەی ئـەوە دەکـات کـە پـرۆژە کۆیکردوەتەوە، لیستێکە کە روئیایەکی خستوەتەروو بۆ چۆنێتیی باشترکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، لیستێکە کە یەکەم تاقیکردنەوەی بریتی بوو لە رەتکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە ئێمە هەستدەکەین ئیرادەیەکی سیاسی لەو پرۆژەیەدا هەبوە، لیستێکە کە لەداهاتوودا دەتوانێت بەشێک بێت لەگۆڕان، گۆڕان لەکوردستان پرۆسەیەکی شاملترو گشتگیرترەو پرۆسەیەکی بەرفراوانترە، لیستی گۆڕان بەشێکە لەو گۆڕانە، ئێمە پێویستمان بەوەیە دەستاودەستکردنی دەسـەڵات رووبـدات، خۆزگە پارتی‌و یەکێتیش بەلیستی جیاواز دابەزینایە.

*** واتـە لیستی گـۆڕان لێدانبوە لـەو پیرۆزییە دەسـتـکـردانـەی کە حیزبەکان بۆ شەرعییەتدان بەمانەوەو دەستەڵاتداریتیی خۆیان دروستیانکرد؟**

– بەشێکیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەشێک لە جەزابیەتی لیستی گۆڕانیش ئـەوەیـە کە حیزب نییەو پـرۆژە کۆی کـردوەتـەوە، پـرۆژەکـەش لەبنەڕەتەوە بریتییە لەگۆڕین‌و چارەسەرکردنی ئەو ئەزمە قولانەی کە ئەمڕۆ لەکوردستان هەن، پێموابێت ئەگەر دەسـەڵات بگرێتە دەست، یەکەم کار کە لیستی گۆڕان دەیکات بەرێخستنی پرۆسەی لێپرسینەوەیە لەهەرێمی کوردستاندا، ئەو لێپرسینەوەیە سەرەتا لەپەرلەمانەوە دەستپێدەکات، دوایی دەگوازرێتەوە بۆ وەزیـرو بەرەو خوارتر، بەدڵنیاییشەوە ئامانج نەهێشتنی گەندەلییە لەهەرێمی کوردستاندا، ئەگەر بەدوای ئەمەدا نەیەت ئەوا ئەو خەڵکانەی کـە دەنـگ بـەو لیستە دەدەن تووشی بێئومێدی دەبەن، بۆیە ئەم لیستە ناچارە ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکات کە بەخەڵکی داوە، ئەگەر لیستی گۆڕان ئەم بەڵێنانەش جێبەجێ نەکات، پێموایە نەک هەر زیان بەخۆی دەگەیەنێت‌و دەتوێتەوە، بەڵکو زیان دەگەیەنێت بەپرۆسەی گۆڕان لەهەرێمی کوردستاندا.

*** ئایا گۆڕان بەڕێوەیە؟**

– بەڵێ گۆڕان بەڕێوەیە، گۆڕانێکە بەرەو پێشەوە، ئەگەر نەگۆڕێین بەجێدەمێنین.

یەکەم تاقیکردنەوەی لیستی گۆڕان بریتییە لە رەتکردنەوەی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان، بەشێک لە جەزابیەتی ئەم لیستە ئەوەیە کە حیزب نییەو پرۆژە کۆیکردووەتەوە

لە سویسراو نەمساو بەریتانیاوە بۆ گۆپتەپە

مۆمی گۆڕان داگیرساوەو کۆتایی بە شەوەزەنگی دواکەوتوویی دەهێنرێت

دیار ئەحمەد مەجید

دەیان کادیری یەکێتی نیشتمانی لە نەمساو سویسراو بەریتانیا ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی جێدەهێڵنو مۆمی گۆڕان هەڵدەگیرسێنن تا کۆتایی بە دواکەوتوویی بهێنرێت، خەڵکی گۆپتەپەش داوا لە لیستی گۆڕان دەکەن ژوورە تاریکەکانی حکومەتو پەرلەمان روناک بکەنەوە، تا چیتر پارەی ئەو میللەتە نەدزرێتو کوردستان پێشبخرێت.

خەڵکی گوندی گۆپتەپە سەر بە ناحیەی ئاخجەلەر ریپیوانێکیان ئەنجامدا بەرەو شاری سلێمانی بۆ بەردەم بارەگای لیستی گۆڕان لە گەڕەکی باخان بۆ پیشاندانی پشتیوانی خۆیان بۆ لیستەکە.

دۆستانی لیستی گۆڕان لە گوندی گۆپتەپە باسی ئەوەیان کرد غەدری زۆریان لێکراوە لە ماوەی رابردووداو چەندەها بەڵێنی درۆیان پێدراوە.

گوندی گۆپتەپە خاوەنی (٢٠) شەهیدەو داواکارییان لە نەوشیروان مستەفاو لیستەکەی ئەوەیە کە هەوڵبدەن پەرلەمانو حکومەتی داهاتووی کوردستان هەموو کارەکانیان بەشەفافانە بەڕێوەبچێت تا میللەتی کورد لە دەست گەندەڵی رزگاری ببێت.

لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەک لە گەنجانی دانیشتوی بەریتانیا بەیاننامەیەکیان بۆ بەرەو گۆڕان ناردووەو تێیدا دەڵێن: «ئێمە وەک کۆمەڵێک گەنجی دانیشتوی شارەکانی (مانچستەر، میدڵزبرە، ئۆڵدهام، رۆچدێڵ، لیدس، بێرمەنگهامو لیڤەرپوڵ)، پشتیوانی مادیو مەعنەوی خۆمان بۆ لیستی گۆڕان دووپات دەکەینەوە، زۆر باشیش تێدەگەین کە دەسەلاتدارانی یەکێتیو پارتی بۆچی ئێمەیان لە مافی دەنگدان بێبەش کردو داواش دەکەین کە دانیشتوانی بەرێزی کوردستان دەنگبدەن بە لیستی گۆڕانو کۆتایی بە ئەزموونی پڕ کەموکورتی بێت».

هاوکات دەیان کادیری یەکێتی لە سویسراو نەمسا ریزی رێکخستنەکانی ئەو حیزبەیان جێهێشتو مۆمی گۆڕانیان داگیرساند، تا تاریکی هۆڵە داخراوو تاریکەکانی حیزبو حکومەتو پەرلەمان روناک بکەنەوە.

(٥٧)

گۆڕان بۆ؟

-١٠-

نەژاد جەلال

ساڵانێکە دەسەڵات دەیەوێت گەنجەکان بخەسێنێت، یان هەرنا ناچاربن وڵات بەجێبهێڵن، بەڵام ئەوەی لە هێزی گۆڕاندا مایەی دلخۆشییە گەنجان کارەکتەرێکی ئەکتیڤن تیایدا، بەشداریی سیاسیی بەرچاوی ئەوان ئومێدەکە مسۆگەرتر دەکات، چونکە گۆڕان مانای گەڕاندنەوەی بەها جوانەکانی ژیانە.

پەراوێزخستنی گەنجو نەدانی رۆڵ پێیانو بێئیرادەکردنیانو دورخستنەوەیان لە دروستکردنی بڕیار، هۆکارێک بوو بۆ ئیفلیج بوونی حوکمڕانی هەرێم.

دەسەڵاتدارانی کوردی پێیانوایە کورسیی دەسەڵات تاپۆی ئەوانەیە کە شۆڕشیانکردوە، چۆن گەنجەکان چانسی ئەوەیان نەبوە بچنە شاخ، ئاواش چانسیان نییە بگەنە دەسەڵات، هەربۆیە دەبێت بەردەستو خزمەتکاری ئەوان بن، ئەوانێک کە تێڕوانینیان بۆ حکومەت قەبەلیانەیەو گەلیش بە مێگەلو خزمەتکار دەبینن.

ماوەیەکە پیاوانی بە کورسی نوساوەوە قسەیەکی زۆر عەجایب فێربوون، لەچەند بۆنەیەکدا گوێبیستیان بوین دەڵێن: ئێمە کە راپەڕینمان کرد شەرعیەتی شۆڕشگێرانەمان هەبوو، دەمانتوانی حوکمێکی تۆتالیتاری بسەپێنین بەسەر گەلدا، بەڵام ئێمە ئیرادەمان دایەوە دەست گەلو دیموکراتیو هەڵبژاردنمان هەڵبژارد، چ سەیرە چ منەتێک بەسەر خەڵکدا دەکەن، وەک ئەوەی ئەوان بەتەنیا ئەم میللەتو خاکەیان رزگار کردبێت.

تکایە پێش ئاوابوونتان بفکرن، ئەگەر خەڵک نەبوایە ئێوە نە سەرکردە دەبوونو نە شۆڕشتان پێدەکراو نە راپەڕینیش ئێوە کردتان، ئەوە گوندنشینەکان بوون نانیان لە دەمی خۆیان دەگرتەوە دەیانکردە پارو بۆ دەمی ئێوە، هەر لەسەر هاوکاری کردنی ئێوە راگواستران، ماڵەکانیان روخێنرا، ئەنفالکران... هتد، ئێوەش وەفاتان بۆیان هەبوو! چ شەرمە! ئەوەش خەڵک بو کوڕی خۆی دەکردە قوربانی شۆڕش، سنگی خۆیان دەنایە بەر گوللەو سەرشۆڕیو کۆیلایەتیان قبوڵ نەدەکرد، دلنیابن ئێستاش لە ئێوەی قبوڵ ناکەن، ئەوە گەل بوو ئەم رۆژەی هێناوە، نەک ئێوە، خەڵک بوو راپەڕینی بڵێسەپێدا، ئەوانەی پێشمەرگەش بوون کوڕانی قارەمانو هەژار بوون، نەک کوڕو خزمەکانی ئێوە، بۆیە منەتکردنتان بەسەر خەڵکدا، جۆرێکە لە بێچاوو رویی، شەرمە نەک ئازایەتی.

پێویستە تێبگەن، هەرچۆن ئێوە تائێستاش خۆتان لە بالادا دەبینن و بەردەوامن لە چەواشەکاری، ئاواش خەڵک داوای گۆڕینتان دەکات.

ئەو تۆمەتەش باتڵ دەرچوو

نشینگەی تەوێڵە بیانوو بە پاڵێوراوێکی لیستی گۆڕان دەگرێت

هەستیار قادر

بە بیانووی تێپەڕاندنی بازگەیەک، بنکەی نشینگەی ناحیەی تەوێڵە داوایەکی یاسایی لەسەر پاڵێوراوێکی لیستی گۆڕان تۆماردەکاتو دادگای هەڵەبجەش بڕیاری بێتاوانی ئەو پاڵێوراوە دەدات.

بەبیانووی تێپەڕاندنی یەکێک لە بازگەکانی بنکەی نشینگەی ناحیەی تەوێڵە ئەو بنکەیە شکات لە فەهمی عەبدولقادر، پاڵێوراوی لیستی گۆڕان دەکات لەو ناوچەیەو رۆژی پێنجشەممەی رابردوو (٧/٢) لەلایەن بنکەی پۆلیسی تەوێڵەوە ئەو پاڵێوراوەی لیستی گۆڕان بانگهێشت دەکرێتو دواتر رەوانەی دادگای هەلبجە دەکرێتو لەدوای روونکردنەوەی بارودۆخەکە بە کەفالەتی (١٤٠) هەزار دینار ئازاد دەکرێت.

وەک فەهمی عەبدولقادر دەیگێڕێتەوە لە (٢٠٠٩/٦/٦)دا لە سەروبەندی راگەیاندنی ناوی پاڵێوراوانی لیستەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردسدتاندا لەگەڵ یەکێک لە هاورێکانیدا سەردانی باخچەیەکی سەرسنووریان کردووەو دوای گەڕانەوەیان لەلایەن بازگەیەکی بنکەی نشینگەی تەوێڵەوە رادەگیرێتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن بەتۆمەتی تێپەڕاندنی ئەو بازگەیەو لەو بارەیەوەشەوە پاڵێوراوەکەی لیستی گۆڕان وتی: «من خەڵکی تەوێڵەمو ماوەی (٨) ساڵیشە لەو ناحیەیە مامۆستامو هەموو خەڵکی ناوچەکە دەمناسنو هیچ کاتێک لەو بازگەیە رانەگیراوین، بەڵام ئەو رۆژەو لەکاتی گەڕانەوەمدا ئەفسەرێکی نشینگە بەناوی (ه .ک) کە لەهەمانکاتدا لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی یەکێتییە لە تەوێڵەیە خۆی کردووە بە شاهید بەسەرمەوە کە ئەو بازگەیەم تێپەڕاندووەو کاتێکیش یەکێک لە پۆلیسەکانی بازگەکەیان بانگکردووە بۆ شایەتیدان، وتویەتی کە رووداوەکە بەوشێوەیە نەبووە کە ئەفسەرەکە باسی کردووە.

فەهمی عەبدولقادر ئەو کارەی نشینگەی تەوێڵە بە کاردانەوەیەکی سیاسی لە قەڵەم دەدات بەمەبەستی ناوزراندنی لە ناوچەی هەورامانداکە وەک پاڵێوراوێکی لیستی گۆڕان کار بۆ کۆکردنەوەی دەنگی هاوڵاتیان دەکات.

ئێمەو ئەوانو جەماوەر

هەڵۆ ئەبوبەکر

ئێمە دەمانەوێت گۆڕان بکەینو ئەوان دەیانەوێت بمێننەوە، ئێمە بەچی دەیگۆڕینو ئەوان بەچی دەیانەوێت درێژە بە مانەوە بدەن، هێزی ئێمە جەماوەرەو هێزی ئەوان پارەو دەسەڵات، هێزی ئێمە بیروباوەڕە بەگۆڕانو دروستکردنی حکومەتێکی سیستماتیککراوو دوور لە دەسەڵاتی حیزب، هێزی ئەوان بۆ هێشتنەوەی حکومەتە لەژێر دەستی مەکتەبی سیاسیو فەرمانەکانی سەرۆکدا، جەماوەری گۆڕان بەپیر کاندیدەکانی لیستی گۆڕانەوە دەچنو هەروەک کاندیدەکانی لیستی گۆڕانیش چاو نەترسانە رووبەڕووی دەسەڵات دەبنەوە، ئەوان بەزۆر فەرمانبەرو هێزی پێشمەرگە دەبەن بۆ بانگەشە بۆ لیستەکەیان، ئێمە بە کۆمەکی جەماوەر کار بۆ گۆڕینی دەسەڵات دەکەین، ئەوان بەبێئاگاداری جەماوەر پارەو سەروەتو سامانی جەماوەر بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بەکاردەهێننو بە پارەی گیرفانی خۆیانی دەزانن، ئەوان سەروەریی هەرێمی کوردستان لە دەستووردا هەراج دەکەنو دیکتاتۆریەت بۆ کوردستان دروستدەکەن، ئێمە نا بۆ دەستورێکی دیکتاتۆری دەکەین، ئەوان لایەنگرانی گۆڕان نانبڕاو دەکەنو پۆستو پلەو پایەکانیان لێدەسەننەوە، کەچی جەماوەری گۆڕان رۆژبەرۆژ زیاتر دەبێت.

فۆتۆ: پشتیوان سەعدوڵڵا

چەندم دەدەنێ، ئەگەر دەنگتان پێبدەم..؟!

هیواکۆیی

جگە لە خزمەت نەکردن، جگە لە نایەکسانی، هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بۆهێشتنەوەی خۆیان لەدەسەڵاتو درێژەدان بەگەندەڵکاری، جۆرەپەتایەکی دیکەیان لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە کە بۆ چارەسەری، هێندەی بنبرکردنی گەندەڵکاری کارکردنی دەوێت.

لە هەژدە ساڵی رابردوودا، خەڵکی کوردستان دوای دەرکەوتنی راستییەکان، بەئاشکرا دەنگنەدانی خۆیان لە هەڵبژاردنەکان رادەگەیاند، لەبەرامبەردا بۆدۆزینەوەی رێگەچارەیەک تا دەنگی زۆرینە بەدەستبهێنن (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەیان بەهەلدەزانی، بەبێ گوێدانە چۆنێتیی داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە، لەدرێژەی تاوانکارییەکانیان، دەهاتنو لەبەرامبەر پێدانی بڕێک پارەو بڕێک لەبەلێنی جوان، بەڵام (بۆش) هەندێک لەخەڵکی برسیو رەشوڕوتیان پێهەڵدەخەڵەتاند، دەنگیان بۆخۆیان کۆدەکردەوە، بەبێ بوونی ئەم دەنگانەش کە دەکردران، هەردوولا دەیانتوانی بێکەموکووریی لەشوێنی دەسەڵاتیان بمێننەوە، بەڵام بۆئەوەی نارەسمی بوونی دەسەڵاتەکەیان لەبەرامبەر میدیا دەرەکییەکاندا بشارنەوەو قەرەباڵغیەک لەپرۆسەی دەنگدان دروستبکەن، ئەم هەڵمەتە نادروستو نایاساییانەیان دەگرتەبەر کە ئەویش کرینی دەنگی هاوڵاتییەکی نارازی بوو.

ئێستاش دوابەدوای سەرهەڵدانی لیستی گۆڕانو رۆژ لەدوای رۆژ بەچەماوەرتربوونی ئەم لیستە، خەڵکێکی توشبوو بەپەتای دەنگفرۆشتن، روو لەمو لەو دەکەن کە هەوادارانی لیستی گۆڕانن، پێیاندەڵێن (چەندم دەدەنێ دەنگتان بۆبدەم؟) ئێستاش لەم هەڵبژاردنەدا بەپێدانی کارتی مۆبایل بەکادیرانیان، دەیانەوێت خۆیان لەمەترسی لەدەستدانی دەسەڵات دووربخەنەوە.

ئەمەیە ئەوخزمەتەی یەکێتیو پارتی بۆ خەڵکیان کردوەو دەیکەن، ئەمەیە ئەو هەوڵانەی داویانەو دەیدەن بۆ کۆمەڵگای مەدەنیو دیموکراسی.

ئەگەر چەکی کیمیاوی خەڵکێکی زۆری بەدەستی دوژمن، بەهەڵوێستی دوژمنانە لێکردینە قوربانیو نەخۆشی خستن، یەکێتیو پارتی بەناوی خزمەتکردنو کوردایەتییەوە، چارەنووسی ئەم میللەتەیان خستوەتە مەترسییەوە، پەتای (خۆفرۆشی بێئگایی) یان بڵاوکردوەتەوە، کە سەرەتایەکە بۆ توانەوەو رێگاخۆشکردن بۆ هەر لایەنێکی بێگانە ئەگەر بیەوێت دەست لەکاری ئەم وڵاتە وەربداتو خەڵک بێ هەڵوێستبێت لەبەرامبەری، نموونەش سنوربەزاندنو تۆپبارانەکانی ئێرانو تورکیاو بێدەنگی خەڵکی کوردستانە، لەکاتێکدا لەبەهاری ٢٠٠٤دا دژ بە دەستتێوەردان ملیۆنونیوێک هاوڵاتی تەنیا لەشاری هەولێر رژانە سەرشەقام، چونکە سەرەتای رووخانی رژێمی بەعسبوو کەئومێدی گۆڕانی سیاسیو ئابووری لای خەڵک دروستکردبوو، بەمپێیەش ئینتیمای نیشتمانی گەڕابوەوە ناخی خەڵک، بەڵام دەسەڵاتی کوردی دوای دووجار ئازاد بوون، لەچێی هەوڵی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا، بوژاندنەوەی ڤایرۆسی (DNF٥٠)ی واتا دەنگفرۆشی لەناخی خەڵکدا بڵاوکردەوە.

ئاخر حیزبی خزمەتکار، لیستی شۆڕشگێر، چ باکی بەدەنگێکە کەبەپارە بفرۆشرێت؟!

دروشمی لیستی گۆڕان (دەنگم ویژدانمە نایفرۆشم)ە کە کاری بۆدەکرێت، بۆیە دەنگی پێدەدەم.

rojgar_koyi@yahoo.com

رووبەڕووبونەوەیەک لە قادر چاوشین کانی وەتمانییەوە

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێک لە سایتی چاودێر لە سەر ئەوەی کە کۆمەڵێک گەنجی گوندی کانی وەتمان سەردانی بەرپرسی ئەو مەکتەبەیان کردووەو دواتر لە لایەن کادیرێکی لیستی گۆڕان هەڕەشەیان لێکراوەو ناوی من هاتووە، بە پێویستم زانی ئەم رووبەڕووبونەوەیە بۆ رای گشتی بڵاوبکەمەوە .

سەردانی ئەو گەنجانەی کە چوون بۆ لای ئەو بەرپرسە کەسوکاری خۆمانن و خۆشحالین کە هەر کەسێک شتی خزمەتگوزاریی بۆ گوندی کانی وەتمان بکات. ئەوەی کە من هەڕەشەم لەوانە کردووە بە ناوی کادیرێکی لیستی گۆڕانەوە هیچ ئەسڵو ئەساسێکی نیەو هەڵبەستراوە بە ناوی منەوەو تەنانەت ئەو کەسانەشم نەبینیوەو ئەوە بە ناوی منەوە هەڵبەستراوە و بوختانە، بۆیە ئەوە بە درۆ دەخەمەوە.

رووبەڕووبونەوەیەک لە ئەنجومەنی گوندی حاجیتانەوە

رۆژی هەینی رێکەوتی (٢٠٠٩/٧/٣) تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەناوی گوندی (حاجیتان)و دەوروبەری بڵاویکردەوە کە پشتیوانی خۆیان بۆ لیستی کوردستانیی راگەیاندوە. ئێمە وەکو ئەنجومەنی گوندی (حاجیتان) رایدەگەیەنین کە هیچ کەسو لایەنو قەوارەیەکی سیاسی مافی ئەوەی نیە بەناوی دانیشتوانی گوندی حاجیتانو دەوروبەریەوە لێدوان بدات.

لەگەڵ رێزماندا

ئەنجومەنی گوندی حاجیتان

هێرش عەبدولکەریم

٢٠٠٩/٧/٤

نەریتی پۆستەر دڕاندن

ئارام عەلی سەعید

بەداخەوە هۆشیاریی هەڵبژاردن لای ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە وەکو پێویست رێز لە بنەما یاسایی و ئەخلاقییەکانی دیموکراسییەتو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بگیرێت، بەشێوەیەک کە تاک بەئاگا بێت لەوەی هەموو ئەو رێوڕەسمو مەراسیمانەی کە وەکو میکانیزمی هەڵبژاردنەکان دەگیرێنەبەر رێزیان لێبگیرێتو پرۆسەکەش بە هێمنانە بەڕێوەبچێت.

حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتو وڵاتی ئێمەو کوردستان بەتایبەتی زۆرترین پێشبڕکێو رکابەری ئەوە دەکەن کە بەرژەوەندیی پارتو رێکخراوە سیاسییەکانی خۆیان لە رێگای بەکارهێنانی جەماوەرەوە مسۆگەر بکەنو بە رقی سیاسیی یەکدی ببوغزێنن، بەڵام کەمترین هۆشیاریی دەدەنە لایەنگرو هەوادارەکانیان کە هەستی بەرامبەرەکانیان بریندار نەکەنو نەبنە مایەی پشێویی بۆ کەسانی دی.

حیزب وەکو مۆدێلێکی خۆرئاواییو هێنانی بۆ وڵاتانی لەمەڕ خۆمان مادام کراوەتە میکانیزم بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو گۆڕینی رژێمو فەرمانڕەواکانو رەهەندەکانی قەبوڵکراوە، پێویستە کۆی ئەو پێدراوو تیۆریانەی کە تاکی لەسەر پەروەردە دەکرێت لە ستراتیژییەتی حیزبیدا کاریگەری راستەوخۆ لەسەر جیهانبینیو بیرکردنەوەی ئەندامان دابنێت بە فۆرمێک کە بتوانرێت ئەو گۆڕانەی کە گرنگە لە نێو کۆمەڵگادا دروستی بکاتو بیهێنێتە دی، نەک تەنیا بە وەدیهاتنی خواستو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی لە هەموو ئەو مافانە بگەڕێت کە بۆ هەموان پێویستەو ئەو دێت پێشێلی دەکات.

لێرەوە دەگەینە ئەو بروایەی کە کۆمەڵێک رێوشوێن لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبایەتیدا هەیە زۆر بەکەمی لای ئێمە بەرجەستە دەبێت، یەکێک لەوانە لاوازی پەروەردەیی بە هۆشیارییەکی مۆدێرنانە بۆ دیدی حیزبایەتییە، ئەمەش وادەکات زۆرجار پەنا بۆ کۆمەڵێک نەریتی ناشارستانیو دوور لە پەروەردەی دروستو سوکایەتی بە پیرۆزییو کەسایەتیو دروشمو بانگەشەکانی یەکتر بکرێت لەلایەن کەسانێکی ناهۆشیارو بێئاگاوە لە سیاسەتی بانگەشەکردنو رکابەریو کارکردنی سەردەمییانە بۆ لیستو قەوارە سیاسییەکان، بەداخەوە زۆرترین ئەو پشکو سنوورشکێنییانەش لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە دەکرێن کە دامودەزگای بێشومارو هێزی پۆلیسو ئاسایشو دەسەڵاتەکانیان کۆنترۆلکردووە.

هۆکاری ئەمانەش لە دوو هۆ زیاتر تێناپەڕن:

یەکەمیان: وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد نا پەروەردەییو ناهۆشیارییو هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لای هەندێک لایەنی سیاسیی لە بەرامبەر ئەم پرۆسەیەدا کە پاراستنی لە بەرژەوەندیی هەمواندایەو پێدەچێت ئەمەش میراتی شەڕی نێوخۆییو خۆبەخۆیی ئەو لایەنانە بێت.

دووەمیان: هۆکاری ئەو رقە مێژینەیە کە حیزبە سیاسییەکان لە هەناوی کۆمەڵگادا چەند ساڵێکە چاندوویانەو تاکەکانیان لەسەر سرینەوەی یەکدیو سفرکردنەوەی بەرامبەر گۆشکردووە، سەرباری ئەزموونێکی نیوسەدە لە خەباتی سیاسییو هەژدە ساڵی حوکمرانیکردنی پرۆسەی سیاسییو پێکەوە ژیان لە جوگرافیایەکدا، لە دوای هەموو ئەمانە لافیتەو پۆستەراتو دروشمەکانی ئەو لیستو لایەنانە دەدرێنرێتو ژێرپێ دەخرێت کە دەیانەوێت مۆدێلێکی نوێ لە مومارەسەی سیاسییو گۆڕان لە ژینگەی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیاتی دەسەڵاتدا بکەن.

aramee_ali@yahoo.com

بەرەو گۆڕان

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە

لیستی گۆڕان بۆ رووماڵکردنی

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم دەریدەکات

ناونیشان

سلێمانی: پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە

٠٧٧٠٣٤٧٩٩٩٩ – ٠٧٧٠٣٤٤٩٩٩٩

هەولێر: تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

٠٧٥٠٤٥٦٦٢٧٦

دهۆک: بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک

پەیامو بەرنامەی سیاسیی

لیستی گۆڕان

پێویستە نوێنەرایەتییەکانی هەرێمو حکومەتی فیدراڵ بە کەسە لێهاتووەکانی دەرەوە موتوربە بکرێن، دوور لە لایەنگیریی و ئیعتباری سیاسیو خێزانیی بەرتەسک

ئەڵقەی یانزەیەم

٥. ١٤. کەرتی تەندروستی لە خزمەتی سامانی مرۆییدا:

بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان، دۆخی تەندروستی لە کوردستاندا دۆخێکی مەترسیدارەو تێکڕای تەمەن لەئاستێکی زۆر نزمدایە. تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بیمەی تەندروستی بۆ مرۆڤ دابین بکات بەجۆرێک لەکاتی نەخۆشیو قەیرانی تەندوستیی کتوپڕدا فریای ژیانی بکەوێتو ناچاری نەکات تەواوی ماڵو موڵکی خۆیو خێزانی هەڕاج بکات. ئەو یارمەتییەی کە هەندێکجار حزبو کەسە سیاسییەکان دەیدەنە نەخۆشو لێقەوماوەکان، یان رەوانەی دەرەوەی وڵاتیان دەکەن، زۆرجار لە پای لایەنگریی سیاسی، خزمایەتی، مەحسوبیەتو واستەکاریی دەبەخشرێت، زۆرجاریش کەسی لێقەوماو ناچار دەکات تا هەتایە چاوبەرەوژێری ئەو کەسو لایەنانە بێتو ژیانی خۆی وەک پاداشتێک ببینێت کە ئەوان پێیان بەخشیوەتەوە.

تا ئێستا روون نییە کەرتی تەندروستی لە کوردستاندا بەگوێرەی چ سیستمێکی کارگێڕی- ئابووریی کاردەکات، بەگوێرەی سیستمی کەرتی گشتی، یان کەرتی تایبەت، یان تێکەڵ؟ لەکاتێکدا حکومەت بودجەیەکی شیاوی بۆ کەرتی گشتیی تەندروستیی دابینکردووە کەچی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان ناچارن لەکاتی نەخۆشیو قەیرانی تەندروستیدا، بەپارەی تایبەتی خۆیان لە کلینیکی تایبەتو زۆرجاریش لە خەستەخانەی تایبەتدا یان لە دەرەوەی وڵات چارەسەر وەرگرن. حکومەت دەبێت بەسەرلەبەری ئەم سیستمەدا بچێتەوە، بەجۆرێک ئەو پارەیەی خەرج دەکرێت رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر باشکردنی تەندروستیی هاوڵاتیان هەبێت، لە کارگێڕیی پەتیو هێنانو بردنی بیرۆکراتیدا ون نەبێت.

٥. ١٤. ١. دامەزراندنی ژێرخانی کەرتێکی تەندروستی تۆکمە بەگوێرەی ستاندارد جیهانییەکان، بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دراوسێ. راپەڕاندنی ئەو پرۆژەیە لەماوەیەکی زەمەنیدا کە لە پێنج ساڵ تێپەڕ نەکات.

٥. ١٤. ٢. پێڕەوکردنی سیستمێکی نوێ بۆ تەندروستی، کە تەنها حکومەت پارە لە کەرتی گشتیی تەندروستیدا سەرف نەکات، بەڵکو بەگوێرەی پێویست خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کەرتی تایبەت بکڕێتو بێبەرامبەر یان بەرامبەر نرخێکی رەمزیی بیداتەوە بە هاوڵاتیان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی بژێوییان نزمەو دووچاری نەخۆشیی سەخت دەبنەوە.

٥. ١٤. ٣. بایەخدان بە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن وەک بەشێک لە کەرتی تەندروستیی گشتی، کە دەبێت بێبەرامبەر بەهانای هاوڵاتیانەوە بچن. دابەشکردنی شارە گەورەکان بەسەر چەند کەرتێکدا کە هەر کەرتەو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی تایبەتو ژمارەیەکی گونجاو ئۆتۆمبێلی ئەمبولانسی هەبێت.

٥. ١٤. ٤. چارەسەرکردنی قەیرانی بێرۆکراتیو پلەبەندیی لە نێوەندە تەندروستییەکاندا بەجۆرێک کەشێکی دادپەروەرانە لەناو نەخۆشخانەکاندا، لەنێوان پزیشکو بەرپرس، پزیشکو کارمەند، کادیری تەندروستیو نەخۆشدا بێتەئاراوە. لێپێچینەوەی یاسایی و دادوەریی لە هەر کەمتەرخەمیو تاوانێک کە دەرهەق بە ژیانو تەندروستیی هاوڵاتیان ئەنجامبدرێت.

٥. ١٤. ٥. بایەخدان بە پزیشکو کارمەندانی تەندروستی، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو پیشەییان، کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان لەناوخۆو دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. پێڕەوکردنی فێرکاریی پزیشکیی بەردەوام CME بۆ گشت پزیشکانو کارمەندانی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان.

٥. ١٤. ٦. رێگریی لە هەر پاوانکارییەکی کەرتی تەندروستی، چ لە ناو حکومەتو چ لەناو بازاردا. زەمینەسازیی بۆ نەوەی نوێی پزیشکو کارمەندانی تەندروستی تا بەشداریی لە بنیاتنانو خزمەتگوزرایی کەرتی تەندروستیدا بکەن.

٥. ١٤. ٧. دانانی پلانی زانستی بۆ کردنەوەی سەنتەری پزیشکیی لە پسپۆڕییە وردەکاندا لە شارە گەورەکانو لقی هاریکار لە شارۆچکەو ناوچە کەنارییەکاندا. گەشەدان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شارۆچکەو گوندو ناوچە دووردەستەکاندا، دابینکردنی ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس بۆ گەیاندنی نەخۆشیی ئەو ناوچانە بەسەنتەرە نزیکەکانی تەندروستی.

٥. ١٤. ٨. بایەخدانو هاندانی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەلایەن حکومەتەوە. دانانی دەستەیەکی پسپۆڕ بۆ سەرپەرشتیو چاودێریکردنی نەخۆشخانە ئەهلییەکانو بەخشینی پلەبەندیی پێیان بەگوێرەی ستانداردو پێوەرە جیهانییەکان. ئەو نەخۆشخانانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە پلەیەکی لاوازدا دەمێننەوە دادەخرێن.

٥. ١٤. ٩. پێڕەوکردنی سیستمی بیمەی تایبەت بۆ هەژارو لێقەوماو خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

٥. ١٤. ١٠. بایەخدان بە پزیشکیی کۆمەڵگە، چاودێریکردنی جۆری دەرمان، رۆشنبیریی تەندروستیو پرنسیپی خۆپاراستنی پێشوەخت لەسەر ئاستی تاکەکەسو کۆمەڵگە.

٥. ١٥. رەوەندی کوردستان لە هەندەران:

کوردستانیانی دەرەوەی هەرێم، لە وڵاتەکانی ئەورووپا، ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا، وڵاتانی دراوسێو کیشوەرەکانی تری جیهان، سامانێکی مرۆیی بەنرخی ئەم هەرێمەن، بەشێکی زۆریان هەڵگری ئەزموونی فیکریی، شارستانیی، تەکنیکیو لێهاتوویی زمانەوانیی ئەوتۆن کە دەکرێت خزمەتی گەورە بە هەرێمو ئەزموونی حوکمرانیو رۆشنبیرییو کۆمەڵگەی شارستانیی ناوخۆ بکەن. لیستی گۆڕان بڕوای وایە کە پێویستە هەموو کۆششێک بخرێتەگەڕ لەپێناو دروستکردنی پردی پەیوەندیی بەهێز لەنێوان حکومەتی هەرێمو رەوەندی هەندەران، دەبێت هەموو ئەو بڕیارو ئاکارە کۆمەڵایەتیو بیرۆکراتیانە هەڵبگیردرێن کە کۆسپ بۆ بەشداریی ئەوان لە بنیاتنانی وڵاتەکەیاندا دروستدەکەن. پێویستە نوێنەرایەتییەکانی هەرێمو حکومەتی فیدراڵ بە کەسە لێهاتووەکانی دەرەوە موتوربە بکرێن، دوور لە لایەنگیریی و ئیعتباری سیاسیو خێزانیی بەرتەسک. پێویستە کۆمەڵێک کەناڵی تایبەت دابمەزرێندرێن بۆ سوودوەرگرتن لە ئەزموونو شارەزایی زاناو رۆشنبیرو ئەکادیمیو تەکنیکارەکانی دەرەوە، زەمینەی مادییو مەعنەویی تەواویش بڕەخسێندرێت بۆ ئەوانەی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن، بەڕێزەوە لە وڵاتی خۆیاندا پێشوازییان لێبکرێتو لە حکومەتو کۆمەڵگەو زانکۆکاندا جێگەیان بکرێتەوە.

٥. ١٥. ١. پێداچوونەوە بە هەموو ئەو بڕیارو رێنماییو ئاکارە بیرۆکراتیانەی کە هاندەر نین بۆ بەشداری رەوەندی دەرەوە لە بواری رۆشنبیریی، سیاسیی، زانستیو تەکنۆکراتی لە حکومەتو دامودەزگاکانی هەرێمدا.

٥. ١٥. ٢. کرینەوەی هەموو ئەو وزەو توانا کوردییانەی کە لە زانکۆ جیهانییەکاندا، یان لە نەخۆشخانەو کۆمپانیاو شوێنە هەستیارەکاندا کاردەکەنو بەگەڕخستنیان لە حکومەتو دامودەزگاکانی هەرێمدا.

٥. ١٥. ٣. بایەخدان بە نەوەی دووەمی رەوەندی کوردستان، لەڕووی دروستکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیی لەگەڵیاندا و ئاشناکردنیان بە زمانو فەرهەنگو کەلەپوری ناوخۆ.

لە دوێنێدا خەبات و لەئەمڕۆدا گۆڕان

فەرهاد سەنگاوی:

بۆگۆڕان،
دەنگ بەلیستی گۆڕان
دەدەم



فۆتۆ: دانا سلێمان